بسم الله الرحمن الرحیم

بەرهەم

گۆڤاری ئەدەبی فەرهەنگی هونەری
ژمارە ۲ ساڵی ۱۳۸۹

سەروتار
وتار ۱
هایکۆ لە ژاپۆنەوە تاکوو کوردستان ـ لەیلا سالّحی ۳
چیرۆک وەک ئیقلیمێکی جیاواز ـ عەبدولقادر نیازی ۱۰
موکریان مەلّبەندی زمانی پەسەنی کوردی ـ عەلی قاسمی ۱۴
تێڕامانێک لە سەر ڕۆمانی نازی ـ جەلال پوورحەسەن ۱۹
وتووێژ
وتووێژ ـ ئا: هەرمان وەتمانی ۲۳
شێعر
چەند کورتە شێعر ـ سەلاح گوڵئەندامی ۲۸
... ـ ئارەزوو ئەحمەدی ۲۸
بۆ چاوەکانی وسوو ـ جەلال ئەحمەدی ۲۸
لە کورتە باخچەکانی من و... دا ـ شەویار گولابی ئازەر ۲۸
وەرزی خەم ـ هاجەر پەرویزنیا ۲۸
خەیاڵێک ـ سۆغرا ڕەزگەیی ۲۸
چەند کورتە شێعر ـ هەوار خزرزادە "شەڤگەش" ۲۹
تۆران ـ لەیلا شەمسەددینی ۲۹
هەزارە ئەشق و تەنیایی ماچ ـ قاسم تاباک ۲۹
تۆ نووستووی ـ سەحەر مێهرەبانی ۳۰
ژماردن ـ سەباح محەممەدی ۳۰
هەر هەتا دوێنێی میوان بووی ـ هەژار ئیوەر ۳۰
من و کانی ـ زانکۆ خەلیفە ۳۰
چیرۆک
ئەوەت هەموو کات لە بیر بێت ـ کوردستان گولابی ئازەر ۳۲
کارەساتە ئاساییەکان ـ هەژیر خالّەندی ۳۳
خەلّات ـ ڕەعنا شێخانی ۳۴
هێبەر ـ هیوا قارەمانی ۳۵
ئەمن درۆزنێکی مەزنم ـ مریەم قازی ۳۶
گۆڕەکان زۆر تەنگن ـ ئەمیر حەسەنپوور ۳۷
وێنە ـ شیرین ئەمینی ۳۸
گۆڕەوشار ـ فاتیمە سولّتانی ۳۹
دەنکەهەنار ـ فەوزیە یاهوو ۴۰
فریشتە و شمشاڵ ـ گوڵاڵە ستاوەند ۴۱
کارنامە ـ زەینەب بابایی ۴۱
فیلمنامە
دژە ژیان ـ ڕامان مەحموودی ۴۴
وەرگێڕان
سێ کاتژمێر،بیستودوو خولەک بۆ بەیانی ـ غەفوور پیرزادە ۴۷
شێعری چارڵز سیمیک ـ عەلی حسەینی ۵۰

لە ژێر چاوەدێری
هەرمان وەتمانی
هەوار خزرزادە
شەویار گولابی‌ئازەر

دەستەی نووسەران
ئەندامانی ئەنجومەنی
ئەدەبیی مەهاباد

بەرهەم گۆڤاریی ناوخۆیی ئەنجومەنی ئەدەبیی مەهاباد ئامادەی وەرگرتنی بەرهەم، پێشنیار و ڕەخنەکانی ئێوەی هێژایە.

www.edebi-meh.blogfa.com
e-mail:edebi.meh@gmail.com

papia
طراحی گرافیک، مونتاژ و لوگو
گروه طراحی انیمیشن و گرافیک
پاپیا. ساسان آقائی
www.papiastudio.ir
e-mail:designersasan@hotmail.com
2011



سەروتـار

دواییین دەستنووسێک کە دەمێنێتەوە

یەکێک لە گرینگترین تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگای ئینسانی نووسین دەرخستنی بڵاقۆکە؛ وتار، پەڕتووک و... هەموو ئەم بەرهەمانەن کە لە لایەن نووسەران و هونەرمەندانەوە بڵاو دەکرێنەوە ئەم نووسراوانەی کە دەچنە ژێر خانی ئەدەبیات، هەر ئەو بەشانەن کە ئاکامی کاردانەوەی پووداوەکان، وێنا و هێما و بەرهەستەکانی مرۆڤە لە ژێر کاریگەری دنیای دەوروبەری خۆی بە چەشنێک کە لە دوای ئەم پەنگدانەوەیە ئەوەی لە بەرهەمی ئەدەبی دەکەوێتەوە دنیایەکی بەربڵاوتر، قوواڵتر و جیاوازترە لەو شتەی کە لە جیهانی واقیعیدا هەیە و بەم چەشنە هزر و ئەندێشەی مرۆڤ دەکەوێتە ئاستێکی بەرزتر و ئەم تواناییە بە دەست دێنێ کە ئەو دیوی دیاردە شاراوە و نەدرکاوەکان هەست پێبکا و چێژ لەم ئەزموونە نوێیە وەربگرێ. نووسەران و ئەدیبان هەر ئەو کەسانەن کە ئەگەر بکرێ و مەجالیان هەبێ، دەتوانن لە داگیرساندنی ئەم گڵۆپەدا دەوری بنەڕەتی بگێڕن کە شارێگای شارستانییەت رووناکتر دادەگیرسێنێ.


ئازادی و ئیمکانی دەربڕینی ئەم بەرهەستانە، یەکێک لە گرینگترین پێداویستییەکانی ئەو بەشەیە کە ئەگەری سازبوونی ئەم جیهانە مەند و هەراوە پێکدێنێ. مەڵبەندی هزر و ئەندێشە بە درێژایی مێژوو پێشداهاتی هەموو ئاڵوگۆڕێک بووە، ئاڵوگۆڕێک کە ئەگەری مرۆڤی لە زەلکاوی ئەم کارەساتانە پێک هێناوە کە ئاکامی بیرکورتی و بەرتەسکی بۆچوونەکانی خۆی بووە.

ئەم مەڵبەندە هەر ئەم شوێنەیە کە لەودا نوێبوونەوە، عەقڵانییەت، ئینسانگەرایی، ڕەخنەگرتن، ڕەخنەوەرگرتن و لەبەر چاوگرتنی دێمۆکراسی و زۆر وردەخاڵی تر لەبەر چاو گیراوە و سەقامگیر بووە و بە هەمان ڕادە کە پێشکەوت و زانست ڕادەی تێبینی نووسەر و هونەرمەند بەربڵاو دەکا بە هەمان ڕادەش تێبینییەکانی نووسەران و هونەرمەندان لە تیژ تێڕەڕکردنی جموجۆڵەکانی چاکسازیدا دەوری هەیە.

لە مەڕ ئەرکی گرینگی هونەرمەندان و نووسەرانداً، دوکتۆر ڕەوین خانلەری دەڵێ: ((هونەرێک کە مرۆڤی دادخواز و جوانڕەسەند یارمەتی بدا بەردەوامە، بەڵام ئەم هونەرەی کە دەبێتە ئامرازی هاتوهاوار و ڕووپاگەندەی دەسەڵاتدارانی پاوانخواز لە سیستەمێکی داخراودا، مردنە و نابەردەوامە. ئەگەر هونەر بەم چەشنە تاریف بکرێ کە هێمای بە وێناکردنی ئاوات و داخوازەکانی مرۆڤە، پێویستە کە بابەتەکانی ئەو گشتی بێ و سەر بە کات و شوێنێکی دیاریکراو نەبێت)). هەروەها ویلیام فاکنێر لەم پێیەدا دەڵێ: ((مەبەستی هونەرمەند و نووسەر ئەوەیە کە بە ئامرازەکانی فەننی خۆی جموجۆڵ کە هەر هەمان ژیانە، لە شوێنێکدا ڕابگرێ بۆ ئەوەی سەد ساڵ دوایە کاتێک کەسێک لێی ورد بۆوە سەر لە نوێ کاریگەری لەسەر بکا و تووشی هەژانی ڕووحی بێت. لە سەر ئەوەڕا کە مرۆڤ مرندەیە تەنیا کارێکی کە دەتوانێ بیکا ئەوەیە کە بەرهەمێکی نەمر و هەرمان لە خۆی بە میرات بە جێ بهێڵێ و ئەم بەرهەمە بەم هۆیە بەردەوامە کە لە هەموو کاتدا لە هاتوچۆ دایە و بەم چەشنە هونەرمەند دەستنووسێک لەسەر دواین دیوارێک کە ڕۆژێک دەبێ تێپەڕی کا، دەنووسێتەوە کە بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ لە پاش خۆیدا، هەموو ڕێبوارێک کە بە تەنیشتیدا ڕۆیی، دەیخوێنێتەوە)).

مریەم قازی

هاوار ئەدەبی کێبڕکێ



وشمار



لەیلا سالّحی



عەبدولقادر نیازی



عەلی قاسمی



جەلال پوورحەسەن

هایکۆ لە ژاپۆنەوە تاکوو کوردستان
لەیلا سالّحی

لەم شێعرانەی تا ئێستا لە ژێر ناوی هایکۆ لە کوردستانِدا سەریان هەلّداوە بەشێکیان شێعرەکانی قوباد جەلیزادە و کالّێ گولابیئازەر ناسراو بە «شەویار»، دەگرێتەوە. ئێستا هەوڵ دەدەین تیشک بخەینە سەر هایکۆکانی ئەم شاعیرانە.

یەکەم ئەسڵی گرینگی هایکۆ کە زیاتر لە هەموو شتێک دەبێ پێداگری لە سەر بکرێت، ڕەچاوکردنی وەرزەوشە و تێم و تامی سرووشتییە، ڕەچاوکردنی تەکووزی حەڤدە برگەیی بۆ نووسینی هایکۆ بە سرنجدان بە تواناییەکان و پێوەرە زمانییەکانی لە دەرەوەی زمانی ژاپۆنی ناگونجێ و هەروەها هێنانەوەی «کیرەجی»یش بەم شێوەی کە لە زمانی ژاپۆنیدا هەیە لە زمانی فارسی یان کوردیدا هەرگیز ناکرێ. ئەویش بەم هۆیە کە خۆی دەبێتە هۆی پەرێشانی ماناکان و یەکجار بێجێیە، بەڵام ئەگەر بەڕاستی بمانهەوێ تا ئەو جێگەیەی دەکرێ هایکۆ بە مانا واقعییەکەی نزیک بکەینەوە، ڕەچاوکردنی وەرزەوشە و تێمی سرووشتی و کورتنووسین و چرکەییبوونی لە ڕادەی سێ دێڕدا تەنیا ڕێگەی گونجاوە. هەر چەند وێڕای ئەوەش تەنیا شێعرێکمان نووسیوە کە تا زیاترین ڕادە، گونجاو بە هایکۆ نزیک بۆتەوە، بەڵام ئەوە ئەسڵێکە، کە هایکۆنووسانی مۆدێرن هەموو لە سەری ڕێک کەوتوون. وێڕای ئەوەش وەرزەوشە لە زمانی ژاپۆنیدا وشەگەلێکی تایبەتن کە هەر لە کۆنەوە ئەم ناوەیان بووە و ئەگەر بمانهەوێ کۆمەڵە وشەیەک وەک وەرزەوشە هەڵبژێرین ئەوە زۆر سەلیقەیی دەبێ و بەدڵنیاییەوە دەبێ بڵێین لە لایەن هەندێ کەسەوە پەسەند دەکرێ و هەندێکی تریش پەسەندی ناکەن و ئاواش، هەرگیز نابێتە بڕیارێکی متمانەپێکراو، بەڵام لە هایکۆی غەیری ژاپۆنیشدا، دەبێ سرنج بدرێ کە لانیکەم هێنانەوەی وشەیەک کە نوێنەری وەرزێکی ساڵ بێ، بتوانێ تێمێکی سرووشتی بۆ خۆی دەستەبەر بکا و هەروەها هایکۆ دەبێ حەتمەن گۆشەنیگایەکی بە سرووشتی ئەو کاتەی کە تێیدا لە دایک دەبێ، هەبێت. بە شێوەیەک کە وشەیەکی تێدا بێ کە کلیلی هایکۆ بێ بۆ سرووشت. وشەگەلێکی وەک باران، بەفر، کانی، گەزیزە، سەهۆڵ، میوەکانی وەرزی، دارستان و مەزرا و... دەتوانن لەم جۆرە بن، ئێستا دوو نموونە لە هایکۆ بە وەرزەوشەوە:

کاتی شێوان / بڕوانە «هووشی زاکی» / باڵندەکانی باران دەخوێنن. «باشو»

کەوتە سەر ئاو / دۆڵچە دارینەکە / لە سەر شیناوی چەمی بەهاری. «ماسائۆ کاشیکی»

لە هایکۆی هەوەڵدا، باڵندەکانی باران دەبێتە وەرزەوشە و لە هایکۆی دووەمدا، چەمی بەهاری بە وەرزە دەناسرێ. بەم جۆرە و بە گوێرەی هەمووی ئەو بابەتانەی کە لە زمانی ژاپۆنیدا بە ناوی هایکۆ نێودێر کراون، هێنانەوەی ناوی وەرزەکان یان فاکتێک لەوان و دەربازبوونێک بۆ فەزای ئەم وەرزانە، شوێنێکی تایبەتی لە هایکۆدا هەیە، بەڵام لە کۆی ئەو ٨٨ کۆپلە شێعرەی کە لە لایەن «کالّێ گولابی ئازەر»ەوە بە ناوی هایکۆ کەوتوونەتە بەر دەست، تەنیا ٩ شێعریان تا ڕادەیەک وەرزەوشەیان هەیە و دەکرێ بوترێ تامووبۆنی سرووشتییان لەخۆ گرتووە کە بریتین لە هایکۆکانی ــ ٧، ١٧، ٢٢، ٢٥، ٢٧، ٢٨، ٣٠، ٤٣، ٦٦ــ کە دەکرێ بڵێین لە سەتا دوازدەی ئەم شێعرانە دەگرێتەوە. ئێستا چەند نموونە لەو نۆ هایکۆیە بە داکۆکیکردن لە سەر وەرزەوشەکانیانەوە دەهێنینەوە:

چ شێتانە / جووتێ پەنجەی لەرزۆک / چەترە شێتی زستانن.

لەم کۆپلەیەدا وشەی زستان دەکرێ وەرزەوشە بێت.

من و ڕەشەمە و حەسار / حەسار لە منِدا و / من لە تاریکی.

وشەی ڕەشەمە کە نیشاندەری کۆتایی ساڵ و سەرەتای ساڵی نوێیە، تەنانەت بە پێوەری ژاپۆنیش وەرزەوشەیە و ئەم کۆپلەیە زیاتر لەوانی تر لە هایکۆ نزیکە.

لە بەرزترین نیگاکانی باران / چەترێک / هەوری زاماند.

وشەی باران لەم کۆپلەیەدا تەواو تامی سرووشت زیندوو دەکاتەوە.

ئێستا هەر بەم پێیە تیشکێک دەخەینە سەر هایکۆکانی قوباد جەلیزادە کە وەرزەوشەیان تێدا بەدی دەکرێ:

باران دڵی شکاوە لە زەوی / کێ ئاشتی دەکاتەوە.

وەختی زاوزێکردنی درەختەکانە / سبەینان / جریوە جریوی ڕووتی.

جگە لە پاییز / کەس لە پەنجەرەوە دیار نییە

بەفر بە شاباڵی خۆر / سەفەری کردو / بەسەر پشتی ئەسپی زستانیشدا / گەڕایەوە

وشەکانی باران، زاوزێکردنی درەختەکان، پاییز و بەفر، دەکرێ وەک وەرزەوشە لە قەڵەم بدرێن.
یەکێکی تر لە پێوەرەکانی هایکۆنووسین ئەمەیە کە ئەم وێنەیەی کە شاعیر بە تەواوی هەستی خۆی، لە قالبی وشەدا دەینوێنێ، دەبێ بە بێئەوەیکە هزراوی و بە ئاوەز بۆڕۆ نەکرابێت، بەردەنگەکەی خۆی بخاتە دنیا و ئامادەبوونێکی تۆخەوە بە بێئەوەیکە ماکەکانی هزر و ئاوەز و ئەندێشە دەسکاری کردبێت و ئەگەریش هەبێت، دەبێ وەها تێکەڵ بە دنیای شاعیرانە بووبێت کە بە هیچ لێکدانەوە و گێڕانەوەیەک نەکرێ لێک هەڵاواردرێن. هایکۆ بە سانایی شتێکمان پێشان دەدا کە پێشتر دەمانزانی بە بێئەوەیکە بزانین دەزانین، بێجگە لەوەش ئێمە دەگەینێتە ئەو راستییە کە هەتا بژین ئەوە شاعیرین.
تاقگەیەکی زۆڵاڵ / هێرەمی کاژەکان / دەکەونە شەپۆلە وردەکانەوە.
«باشو»
لەم شێعرەدا وێنەیەکی سادە و زۆڵاڵ خراوەتە بەرچاو و گیانی شاعیر تەنیا گیانی پێدەبەخشی، بەڵام بە دووڕە لە بیرکردنەوە و ئەندێشە و بەتەواوی نیان و ساکارە.
ئاخ گیایەکانی هاوینی / تەنیا شتێ بەجێ ماوە / لە خەیاڵی جەنگاوەران
«باشو»
باشو ئەو شێعرەی لە «تاکاداتێ» نووسیوە کە زەمانێک گۆڕەپانی شەڕی دوو سەرکردەی ژاپۆنی بوو کە یەکێک لەوان پاش کوشتنی ژن و منداڵەکەی لە ترسی تێکشکان، دلێرانە دەکوژرێت. لەم هایکۆیەدا وێنەی ئەم جەنگاوەرە زۆر سادە و شاعیرانە خۆی دەرخستووە.
پێویستی هایکۆ وردەکاری و هزراوی و قوواڵبوونەوە نییە، هایکۆ لە سازکردنی هەر جۆرە واتایەک دەرباز دەبێ، هایکۆیەک کە ڕوو بکاتە ئەوانە، زۆر زوو لێدەکەوێ و زەربە دەبینێ و لە گوێ دەچێ. کەوابوو هەوڵی هایکۆ بۆ ئەمەیە کە شیاوترین وێنەکان بە دەستەوە بدا تا بەردەنگ بتوانێ وێنای ڕەسەن و تا ڕادەی گونجاو و بە شێوەیەکی زیندوو وەبیر بێنێتەوە، وێنەگەلێک کە بەم جۆرە لە هایکۆدا ڕیز دەبن ڕەنگە هەرگیز نەفامێنرێن لە لایەن ئەو گیانانەی وا بۆ تێگەیشتن لەوان بار نەهێنراون:
هەورە بریشقەی ئێوارەی هاوین / شارۆچکە بچووکەکە / دەشواتەوە، تێدەپەڕێ
«ماستوسو سێسێ»
ئەمەی کە لەم هایکۆیەدا وێنا دەبێ شارۆچکەیەکی بچووکە کە بە بارانی هاوینی تەڕ دەبێ، وێنەیەکی زۆر بچووک کە ڕەنگە ئێمەش زۆر جاران لەگەڵی ڕووبەڕوو ببووبێتینەوە، بەڵام هەرگیز نیگایەکی ئاوا ناسک و عاتیفیمان بۆی نەبووبێت.
بەڵام لە شێعرەکانی «شەویار»دا وێنەکان بیر لێکراوەن و هزراوین:
من و ئەو / دەنگی بێکۆتایین / لە پەنجەرەی یاخییەوە
وێنەکە شوبهاندنێکی تەواوە کە زەینی شاعیر بۆ ئافراندنی ئەو بەتەواوی یاریدەی کردووە و بە هیچ شێوەیەک وێنەیەکی ساکار نییە.
من و / نیشانەکانی ئازار / گەشەی خەونێکی بێغوسڵین
وێڕای ئەوەیکە ئەم کۆپلەیە ڕەنگدانەوەی سرووشتی تێدا بەدی ناکرێ وێنەکارییەکەشی شاعیرانەیە و ئەو وێنە هایکۆ شێوەیە نێ کە باسمان کردووە و شاعیر بەتەواوی یاریدەی لە زەینی وەرگرتووە و شێعرەکەش هەرگیز ساتێکی بە قەرز وەرگیراو لە سرووشت نییە.
لە ترازانی دوگمەکان / فێنکتر خۆی دەنووسێ / «حەیا»
ئەم کۆپلەیەش هەر وەک کۆپلەکەی پێشوو بێجگە لە کورتبوون هیچ کام لە تایبەتمەندییەکانی هایکۆی نییە و کورتبوونەکەشی هۆکاری تەواو نییە بۆ وەیکە بە هایکۆی بزانین. وێنەی ئەم کۆپلەیە حەیایە کە بە ترازانی دوگمەکان خۆی بەیان دەکا کە وا بوو بەتەواوی بیر لێکراوەیە.
بەڵام لەو هایکۆیەدا:
ژەنگی نارنجینەکان / دەدزێ باران / لە باخەڵی بەهار
ئەم هایکۆیە هەم ڕەنگ و بۆنی سرووشتی هەیە و هەم وێنەکەی بۆ بەردەنگ ئاشنایە و باری عاتیفێکەی بۆ بەردەنگ بەتەواوەتی دەخولقێتەوە.
ئەم وێنەیە تا ڕادەیەکی یەکجار زۆر لە هایکۆ نزیک بۆتەوە.
ئێستا دەڕوانینە ئەم هایکۆیەی قوباد:
خودا بانگم دەکات ناوێرم بچم / بەرماڵەکەم لە مەیخانە / جێهێشتووە.
ئەم کۆپلەیە سرووشتی هەر لێ دیار نییە بێجگە لەوەش تەواو تێکەڵ بە فەلسەفەیە، کەوابوو ناشێ ناوی هایکۆی لێبنێین. یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی هایکۆ کە لە لای ژاپۆن بە «وابی» بە ناوبانگە، هەژاری و نەداری و تەنیاییە و ئەوەش ئەم شتەیە کە تایبەتمەندی هەموو

فەرهەنگی ژاپۆنییە کە خۆی ڕەنگدانەوەی ڕووحی «زێن»ەە.
هەموو ئایینێک پشتیوانی لە هەژاری و بێتەماحی دەکەن و زێنیش هەر وایە. تا ئەو کاتەی دڵمان بە شتێکەوە بەستراوەتەوە، تا ئەو دەمەی فیکری مااڵ و سامان داگیری کردووین دڵمان ناتوانێ ڕەها بێت کەوابوو هایکۆش لە زێن لە ناخیدا تڕپەی دێ، نابێ لێوڕێژ لە ئەندێشە و فیکر و شوبهاندنەکان و تەمسیلەکانی بێت. هایکۆ خۆی تەنیاییە و هەڵبەت هەژاری زێن و هایکۆش بە واتای هەژاری لە باری ئابووری یان بە مانای کۆمەڵایەتییەکەی نییە، بەڵکوو مەبەست ئەو مانا فەلسەفییەیە کە لە عیرفانی ئیسلامیدا بە (خڵوە کڵی) نێودێر کراوە و لە ڕاستیدا یان ڕەهابوون لە هەموو شتێک.
کۆچەرییەک / لێگەڕێ با وام پێبڵێن / لەم هەورەتریشقە پاییزیەدا
وێنەی شاعیرێکی ڕەهایە لە نێوان ڕێژنەبارانی پاییزیدا بە دوور لە هەموو شتێک.
یان:
ئەم بەهارە لە کۆخەکەمدا / هیچ شتێک نییە / هەموو شتێک هەیە
«سودو»
لە هایکۆدا هەستی ڕاستەقینەی ناخی شاعیر بە بێهیچ گەاڵاڵەیەکی دەستکرد و هەروەها بە بێدەسکاری ئاوەز و بە بێئەوەیکە بە هیوای شوێندانان بێت، دەبێ بەیان بکرێ، دەبێت هەست لە لێکۆڵینەوە لە واتاکاندا خۆ ببوێرێ و بەم جۆرە هایکۆ دەبێتە بەرهەمی دنیا، نە وەک ئاوەز. لە ڕاستیدا ئەو ئیشراقە ساتییەیە کە ئێمە لەوێدا دەڕوانینە ژیانی شتەکان. لە ڕاستیدا هایکۆ شتێکە لە ئەوپەڕی شێعر و لەو چڕترە و شوێنێکە بۆ گەڕانەوە بەرەو سرووشت. گەڕانەوەیە بۆ جەوهەری شتەکان کە هەمان ئاواهی (ئاوەسایی، وەسایی) بوونی شتەکانە. ئێستا بڕوانینە ئەم کۆپلەیەی شەویار:
کچن و هەنیسکێک دۆڕاو / قێز قێز / ژانە شەرمێک دەخۆنەوە
شانۆکە لە سرووشت وەرنەگیراوە و وێنەکەش بە تەواوی دەسکردە؛ یان ئەو نموونەیە هەر لەو شاعیرە:
چاون / سەگتر لە گورگ / دەڕواننە بزەی جووتێک سێوی کاڵ
لەم کۆپلەیەدا جووتێک چاوی بەتەماح بە وێنەی گورگ کە دەڕواننە دوو سێو، لەگەڵ سرووشت تێکەڵ دەبێ و ڕووحێکی زاڵمانە ڕەسم دەکا کە بەتەمای داگیرکردنی بەشێکە لە سرووشت. لە هایکۆدا هیچ شتێک ناڕخێندرێ و هیچ شتێک لە سەرەوەی ئەوی تر نییە، یان دڕ نییە و هەموو شتێک لە چوارچێوەی هایکۆدا تەریبن، بەاڵم لەو شێعرەدا ئاوا نییە.
باشو قوتابییەکانی ئامۆژگاری دەکات کە بۆ هۆنینەوەی هایکۆ، دەبێ منااڵ ببنەوە و ئەم ئامۆژگارییە بەو مانایەیە کە هایکۆ بەرهەمی پاکی و سەداقەتێکی منااڵنەیە بە بێهیچ پێچوپەنایەک، وامان بار دێنێ کە ژیان و شتەکان ئەو جۆرەی هەن جوانن نە وەک بۆ هەموو شتێک یۆتۆپیایەک هەبێ. کەچی لەو کۆپلەیەی قوباد جەلیزادەدا کە لە ژێر ناوی هایکۆ چاپ کراوە ژیان هەرگیز جوان نییە:
شەڕ / مێزی کردە کووپەکانی / ئومێد.
یان لەوەی تریاندا:
شەڕ / لە ناو لانکی منداڵەکانماندا / نووست.
لێرەدا مەبەستەکە ئەوە نییە کە ئێمە ئەو چاوەڕوانییەمان لە شاعیر هەبێ کە ئەو شەڕەی تەواوی مێژووی وڵاتی قوبادی گرتۆتەوە ستایش بکرێ، بەڵکوو لێرەدا ئێمە پێمان وایە ئەم کۆپلەیە ئەو تایبەتمەندییانەی هایکۆی نییە چونکە لە فیزیکی هایکۆدا هەموو ماکەکانی سرووشت بە یەک ڕادە بەشیان هەیە، بە بێئەوەیکە ناحەزییەکانیان دەست نیشان بکرێ. ئێستا لەو شێعرەی «شەویار»دا:
سا بچێژە / نیشانەکانی ئازار / تاوان لە کێلگەبوونمانە
شاعیر گلەیی دەکات لەو ئازار و دەردانەی لە ژیانەوە و لە کۆمەڵگاوە هەڵدەقوڵێن و هەست بە تاوانباربوونی، ئەوی سیس کردووە.
یان: دایکم دەڵێ: تابڵۆی ڕووسپیەتی / کچ لەچکە و / لەچکە بەرمااڵ. هەر چەند شاعیر گلەیی خۆی لە فەرهەنگی زاڵ و کۆمەڵگای لێرەدا باس نەکردووە، بەاڵم ئەم کۆپلەیە زیاتر بە گوێدا چڕپاندنی بەشی ناحەزی فەرهەنگە نەوەک دیمەنێک لە ڕووحی هایکۆ.
ئێستا لەو شێعرەدا:
من / کچەکەی گۆرانی شەڤڕەشی دایکم و / تاقڕانی.
شاعیر نەیتوانیوە منااڵنێکی سادق بێت و ئەو چاوی لە ژیانێکی تڕە و بە ئەندێشەیەکی ڕەها چاوەڕێی یۆتۆپیایە. لە هایکۆدا نیشانە و سەمبۆل و ئاماژەکردنی نیهانی ئامادە نابێ و کاتێکیش ماناکەی کرایەوە ئیتر بەردەنگ تێگەیشتووە، یەکدەنگ و

ڕوون و یەک مانایە و بەردەنگ پاش خوێندنەوەی کاری تەواوە و خاترجەمە لە تێگەیشتن. بێجگە لەوەش هایکۆ لەگەڵ تەمسیل جیاوازە. لە تەمسیلدا تەسەوری ڕاستی و ناڕاستی پێکەوە دێنە زەینی بەردەنگەوە. بۆ وێنە لەم کۆپلەیەی قوباد جەلیزادەدا:

خۆر تەقە لە بەفر دەکا / بەفر بە زامداری / بە شەلەشەل / پەنا دەباتەوە بەر شاخ.

مانای ڕاستی ئەوەیە کە خۆر هەڵاتووە و بەفریش وردەوردە هەتا کوێستان دەتوێتەوە. جوانکاری کەسایەتیبەخشین واتە شتێکی بێگیان بە گیاندار شوبهاندن (لێرەدا خۆر چەکدارە و بەفریش مرۆڤێکی شەل) کامڵ دەبێ. ئێستا بڕوانە ئەو هایکۆیەی «شەویار»:

گەر داوێن پچڕا / تەرەکی شەماڵ ــ / زریان...! زریان لەبەرچوو!

(تەرەکین) تایبەتی سەگ و پشیلەیە کە لێرەدا بەخشراوەتە شەماڵ و(لەبەرچوون) تایبەتمەندی مرۆڤە کە دراوەتە زریان کە تەواو جوانکاری کراوە. بەڵام بڕوانە ئەم هایکۆیانە:

ماسیەکانی قزڵئالا / دوو بەش بوون و / خویان بۆ حەوا هەڵاویشت

«ماسائۆ کاشیکی»

زەنگوڵەکان بە یاریکردن / تریفە / بڵاو دەکەنەوە

«ئۆگیوارا ای سن سویی»

سی هەزار هایکۆی / لە خۆ گرتووە / دوو خورمالوو

«ماسائۆکاشیکی»

وێنەکان هەتا بڵێی سادە و ساکارن و بە بێهیچ ئاماژە و نیشانە و مانای حەشاردراوە بەیان کراون؛ پێکهاتەی زمانی هایکۆ نابێ بکرێتە پانتایەک بۆ قسە زانینی شاعیرانە چونکە یەکجاریش کورتە. شاعیر مەودای نییە بۆ خۆنواندن و پێکهێنانی وێنەی دەسکرد. تایبەتمەندی شتەکانیش نابێ هێندە بەرچاو بن چونکە هێنانەوەی تایبەتمەندی لە شێعردا دەبێتە هۆی بەستنەوەی زەینی بەردەنگ، وێنە لە هایکۆدا لەگەڵ وێنە و تەسویری ناتۆرالیستی لە ئەدەبیاتی ڕۆژئاوادا جیاوازە یان وەک وێنە و جوانکارییەکانی مەنووچێهری لە شێعری فارسیدا نییە، چونکە هۆنەرانی هایکۆ نیگایان لە چاوی «زێن»دا هەوێن دەگرێ و لە بەر ئەمەش خۆ بە کەمگرتر لە وەن کە بیانهەوێ شتێکمان فێر کەن یان ڕادەی شاعیرێتی خۆیانمان بۆ بنوێنن. ئەوان لە ڕاستیدا ئەو هایکۆیە دەڕژین و ئەو وشانەی بۆ هایکۆی بە کار دێنن نابێ نیگایەکی بایخدارانەی و دەسکردانە بە شێعر بدا، بۆ وێنە لەم کۆپلەیەی سەید عەلی سالحی دا:

لە بارینی مانگدا / ئەوە تەنیا منم و / ئەم پەردە چێویە شکاوە.

ڕێکەوەندی «بارینی مانگ» یەکجار جوانە بەڵام دەسکردە و بەقەد هایکۆ سادە نییە.

ئێستا لەم کۆپلەیەی شەویار گۆلابی ئازەر دا:

سرتەی عەشق / دڵێک تابلۆ دەکا / بە فۆنتی ڕۆمانتیک

شاعیر لێرەدا سێ دێڕی نووسیوە بەڵام بەم پێیەش سێ پانتای کردۆتەوە کە لە دێڕی هەوەڵدا عەشق پێوەندی هەیە بە لایەنی فەنتازیا و خەیاڵی ئینسانەوە، قەلب بەشی فیزیکی مرۆڤە و فۆنت ئامرازی نووسین و تایپە لە جیهانی تێکنۆلۆژیدا. شاعیر بە سێ دێڕ لە سێ پانتاوە قسە دەکات، بەڵام کاری هایکۆ ئەوەیە تەنیا بەشێکی سرک لە سروشت داگیر دەکات.

بە ملّە هات / بۆ لای ئەوانی تر / بێچووە ڕەقە

«تاکانوسووجوو»

هەڕێمێکی سادە و وێناکردنی بەشێکی سروشت کە یەکجار ناسکە، بەڵام شایانی هەستپێکردن.

من و گوڵە داوودیە سپییەکان / لە حەساری پڕ تریفەدا / دەردەکەین.

تەنیا وێنەیەکی ڕوون و دیسانیش هەر بەشێک لە سروشت.

پێشتریش کوتمان هایکۆ شێعرێکە کە وشەکان بە دوور لە نەفرەت و ڕق و کینە لە جێی خۆیان دادەنیشن:

کێچەکان، ئەسپێکان / لە لای سەرینەکەم / چۆتە سەر پێشاو

«باشو»

«بڵایت» ئەدیبی ڕۆژئاوایی پێی وایە کە دەبێ هایکۆکانی باشو بە گیانێکی ئارامەوە بخوێندرێتەوە. ئەگەر لەم گیانەدا پێشتر هەستی بێزاری و نەفرەت ڕەخنەی کردبێ ئەوە مەبەستی شاعیر نافامێندرێ کێچەکان بوونەوەرێکی خراپ و ئەسپێکان پیسن و هەستێکی ناخۆش لە لای مرۆڤ دروست دەکەن، بەڵام لێرەدا تەواوی هەستی کە بۆ وێنە مێزکردن و شەڕاب و ئەسپێ و پەپوولە لە شوێنی دیاری و پێویستی خۆیان

دادەنیشن. لە هایکۆدا دەبێ دوو خاڵمان لەبەر چاو بێ: یەکیان ئەو هەستیاربوونە ژاپۆنییەیە بۆ هەموو شتە بچووکەکانی سرووشت و ئەوی تریان ئەم ڕاستییەیە کە ئەم بوونەوەرە نزم و هیچانە لەگەڵ کۆمای مەزنی گەلاڵەی جیهاندا پێوەندێکی یەکجار نزیکیان هەیە. عیرفانی ژاپۆنی ئەوانی بە لای مرۆڤەوە پێ نزم نییە و لەبەر چاویان دەگرێ و ونیان ناکات. لێرە دایە کە هێزی زێن دەردەکەوێ و لەگەڵ هایکۆ دەبنە یەک.
بڕوانە ئەم کۆپلە شێعرەی شەویار:
بە دیار خەونێکی ئاڵۆز / هەناسەکان مەخۆ / گێلە کچ
کیژێکی گێل کە سەرزەنش دەکرێ و ئەمر و نەهی دەکرێ و لە ڕاستیدا وەک هەڕەشەی لێدەکرێ یان ئەوەی خوارەوەیان:
«تف» / بێشەرم بیسمیل دەکرێ / ئەو جەستەی مژی دمڕووتێکە
لێرەدا شاعیر لەعنەتی لە (گزارە)کەی خۆی کردووە یان دەگێڕێتەوە کە لەعنەت کراوە. یان ئەمەیان:
«ڕام» / یاخی بوونم / شێتی سوورە شەقامی باوەنەریتە.
لەم کۆپلەیەدا نەریتەکان وەرناگیرێن و شاعیر سکاڵایان لێدەکا. کاتێک دەکەوینە حاڵەتێکی تایبەتەوە یانی ئەو حاڵەتە ئاسمانییەی کە تایبەتی هایکۆیە، تەنانەت بێبایخترین شتەکانیش کە ئێمە ڕەنگە لە ژیانماندا هەرگیز سرنجیان نەدەینێ، ڕووحێکی قوواڵ پەیدا دەکەن. هەستێکی ئاسمانی بە بەردەنگ دەبەخشن. بۆ وێنە لەم هایکۆیەدا:
ئاخ نیلوفەر / دۆڵچەکە لە داو کەوت / لە یەکی تر ئاوم وەرگرت.
ڕەنگە هێندێک پێیان وابێ نیلوفەر (لاو لاوەی کێوی یان مالۆنچەن) لە دێهاتەکانی ژاپۆندا ئەوەندە زۆرە کە هیچ کەس وەبەر چاوی نایا، هچیشی تێدا بەدی ناکرێ کە شاعیر ستایشی بکات و زۆر بێبایخە، بەاڵم لێرەدا شاعیر کە دەیهەوێ ئاو لە چاڵەکە هەڵکێشێ، دۆڵچەکەی لە نیلوفەرەکە دەگیرێ و ئەگەر بکێشرێ ڕەنگە نیلوفەر هەڵکەندرێ، کەوابوو شاعیر سەبارەت بە ژیانی نیلوفەر دۆڵچەکە بەجێ دێڵێ و ئاو لە دراوسێکەی وەردەگرێ. بە لای هایکۆنووسێکەوە شتی بێبایخ و هیچوپووچ بوونی نییە. بەم جۆرە دەبێ بڵێین شاعیری هایکۆکار دەبێ بەتەواوی لەگەڵ دەروونزانی و هەڕێمی فەرهەنگی ژاپۆنی و هەروەها واتای زێن بەتەواوی ئاشنا بێت. ئێستا لەم کۆپلەیەی شەویاردا:
ئەنگوستیلەی کامەڕانی / چەوت و چەوێڵ / قامک لارە لێی
ئاڵقە یان ئەنگوستیلەی بووکێنی بۆ هەموان ئاشنایە، بەاڵم لەم وێنەیەدا پەنجەی دەسگیرانی وێڕای ئەو دەچەمێتەوە، ئەوەندە سادەیە کە کەمتر کەسێک سرنجی دەداتێ، هەرچەن ئەم کۆپلەیە دەنگ و بۆنی سرووشتی نییە بەاڵم ئەم خاڵە کە پێوەری هایکۆیە بەتەواوی لێرەدا دەبیندرێ. یان لەم کۆپلەیەدا:
سەیر پێدەکەنێ / گوڵ / لە پووشاڵی سەر سمتی تەونچن
کچێک کە بە جلی گوڵگوڵییەوە خەریکی تەونکردنە، دێتە بەر چاو. بەاڵم پێکەنینی گوڵەکانی کراسەکەی و بۆ نیگایەکی ئاسایی زەق نییە. بەاڵم لێرەدا شاعیر گوڵەکانی کراسەکەی لە لای زیندووە و لە شێعرەکەیدا گیانی پێدەبەخشێ و توانیویەتی نیگای زێن بوودیستی هەبێ، بەاڵم ڕێژەی ئەم کۆپلانەی کە ئەم تایبەتمەندییەیان هەیە لە قامکەکانی دەستیش کەمترە.
پێکهاتەی زمانی هایکۆ لە سەر بنەمای خۆپاراستن لە ڕاوێژی پڕ تروسکە و خۆنواندنی شاعیرانە دامەزراوە وەک ژیان ڕەوانە و جوانکارییەکانی زمان لەوێدا ناگونجێ بەاڵم شەویار لە کۆپلەشێعرەکانی خۆیدا جوانکاری زمانیشی هێناوەتەوە.
گێژاڤی پەنجەکان جلّف / جلّف و هاوار / مەمجلّفێنن
چەند پاتەبوونەوەی وشەی جلّف ئاڕایش و جوانکارییەکی زمانی دەبەخشێتە کۆپلەکە کە لە فارسیدا بە (واج آرایی) بە ناوبانگە. یانی دووپاتەبوونەوەی چەن پیت لە بەیتێک یان لە دێڕێکدا، بەاڵم لە هایکۆدا، هێنانەوەی جوانکاری زمانی قەدەغەیە و شتی وا نابیندرێ.
بڕوانە ئەم شێعرەی شەویار:
سبەی / واز دێنم لە خۆم و / خۆم مارە دەکەم لە ئاوێنە
ئەم کۆپلەیە وەک شێعر یەکجار جوان و خۆش و بەرچاوە بەاڵم ناکرێ بە هایکۆی لە قەڵەم بدەین ئەویش بەم هۆیەی کە وێناکردنی وێنەکەی یەکجار شاعیرانەیە و بیری لێکراوەتەوە، یان دەکرێ بڕوانینە ئەم کۆپلەیە هەر لە شەویار:
ژن لە شێعر و / من لە ژندا / سەرەتای سەفەرێکی شێتانەین
لێرەشدا ئەمە کۆپلەشێعرێکی جوانە، بەاڵم بە دووپاتەکردنەوەی وشەی ژن و دووپاتبوونەوەی وشەی پێوەندی «لە» و تێکهەڵکێشانی «شێعر» و «ژن» و شاعیر گەمەیەکی زمانی و فانتێزی خوڵقاوە کە لە هیچ هایکۆیەکی ژاپۆنیدا نابیندرێ.
یەکێکی تر لە زاراوەکانی هایکۆ «ئەوەرێ» یە«aware» کە بەواتای ڕەنگدانەوەی ڕابردوویە و هەروەها ڕەنگدانەوەی ئەوەی وا پێشتر

خۆشەویست بووە یانی ئەو ساتە قەیرانییەی نێوان ڕوانین و بێدەوامی و ناپایەداری جیهان وەک ئەم هایکۆیەی (گەڵاکان ڕۆدەڕژێن و/ دەکەونە سەر یەک و/ باران بە دوای باران دادەکا) ئەم شانۆیانە ڕابردوون یەکجار کەم لە کۆپلەشێعرەکانی شەویاردا دەبیندرێ، بەڵام لەم کۆپلەیەدا زۆر دیارە:

بەئاسپایی / لە پەنجەرەوە دێ کچە شۆخێک / خوازەتم.

یان لەم کۆپلەیەدا، شتێک لە ڕابردوودا ڕووی‌داوە و تا ئێستاش زیندووە:

هینەکەی مارس / پیرۆز بێ / کچ شەڕاب و ژن خەڵووز

هەر چەن ئەم کۆپلەیەش لە هایکۆدا ناگونجێ، بەڵام دەڕوانێتە ڕابردوو و ئەمەش یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی هایکۆ. بڕوانە ئەم هایکۆیەی ئێستا:

ئەم جیهانە شەونمێک و / ڕەنگە شەونمێک بێ / تا ئێستا و ئێستاش

ئەمەش ئاماژە دەکاتە ڕابردوویەک کە تا ئێستا هەر هەیە. زاراوەیەکی تری هایکۆ«شی‌بوومی»یە کە بە مانای وەرزش و ڕیازەتێکە کە شاندەری بەهێزتربوونی لاوازەکان لە بەتواناکانە: ژن لە پیاو، شەو لە ڕۆژ بەهێزترن. ئێستا لەم هایکۆیەدا:

باش کە سرنجم دا / «نازۆنا»م دیت لە لای پەرژینەکەوە / پشکووتبوو

«باشو»

نازۆنا گیایەکی زۆر ناسکە کە توانیویەتی وێڕای بوونی پەرژین و گیاکانی تر کە لەو گەورەترن، شین بێ و خۆ بنوێنێ. ئێستا بڕواننە ئەم کۆپلەیەی شەویار:

دەدوێ / ئاوەزم / شەکەتتر لە ئەسرینی پێخەفی پیری.

لەم کۆپلەیەدا فرمێسکەکان وەلای سەرووی عەقڵ و ئاوەز دەکەون کە ئەمەش هێمایەکە لە ڕووحی هایکۆ لەم کۆپلەیەدا. زاراوەی تری هایکۆ گیانخوازی یان «ئانیمیسم»ە واتە گرینگی‌دان بە ژیان و هەموو شتێک هەر بەو جۆرەی کە هەیە بۆ وێنە لەم هایکۆیەدا:

شەودێر/ لە شوێنە نادیارەکانی کوێستان / دەنگی خەزان ئێستا نایەتە گوێ

شەودێرێک کە لە بەرەبەری پاییزدا دەژی و گیان و ژیانی هەیە. ئەم تایبەتمەندییە لەم کۆپلەیەدا کە هی«شەویار»یە، وەبەر چاو دێ:

«با»/ تەنافی مالّتان لەچکە دەچۆڕێنێ و/ ئایفۆن بێ نووزە

لەم هایکۆیەدا ژیانی «با» و کارەکەی ئەو زەق دەبێتەوە و لە سروشتدا گیان دەگرێ. یان لەم کۆپلەیەی تری «شەویار»دا:

لە نزمترین هەنگاو / پەنجە دەکوشێ / قەیتانە کەوشێک

لەم کۆپلەیەشدا ژیان و ئیشی قەیتانی کەوش دەخرێتە ڕوو و گیان وەردەگرێ.

زاراوەی تری هایکۆ «شیۆری»یە کە بە مانای جۆرێک هەڵخەڵەتاندنی هەستبزوێنە بە شێوەی شێعر نەک لە ناوەڕۆکی شێعردا و یەکێکی تریش «هوسومی»یە کە مەبەست لەویش بەیانکردنی زۆر ناسکی سروشتیە. زاراوەی تری هایکۆش «بزووتن»ە هێنانە سەر شانۆی وێنەیەک لە کاتێکی تایبەتدا بە مەرجێک جوان و دڵڕفێن دەبێ کە لەگەڵ بزووتن تێکەڵ بێ، ئەگینا شێعرییەتەکەی ون دەبێ و بەردەنگ ماندوو دەکات.

بۆ وێنە: دارکونکەرە / بە شوێن دارێکی ویشک بوو / لە نێوان شکۆفەکانی گێلاسەوە

«یوسو»

ئەم وێنەیە تەواو زیندووە و پڕە لە جووڵەی سروشتی بوونەوەرەکانی. تایبەتمەندییەکی تری هایکۆ نەوتراوەیەکە کە لەوێدا ئامادە دەبێ. هایکۆ خۆی دەردەخا و شتێکی نیهانی و نەوتراوی لەخۆ گرتووە کە لە زێن بوودیسمەوە سەرچاوە دەگرێ. ئەم تکنیکە لە نەقاشی ژاپۆنی‌دا بە شێوەی فەزایەکی چۆل دەبیندرێ کە بێدەنگییەکی یەکجار ڕازاوەیە و شوێنی ڕامان و قوواڵبوونەوەیە. جاری وایە لە گۆشەی لای چەپی تابلۆکەوە لقە دار گێلاسێک هاتۆتە تابلۆکەوە و لە سەتا هەشتای تابلۆکە مەودایەکی بێسنووری سپی و پڕ لە نەهێنییە و ئەمەش هەر ڕاست بەشی سەرەکی تابلۆکەیە، یانی هەر ئەو بەشەی وا لە لایەن نەقاشەوە ناکێشرێتەوە کە لە موزیکی ڕۆژهەڵاتیش‌دا هەر دەبێتە بێدەنگی نێوان دوو«ئاوا». بە سرنجدان بەو شتانەی وا ئێستا باسمان کرد هەبوونی بیر و ڕایەکی تایبەت لە هەمبەر کۆپلەشێعرەکانی قوباد جەلی‌زادە کە لە ژێر ناوی هایکۆدا بڵاو بوونەتەوە، بەم هۆیەی کە تەنیا پێنج ـ شەش نموونەمان لە بەر دەست بوو یەکجار چەتوونە. کەوابوو قەبووڵکردن یان نەکردنی ئەوان وەک هایکۆ لێرەدا ناگونجێ، بەڵام لەگەڵ کتێبی «با*با* چیتر نەتانخووسێنێ» لە کاڵێ گولابی ئازەر ئەم ئاستەنگەمان نییە. هەر چەن هەڵسەنگاندنی کۆپلەشێعرەکانی ئەم شاعیرە نوێکارە لەگەڵ هایکۆ ڕەسەنەکانی ژاپۆن و هایکۆی شاعیرانێکی مامۆستای وەک باشو یەکجار بێڕەحمانەیە، بەڵام لێرەدا مەبەست ئەوە بوو کە لە ڕووی هایکۆی مامۆستا ناسراوەکانی قالبە

شێعرییەوە، پێوەرەکانی هایکۆ بەدەستەوە بدەین و بیاننناسێنین و پاشان ئەوەی بەناوی هایکۆ بە زمانی کوردی بڵاو بۆتەوە لەگەڵ پێوەری ڕاستەقینەی ئەم جۆرە شێعرە هەڵسەنگێندرێ و بنرخێندرێ، نە وەک بمانهەوێ توانای دوو شاعیر کە یەکێکیان مامۆستای ئەم جۆرە شێعرەیە و ئەوی تریان سەر بە وڵات و زمانێکی ترەوەیە. تەنیا ویستوویە وەک ئەو جۆرە شێعرە بنووسێ لە تای تەرازوو بخەین.

ئێستاش دەتوانین بڵێین ئەوەی شەویار وەک هایکۆ بڵاوی کردۆتەوە لە خانەی هایکۆی مۆدێرن واتا ئەو جۆرە هایکۆیەی کە نووسینەکەی ئێستا لە ژاپۆن پەسەندکراوەدا ناگونجێ و بەڵکوو دەچێتە خانەی ئەو جۆرە لە هایکۆ کە لە کاتی سەرهەڵدانی بزووتنەوەی کۆمۆنیسم و شەڕی پرۆلتاریا لە ژاپۆندا سەری هەڵدا و وەک هایکۆی پرۆلتاریا ناسرا، بەڵام پاشان مەحو بۆوە و لەناو چوو. ئەوەی ئێستا وەک هایکۆ دەنووسێ نە وەک هەر لە ژاپۆن بەڵکوو لە وڵاتانی تریش بە ڕەچاوکردنی کورتبوونی سێ دێڕی و هێنانەوەی وەرزەوشە و تام و تێمی سرووشتییەوە دەنووسرێ و ئەگەر بێتوو ئەوەش بفەوتێ ئیتر ئەو شێعرە نابێتە هایکۆ. ئەگەریش هەر لە سەر ئەمە پێداگری بکرێ کە ئەوانە زۆر گرینگ نین و دەکرێ ئەم شێوە نووسینە ئاڵوگۆڕی بەسەردا بێ و نوێ بێتەوە و وەک هایکۆش بناسرێ. ئێمەی کورد کە خۆمان بەپێی مێژووی شێعری کورتی کوردی پۆستەرەشێعر و چرکانەمان هەیە چ حاجەت بە فۆرمی شێعری ژاپۆنی؟ بەڵام ئەوەی کە ئاشکرایە ئێستا هایکۆ شێوە شێعرێکی یەکجار خۆشەویستە لە هەموو دنیا و زۆربەی شاعیرانی بەتوانا خۆیان لە قەرەی داوە وەک وتمان لە ئۆکتاڤیووپازەوە هەتا تاگوور و سەید عەلی سالحی و... بە هۆی کورتی ئەم جۆرە شێعرەش زۆربەی شاعیران پێیان وایە دەتوانن هایکۆ بنووسن، بەڵام نووسینی هایکۆ فارس کوتەنی (سهل و ممتنع)ە واتە بە ڕواڵەت ئاسانە بەڵام هایکۆنووس کاتی نووسینی هایکۆ دەبێ یەکجار ئاگای لە خۆی بێت بۆ وەی تایبەتمەندییەکانی نەشکێنێ و پێکهاتەکەی نەڕووخێنێ.

کۆپلەشێعرەکانی کاڵێ گولابی ئازەر بەناوی شێعرەوە جاری وایە زۆر جوانن و زمانێکی شێعری خۆش و تامێکی شێعری تەواویان هەیە. بەردەنگ چێژی لێوەردەگرێ و وەک شێعر لە خوێندنەوەی ڕازی دەبێ و جوانکاری شێعری و فانتێزی ڕەنگین و نەخشراوی ئەدەبی زۆر تێدا بەدی دەکرێ، بەڵام بەپێی پێوەرەکانی هایکۆ بۆیان ناکرێ بچنە خانەی هایکۆیەوە و هەم لە پۆستەرەشێعر و هەم لە چرکانەوە نزیک دەبنەوە. دۆزینەوەی پێوەندییەکانی شاراوەی شتەکان لەم کۆپلانەدا نەیانتوانیوە ئەو جۆرەی کە شایانی هایکۆیە بەدی بکرێن. هەم شەویار و هەم قوباد زیاتر شاعیرن تا هایکۆنووس و ئەم شاعیرییەش هێزی لە گیانی کۆپلەکانیدا نەهێشتووە کە هەڵبەت ئەمە تەنیا تایبەتی ئەم کۆپلە کوردییانە نییە بەڵکوو تەنانەت سەید عەلی سالحی گەورەشاعیری ئێستای فارسیش کە هەزارویەک هایکۆی فارسی نووسیوە زۆر جار پێوەرەکانی بەجێ هێشتووە و زۆر جار شاعیرانە دوواوە؛ بۆ وێنە:

لە شارە گەورەکاندا / مانگ لە یەغداندا / بەڕێزترە.

کە کۆپلەشێعرێکی یەکجار بیر لێکراوە و پڕ لە شێعرییەتە.

زۆربەی هونەرمەندان پەرەسەندنی سەیروسەمەرەی هایکۆ لە جیهاندا لە ئاکامی سێ تایبەتمەندی هایکۆ دەزانن. یەکیان ئەوەی کە هایکۆ کۆتایی نییە، شتێک بە ناوی ئەنجام شک نابا و جگە لەمەش دەلاقەیەکە بۆ چوونە ژوورەوە، ئازادی لە تێگەیشتن لە شێعر هەمیشە سرنج ڕاکێش و دڵگرە. دووهەم ئەوەیە کە هایکۆ بەیانی ئەدەبی (زێن)ە، هۆگری ڕوو لە گەشە بە نیسبەت زێن لەگەڵ پەرەسەندنی هایکۆ هاوزەمان و هاوکاتن. سێهەم سادەیی و ڕەهایی هایکۆیە لە جوانکاری شێعرییەکان. وەک وتمان سادەیی هایکۆ بۆتە هۆی ئەوەیکە هیچ کەس لە نووسینی هایکۆ ترسی نەبێت.

چیرۆک وەک ئیقلیمێکی جیاواز
عەبدولقادر نیازی

سووکەئاوڕێک لە سەر کۆمەڵە چیرۆکی «هاتنە ژوور قەدەغەیە» بەرهەمی مریەمی قازی
بەرایی و پێشەکی

ڕەنگە بۆ نووسین لە سەر کتێب یا بابەتی نووسەرێک ناچار بین لە ئاوڕدانەوە لە سەر بنەماکانی ئەندێشە و هزری نووسەر بۆ ئەوەی بەڵکوو بتوانین وێڕای تاوتوێ کردنی بەرهەم یا بابەتێکی چاپکراو، سووکە ئاوڕێکیشمان هەبێ بۆ سەر ڕابردوو و ئێستا و داهاتووی نووسەر، شێوازی سەیری خۆکردنی لەم سێ دەورە زەمانییەدا یا دۆزینەوەی ئەو هۆیانەی کە بنەڕەتیترین فاکتەرەکانی نووسینن. بەڵام ئەوەی گرینگە ڕەنگە هەر ئەوەش بێ کە شێوەی هەڵسوکەوت لەگەڵ بەرهەمێک کە نووسراوە یا باشتر بڵێین خوڵقاوە، دەبێ چۆن بێ کە بارودۆخەکە بە گشتی نەباتە نێو چوارچێوەی ئینفەعاڵ و دەستەوەستان مانەوەی خوێنەر یا دەق؟!

ئامادەترین وڵامێک کە بۆ ئەم پرسیارە ڕەنگە بە زەینی هەموومان بگا ئەوەیە کە بە یارمەتی هەندێ فاکتەر کە پێشەیان لە ڕەوانناسی و تەجرەبەی دانیشتن و هەڵسوکەوت لەگەڵ نووسەری بابەتەکە هەیە دەتوانین بە زۆر شت بگەین و هەڵبەت شیمانەی ئەوەش دەکرێ کە هەندێ لە لایەنەکانی کتێب یا بابەتێک تاوتوێ کرێ و لێک درێتەوە.

ئەگەر بە قسە یا وتەیەکی زەلام و زەبەلاح نەزاندرێ و پێوەندییەک لە نێوان ئەوەی تا ئێرە وترا و چەمک و واتای ژیان و هەڵسووڕاوی بەرقەرار بکرێ ڕەنگە بە ئاکام نەگەیشتنی حەول و تەقەللایەک، گەورەترین خیانەتێک بێ کە دونیا بە مرۆڤی دەکا. شایەد لەو نێوەشدا خودی مرۆڤ نە بە تکای بونیاتنانی بناغەیەکی دیکە بێ بۆ دونیاکەی، نە تەنانەت بە زەینیشیدا هاتبێ، بەڵام ئەوەی شیاوی ئاماژەیە ئەرکی مرۆڤە بۆ ووروژاندن و لەرزاندنی هەست و نەستی دەوروبەرییەکانی بۆ ئەوەی ژیان ببینێ جا بە هەر شێوەیەک بێ و لە هەر ڕێگایەکەوە.

لەم ڕێبازەشدا نگریسترین سووکایەتییەکی کە مرۆڤ دەتوانێ بە خۆی بکا لە بیربردنەوەی جەوهەرەکانی مرۆڤ و مرۆڤایەتییە.

ئەدەبیات بەگشتی و چیرۆک بەتایبەتی یەکێک لەو جەوهەرانەن کە ئەگەر لە نێو ئێمەدا ئەرکێکیان بۆ دیاری کرێ و بایخی خۆیان بۆ داندرێ بێگومان لە جێگای خۆیان بەردێکی زۆر قورسن. هەر بۆیە بەپێی ئەرک لەو نووسراوەیەدا سووکەئاوڕێک دەدەینە سەر کتێبی «هاتنە ژوور قەدەغەیە» لە نووسینی خاتوون مریەمی قازی و هەر لێرەشدا ڕادەگەینین کە دەرگای هەر چەشنە ڕەخنەیەک بەرەو ڕووی هەمووان ئاوەڵایە.

وشە سەرەکییەکان:

ئەدەبیات، چیرۆک، مریەمی قازی، کەسایەتی، زمان، مەرگ و ژیان

«چیرۆک گۆڕەپانی ئازادی و خەیاڵە یا مریەمی قازی چیرۆکنووسێکی سەرکەشە؟»

کۆمەڵەچیرۆکی «هاتنەژوور قەدەغەیە» لە نووسینی خاتوون مریەمی قازی بەر لەوەی هۆگری خسڵەتەکانی چیرۆک بێ، باس لە پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی دەکا کە ڕووحی مرۆڤ تێیدا لێک هاڵاوە، لە حەقیقەتدا ئەو پێکهاتەیەش بە شێوەیەک خۆی خزاندۆتە ناو ژیانی مرۆڤ کە تەنانەت شوێنێکی بۆ پێناسەکردنی سنووورەکانی ژیان و ڕووحی مرۆڤیش نەهێشتۆتەوە، بە ڕوانین و تێفکرینێکی ڕووکەشیانەش لەو کۆمەڵەچیرۆکە دەتوانین بەو دەرئەنجامە بگەین کە نە تەنیا مرۆڤ دەروەستی خۆی نییە لە زۆر بواردا، بەڵکوو سەیری گەڕیدەیی و بێسەرە و بەرەیی و شپرێوی ڕووحی خۆشی دەکا کە لە ئەتمۆسفرێکی پڕ لە ناکۆکی و پارادۆکسیکاڵدا هاوتەریب لە تەقدیری نادیاری خۆی دەڕوانێ کە ڕەنگە لە کۆتایی و دەرئەنجامدا، لە بەتاڵان و ئاش بەتاڵکردن و تووشی نسکۆهاتن و تێکقرمانی زیاتر، چیتری لێنەکەوێتەوە یا ئەگەر لە گەشبینانەترین حاڵەتیشدا سەیری بکەین ئەولەوییەت لەو کۆمەڵەچیرۆکەدا ستاندنەوەی هەلومەرجی سەربەخۆبوونە لە مرۆڤ و یا لانیکەم هەڵکڕاندنی ڕووح و ویژدانفرۆشی و بێدەرەتانکردنی کەرەسەکانی چالاکی و سەربزێوی ڕووحە کە وەک وترا هیچ نەبێ سەرگەردانی خۆیەتی لە حەژمەت خاوەنەکەی. واتە خودی مرۆڤ و بە هۆی بێهێزیبوونی خۆی یا نەزۆکبوونی بەردەوام، دڵ مەسخ دەکا، مرۆڤ تووشی داوەری و قەزاوەتی لە پێشدا دیاریکراو دەکا یا ئەگەر هیچ چارەیەکیشی نەبێ بە شوێن خۆیدا دووپات و چەند پاتەیی دەکاتەوە کە ئاکامی ئەوەش یا دەنگی بە هیچ کوێ ڕانەگەیشتنە یا نکۆڵیکردنێکی ناچارییە لە زەرفییەتەکانی خۆی، هەر ئەو خسڵەتە شاز و تایبەتەش وای لێکردووە کە کۆمەڵەچیرۆکی «هاتنەژوور قەدەغەیە» خاوەنی کارکرد و ڕاندۆمانێکی وڵامدەر و تەواو بەرپرس و دەروەست بێ و نە تەنیا خۆی لە چوارچێوەی هونەر دوور نەخاتەوە، پێناسەیەکی تەواو ئەدەبیش بە خۆوە بگرێ.

حاشاکردن لە زۆر یەک لەو تایبەتمەندیانەی کە شیاوی مرۆڤ نین، شەرح و تەوسیف و تەفسیری فەزای زۆر جار مەیلە و ڕزیوی کۆمەڵگا و ڕەخنە و ووروژاندنی ئەو لایەنانەی کە نە مافی کۆمەڵگان و نە ئەگەر مافی ڕەواشی بان، دەیدرایە لە چوارچێوەی قاڵب و فۆرم و زمانێکی

وەها پاراودا، نە تەنیا کەسایەتی دەروەستی نووسەر ئاشکرا دەکا بە یەقین ڕوو لە خوێنەریش وەرناگێڕێ و دەیباتە ناو پرسیار و هەژاندن و ڕێفۆرمێکی قورسی ڕووحی تا بەشکم ئەگەر لە حاست خۆیدا هیچیشی لە دەست نەیە بەرگری لە ئاوەژووبوونەوە و تێکقرمانی لانیکەم پێناسەی خۆی بکا.

هەر بۆیە وێدەچێ ئەوانە بەگشتی سەلمێنەری گەڕانەوەی نووسەر بن لە ئەزموون و تەجرەیەکی پڕبایخ بەلام تا بڵێی سەخت و دژوار و تیژی لە شکانەوەی غرووڕ و ڕووح کە دنەی داوە بۆ ئەوەی دەرحەق بە خۆی ئەگەر «بە مەرگیشی نەگرتبێ بێگومان بە تەبیش ڕازی نەبووە» و لە لایەکیشەوە لە دوا وێستگەی ئاسایشی ژیانیدا خۆی دیلی لێبووردوویی قەڵەم کردووە و یا ئەوەی خۆی دیتوویەتی و دەیبینێ بە خوێنەری نیشان دەدا یا ئەوەی خوێنەر دەبێ ببینێ دەیهاوێتە ناو سنوورە نادیارەکانی حەقیقەت بۆ پاراوکردنی عەقڵ بە مەبەستی دوورخستنەوە لە دیکتاتۆرییەتی گومان و خۆخافڵاندن.

مریەمی قازی لە بەر ئەوەی زەمانی دەست و پێی بەستە دەروەستی خۆی و هەراسی هەواڵە ناخۆش و واقیعەکانی ژیان و بڕوای پێنووس کردووە بەردەوام دەوری بەرهەڵستێکی گێڕاوە لە سەر ڕێگای چەنەوەرییەکانی زەمان‌دا، چەشنێک کە پێداگری و جەختی هەرە گرینگی خۆی و پێنووسەکەی ئەوە بووە تا بە هەڵکووتان و تێکوەرپێچان بناغەکانی کۆمەڵێک ئاژاوەی ناپێویستی کۆمەڵگان. لەرزێنێ ڕێگا بە پێیەکانی نادا بۆ نانەوەی هەنگاوی تر و پشووی سێیەکانی هاوکات لە بێزمانی بەلام ماندوویی‌نەناسی پێنووسەکەی گرێ دەدا.

سنووری نێوان حەقیقەت و مریەمی قازی و خوێنەر ئەوەندە لەرزۆک و بێبنەمایە کە هیچ دیکتاتۆرێکی کۆنکرێت و زەینی دەرەقەتی خۆ لە قەرەدانی نایە، نەستی ئەو لەسەر هێڵێک دامەزراوە کە ئاوی ناچێتە ناو ئاوەڕۆی هیچ چەشنە دەسەڵاتێک ئەوە باشترین ڕێگای سەلماندنی حەقانییەتی پێنووس و زەجردانی ڕووحییەی دیکتاتۆرییەکە زۆر جار جگە لە خۆفیداکردن بە هیچ شێوەیەک وەدی نایە.

زەقترین دروشمێک کە لە دیوارەکانی نەست و ڕووحی خۆی هەڵیقەندووە بەردەوام ئەوە بووە کە «ژیان لە نێو ئێمەدا ئەگەرچی سەندەڵییەکی کەمئەندامە، بەڵام هەمیشە هەوێن و هۆکاری حەسانەوەی گەڵێک دیکتاتۆر و داگیرکەری دەرەکی و ژوورەکی و خۆجێیی بووە کە بەدڵنیاییەوە بەشی هەرە زۆریان، یا دەسکردی خۆمان بوون یا دەستی خۆمان دەمێژووی سەرهەڵدانیان‌دا گەڕاوە.»

زانین و تاوتوێکردنی وەها قەیرانێک بۆ ئێمە تەنیا هەڵپەسێرانی زەین و بزمارکوتکردنی ڕووح و عەقڵانییەتێکی ئازاد و پیتاندنی وەرەیەکی مەیلەو نەزۆکی لێکەوتۆتەوە. بۆیە کۆمەڵەچیرۆکی «هاتنەژوور قەدەغەیە» کانالێکی باشە بۆ ئەوەی خوێنەر دەرەتانی دۆزینەوەی گۆشە نیگایەکی هەبێ و بەو بڕوایەش بگا کە مرۆڤ لە زەین و پێنووسی مریەم خاتوون‌دا دیلی جەبرێکی مێژوویە کە ساڵگارێکە دەناخی‌دا ڕەگاژۆی کردووە و پێنووس شایەتی ئەو تێداچوونەی بایخەکانی مرۆڤە.

«ڕیسالەتی وشە و ئەمانەتداری زمان لە چیرۆکی مریەمی قازی‌دا»

لە چیرۆکی مریەمی قازی‌دا قورسایی بەر لەوەی لە سەر هیچ چەمک یا شتێکی تر بێت لە سەر شانی وشەیە هەر بۆیە ئەگەر وشەیەک لە بنەما زمانییەکەی خۆیشی‌دا تووشی جێگۆڕکێ یا دۆڕاندن یا نەزۆکییەکی کاربوردیش بێ بە زووترین کات وشەیەکی تر جێگای پڕ دەکاتەوە و بە تەواو مانا وێرانی بەجێ دێڵێ و ڕوو لە ئاوەدانی و تڕافیکێکی ئیجابی زمانی دەکا کە خودی وشەکە هەرگیز تێی‌دا هەست بە وەڕەزی و سەرلێشێواوی یا زیادی‌بوون ناکا. هەڵبەت لە بەرامبەر ئەو ئاوەدانییە زمانییەدا ڕەنگە بتوانین ئاوڕ لە وێرانییەکیش بدەینەوە ئەویش وێرانییەک کە بەرهەم و لێکەوتەی فۆرم و ڕەنگە مەفهووم یا واتایە و دژ بە کەسایەتییەکانی ناو چیرۆک سەری هەڵداوە کە ئەویش بە هۆی ئەوەیکە شوێنی لە سەر جۆغرافیا و تەواوی لایەنەکانی چیرۆکەکان داناوە ڕەنگە بە زەرەری ڕووح تەواو بێ، بەڵام لای خودی نووسەر بە پێچەوانەیە، هەر بۆیە وەک پێشتر وترا دەکرێ بڵێین جیهان‌بینی مریەمی قازی جیهان‌بینییەکە کە نە تەنیا وێرانی بەڵکوو تەنانەت سووڕگەی بایخەکانیش تێی‌دا لە سەر مێژوو هەڵدەسووڕێ و جیهان‌بینی، جیهان‌بینیەکی تەواو مێژووییە، کە پتر لەوەی باس لە تکنیکی نووسین بکا، مرۆڤ و ڕووح تووشی قەرائەت و پێداچوونەوەیەکی مێژوویی دەکا. ئەوەیکە مریەمی قازی چەندە پێمل و وەفاداری بەو هەڵوێستە ڕەنگە بگەڕێتەوە سەر جەخت و پێداگری خۆی لە سەر ئەوەیکە وێرانی ئەگەرچی شان بە شانی مێژوو و دایکی ئەو واتە زەمان هاتووە بە یەقین و بێ هیچ بێنەوبەرەیەک دەبێ ئاوەدانی لێبکەوێتەوە. بە هەر حاڵ لە دوو توێی چیرۆکی مریەمی قازی‌دا ڕەنگە گەلێک تەوەر شیاوی باس‌لێکردن بن، کە سەرەکی‌ترین خسڵەتیان سەلمێنەری ئەو پێوەندیە قورسەیە کە لە نێوان خۆی و خوێنەر و دەقدا پێکی هێناوە. ئەگەرچی لە هەندێ جێگا هەر خۆی ئاگادار و شارەزای پێوەندی ڕاوی و دێڕەکانی چیرۆکە بەڵام نکۆڵی لە کەمتەرخەمیشی ناکرێ کە سەرچاوەکەی ئاگاداری نووسەرە بە سەر تەقدیری دێڕەکان‌دا و لەگەڵ ئەوەش ئەرخەیان‌بوونی کاتی نووسەرە لەو دەرک و تێگەیشتنەی خوێنەر، کە دەبێ بەردەوام وردی وشە لە وردی نووسەر و ڕاوی بەهێزتر بزانێ. ئەوەش وای لە نووسەری ئێمە کردووە کە لە هەڵبژاردنی تەواوی فاکتەرەکانی چیرۆکدا تووشی وەسواسێکی زەینی و کردەکی هاتبێ. سووڕگەی چیرۆکی مریەمی قازی وەک وترا لە سەر وشە و خووخدە و دژکردەوەی وشە و زمانە، هەر بۆیە زمان لەو

هەواڵنامەی کتێب

کۆمەڵچیرۆکەدا زمانێکی «پێشنیاردەرە» کە لە درێژخایەندا ڕەنگە تەنیا لەگەڵ مەترسییەک بەرەوڕوو بێتەوە ئەویش «مەترسی دەخۆیدا مانەوە»یە. هەر بەو پاڵپشتە پێشنیاری نووسەری ئەم نووسراوەیە ئەوەیە کە مریەمی قازی بە هۆی ئەوەیکە بڕوای بە ڕێفۆرم لە گەشتەوەر و چەمکەکاندا هەیە ئاوڕێکیش لە زمان بداتەوە و زمانێکی سەربزێوی تریش بخوڵقێنێ کە لە لایەکەوە وەفادار بێ بە سوننەتی نووسینەکانی، لە لایەکەوە هەڵگری ڕەچەشکێنێکی تازە و جیاواز و خاوەنی ڕووحێکی تازە بێ و لە لایەکی تریش سەداقەتی خۆی لە بەرامبەر بڕواداربوون بە ڕێفۆرمیش بسەلمێنێ.

بە هەر حاڵ جگە لەوەی تا ئێرە لە سەر خسڵەتی «وشە مێحوەری» لە نووسینەکانی مریەمی قازیدا وترا دەتوانین بڵێین کە وشە دەو کۆچیرۆکەدا نموودی حەقیقی و واقیع و ئەو ڕووداوانەیە کە لە بەستەری چیرۆکەکاندا ڕوو دەدەن هەر ئەوەش وای کردووە ڕووداوەکان ساتبەسات لەگەڵ وشە ڕاگوێزرێن و لە دەستکەوت و ئامانج نزیک ببنەوە، کورتکوتەنی وشە لە کۆمەڵەچیرۆکی هاتنەژوور قەدەغەیەدا عەینی واقیع و ڕووداوە و وەک کەرەسەیەک بۆ پێشبینیکردن کەلکی لێوەرگیراوە و باری کەسایەتی چیرۆکیش هاویژراوەتە سەرشانی وشەی ڕەنجەڕۆ و ڕاستەوخۆ خۆی وەک خوڵقێنەری ئیقلیمێکی تایبەت دێنێتە ئاراوە. ئەویش ئیقلیمێک کە تێیدا زمان و وشە و ڕێکەوەند، شارومەندی سەرەکین و بە باشترین شێوە ڕێز لە یەکتر دەگرن و مافی یەکتر دەپارێزن.

«ڕۆڵی مریەمی قازی لە داڕشتنی کەسایەتی ناو چیرۆکەکانیدا»

ڕەنگە هەموومان ددان بەوە دابنێین کە دەوری کەسێتی نێو چیرۆک وەک کەسایەتییەکی واقیع و کۆمەڵگا وایە کە خسڵەتەکانیان بە شێوەیەکی مەحدوود و سنووردار ڕاگوێزی یەکتر کردەووە، بەڵام بەدەر لەوە ڕەنگە هەمووشمان کۆک بین لە سەر ئەوە کە کەسایەتی ناو چیرۆک ئەگەر شاز و تایبەتیش بێ بە تەنیایی بواری ئەوەی نییە سەرچاوەی ئیلهام و هەڵڕشتن و داڕشتنی دەقێکی ئەدەبی بەگشتی و چیرۆک بەتایبەتی بێ. ئەو بۆچوونە ئیزنی ئەوەمان دەداتێ کە بڵێین کەسایەتی لە چیرۆکدا تێکەڵاوێکە لەو خسڵەتە جیاوازانەی وا لە مرۆڤەکانی دەوروبەر وەردەگیرێ و ڕەنگە زۆر جار تایبەتمەندی کەسایەتی خودی نووسەریش بن کە خۆی ڕادەستی چیرۆکی کردوون و بە گوێرەی زەرفییەت و پوتانسیەلی چیرۆک کەلکیان لێوەردەگرێ. ئەوەی گرینگە ئەوەیە کە داڕشتنی کەسایەتی لە نێو چیرۆکەکانی مریەمی قازیدا تەنیا بە هێنانە ئارا و ناساندنی ئەو لە چیرۆکدا بە ئاکام ناگا بەڵکوو گرینگتر ئەو شهوود و ناسیاویە تازەیە کە کەسایەتی نێو چیرۆکەکان لە سەرەتادا بە شوێنیدا هەن و بە هۆی ئەوەی کە لە ماوەی چیرۆکدا هاویژراوەتە ناو بازنەیەکی تەجرەبی و بە بینێش و ئەزموونێکی نوێ گەیشتوون و لە دەپەراوێزمانەوەدا دوور خراوەنەتەوە لەگەڵ خسڵەتەکانی خۆی لە سەرەتای چیرۆکەکەدا جیاوازە و بە واتایەکی تر ڕەنگوبۆیەکی تری گرتووە. داڕشتنی کەسایەتی لە چیرۆکی مریەمی قازیدا بە کۆیەک لە دەروونبینی و ئەو دەرکە قوواڵانە دەگا کە ڕێگای تێفکرین و ڕۆچوون بە ناو هەست و سۆز و بڕوا تاکییەکانیشدا خۆش دەکا و لە دەرەوەش لەگەڵ شوێندانانی ڕووداوە دەرەکییەکان بە شێوەیەک تێکەڵ دەکرێنەوە کە خوێنەر مەجبوور بە دەرکی هاوکاتی دوو ڕووداوی جیاواز، بەڵام گرینگ دەکا. داڕشتنی کەسایەتی لە ناو کۆمەڵەچیرۆکی «هاتنەژوور قەدەغەیە»دا ئەوکات دەگاتە تەشقی خۆی کە بۆ گەیشتن بە خولیاکانی (جوان و ناحەز)، کاردانەوەی ڕاستەوخۆی لەسەر ڕووداوەکان دەبێ و لەوەش گرینگتر یا هەست بەو گۆڕانکارییە دەکا کە پێشتر باسی لێکرا یا بە دیتنی بەرهەمی هەڵسوکەوتەکانی بە خوێنەر دەسەلمێنێ کە گۆڕانکاری تێدا پێکهاتووە. گۆڕانکارییەک کە لە سایەی ئەو پاڵنەرانەی وا کردەوەکانی ناو چیرۆک پاساو دەکەن، باوەڕپشی پێدەکرێ. بە هەر حاڵ عەدالەت لە چیرۆکی مریەمی قازیدا ئەوەی کە وشە، کەسایەتی و تەواوی فاکتەرەکان لە دنیایەکی بەربەرین و پڕ لە جێگادا دەژین کە لە بڕی ئەوەی جێگای یەکتر داگیر کەن، جێگای ڕاستەقینەی خۆیان بۆ دانیشتن دەدۆزنەوە، دەگەڕێتەوە سەر تێڕامانی نووسەر. ڕەنگە هۆی ئەو حەساسییەتەی مریەمی قازی لەو چیرۆکانەدا ئەوە بێ کە پێی وایە«زۆرترین دڵەڕاوکێی نووسەر، کاتی خوڵقاندنی کەسایەتییەکی موختار و ئازادە کە لە فەزا و شەقامەکانی چیرۆکدا دێت و دەچێ و غروورێکی شوێندانەری هەیە». ئەویش بە هۆی ئەوەیکە بۆ هەر جموجۆڵێک و کردەوەیەک هەست بە ئازادی و بەرپرسایەتی دەکەن، بەتایبەت ئەو کاتانەی کە گۆڕانکارییەکیش لە کردەوە و خووخدەیاندا ڕوو دەدا، هەلومەجی تەشخیسی ئەو گۆڕانکارییە بۆ خوێنەریش دەڕەخسێنن. هۆیەکەشی بەر لە هەموو شتێک وەک وترا زمانی ڕەوایەت و فەزاسازی نووسەرە کە هەڵگری خسڵەتێکی ئەخلاقی و ئاگایانەی لە پێشدا ناسێندراوە و ئەو سەرسەرێتییەی بە کەسایەتییەکان بەخشیوە کە لەگەڵ «ڕاوەستاوی؛ شخصیت ایستا» و چالاکی «شخصیت پویا»ی خۆیان ساغ و یەکلا ببنەوە و زەحمەتی خوێندنەوەش بە فیڕۆ نەدەن.

«کۆتایی و سووکەئاوڕێک لە هەندێ چیرۆکەکان»

جودا لەوەی تا ئێرە وترا، دەبێ لە حەقیقەتدا مەبەستی مریەمی قازی تاقم یا کەمینە و چین و توێژێکی کۆمەڵایەتی نییە، کەڵکەڵەی هەرە گرینگی ئەو، دەنگ هەڵبڕینە بۆ مرۆڤایەتی و ئەو کۆمەڵگایەی کە بەتایبەتی تێیدا ڕەنگە هیچ ئەرکێک بۆ ئەدەبیات دیاری نەکرێ.

ئەگەرچی لە زۆر شوێندا جیهانی مریەمی قازی و دونیای بەردەنگ و خوێنەر سەرچاوە لە یەک ئەوین و قەیران ئاریشە دەگرن بەڵام بە پێچەوانە

ڕەنگە بۆ هێرشبردن بۆ سەر ئەو ناکۆکی و بارۆدۆخەی بۆ کۆمەڵگایەک پێکدێ، زۆریش لەگەڵ خوێنەر تەباوڕەبا نەبن، بەڵام خاڵی هاوبەشی هەر دووکیان ڕەنگە ئەوە بێ کە پرسیار لە ژیان دەکەن و وڵامیشیان دەوێتەوە. وەک دیارە ژیان بۆ مریەمی قازی هاوکات لەگەڵ ئەوەی کە هێڵێکی ڕەوایی و گێڕانەوەی هەیە و بریتیشە لە ڕێژنەیەکی بەهێز لە ئەزموون و تەجرەبە کە لە سەرەتای خودئاگایی و وریای مرۆڤەوە تا کۆتایی کە هەر کوێ بێ، درێژەی هەیە.

هیوا بە دواڕۆژ و خاوەنی دید و ڕوانگەیەکی ڕەوانناسانە و شێوازێکی نوێ لە ڕەوایەتدا ئەوەیکە و پێیوایە وا کە ڕەوایەتی باش پشتیوانەی بەشێکی زۆر لە بایخەکانی چیرۆکە وا نیشان دەدا کە ئەگەر پەیامێکی تێدا بێ بۆ زەین، بێگومان ژیانیش لە دەستمان دایە. (بڕوانە چیرۆکی «ژیان لێرەیە») لە چیرۆکی «هاتنەژوور قەدەغەیە» دا بنەڕەتی ڕەوایەتەکەی لە سەر تەجرەبەی تاکی و خودئاگایی و هۆشمەندی و ئەو خۆ تێهەڵقوتاندنەدا ساغ کردۆتەوە کە پێیوایە بۆ ژیان پێویستن و ئەسڵەن زاتی حەقیقی ژیانن. لە چیرۆکی «سەودا» دا دەڕوانێتە مەحدوودییەتێکی زەمانی و بێئۆقرەیی ڕووحێکی دەروەست بە ژیان و ئەگەرچی ڕاستەوخۆ ڕێنوێنیمان ناکا تا بگەینە وێستگەیەک بەڵام قازانجی هەرە زۆر لێرەدا ئەوەیە کە لانیکەم بەو دەستکەوتە دەگەین کە خڕبوونی گۆی زەوی سەرچاوەی لەسەر گەردانبوونی ڕووحی مرۆڤ گرتووە کە بەردەوام بە شوێن خۆی و تەقدیری خۆیدا هەڵدەسووڕێ و لە غایەتێکی مەرگاوی زیاتر چی بۆ نامێنێتەوە.

لە چیرۆکی «لە بەر دەرکی نهۆمی یەکەمدا» لەگەڵ ئەوە کە باس لە ئاسایبوونی هەر چەشنە پێوەندییەک لەگەڵ ژیان دەکا بەڵام دیسان دەست لە کۆمەڵگا هەڵناگرێ و ئاوڕ لەو بایخانە دەداتەوە کە تێیدا چوون گرینگترین حەقیقەتی ئەم چیرۆکە دۆزینەوەی کەسایەتی مرۆڤە لە سەرەتادا و ئەوەی کە مرۆڤ دیلی ژیانە، مریەمی قازی لەو چیرۆکەدا ئاوڕ دەداتەوە سەر حەقیقەت، وەک تەجرەبە و ئەزموونێکی هەڵسووڕاوانە و لە بەردەستان، و چاویشی لە کەسایەتییەکانی ناو چیرۆکەکەی ئەوەیە لەو پێناوەدا دەستی بەر نەدەن و یارمەتیدەری بن.

لە چیرۆکی «هێندی لە مرۆڤەکان»دا دەیەوێ بڵێ ئەگەرچی حەقیقەت شتێکی فانتازی و لوکسە، بەڵام بەو هەمووە تەجرەبە و دژوارییەی کە خاوەنی بووم، دیسان دەمەوێ یا تێبگەم یا پێی بگەم. چونکە حەقیقەت «نەمرە». کەڵکەڵەی مریەمی قازی لە چیرۆکی «ڕەشە کوژی»دا خۆپاراستنە لە هەر چەشنە دەخۆنووسانێکی نووسین و تەنیا بە کەلک وەرگرتن لە تەسویر و فەزا بەو دەرکە دەگا کە کەلک وەرگرتن لە ڕۆڵی نمادینی ژیان ڕەنگە لە تەوەرەکان دوورمان کاتەوە، سووڕگەی زەینی مریەمی قازی لەو چیرۆکەدا ئەوەیە کە دەرحەق بە مەرگیش کەمتەرخەم نەبین.

نەستی مریەمی قازی لە کام سەرچاوەوە بەخێو دەکرێ؟! ئەگەر دونیای مریەمی قازی وەک دونیای گەلێک لە مرۆڤەکان پێبەندی بەستەرێکی کردەکی و خاوەن تواناییە، کەسایەتییەکەشی بە دوور نییە لە شارستانییەت و ژیار، هەر بۆیە لە ماوەی ژیانیدا تا ئێستا بەردەوام لە دوو بنەمای «مەرگ و ژیان»دا ڕوانیوییەتە مانا و موکاشفە و خۆی گەیاندۆتە شوێنێک کە پێی وایە «زەمان پەنجەرەیەکە پێیدا لە مەرگ و ژیان دەڕوانێ» و پێی وایە باشترین ڕێکار بۆ نەترسان لە مەرگ، ئەوەیە بیری لێنەکاتەوە. ئەوە مانیفێستی چیرۆکی «تەقینەوەیەک و ئیتر...»ە «هەستی تەنیایی باوەشی پێداگرتبوو»، «زەوی و ئاسمان لە خۆی بە تەنێتر» دەسپێکی چیرۆکی «خولانەوەن» کە بەر لە هەموو شتێک ئاماژە دەکاتە سەر بوونی مەحدوودییەت و سنووردارییەک لە سەر ڕێی مرۆڤ بۆ گەیشتن بە خوازەکانی. «تەنیایی و زەمان»کە یەکیان بەهێزترین بەڵگەی لەرزۆکبوونی نەهاد و پێکهاتەی مرۆڤە و ئەوی تریشیان داگیرکەر و بەرهەڵستی زانستی مرۆڤە بۆ گەیشتن لە تەقدیری خۆی. مریەمی قازی لەو چیرۆکەدا وەک میواندارێک، شێوازی چنینی سفرەی بێکەسی، نیشانی مرۆڤ دەدا.

«لە دەستمدا کە خەوتی
بەر لەوەی پاکانەی «باران» و «خەمی ئاو» بی
یا لە پاریزی ڕەنگدا،
یا لە حەشری بەفردا،
خەون بە سەبری بێزمانی دڵم و
هەموو جیهان ببینە»

موکریان مەڵبەندی زمانی ڕەسەنی کوردەواری
بە بەهانەی بڵاوبوونەوەی«سەمای سەرسامی» ئەرسەلان چەڵەبی
عەلی قاسمی

پێشبار

یەکێک لەم دیاردە بە نودرەتانەی کە لە جیهان‌دا هیچ یاسا و پێناسەیەکی تۆکمە هەڵناگرێ، ئەگەریش پێناسە هەڵگرێ ئەبەدی نییە. ڕەنگە شێعر بێ، بە واتایەکی تر شێعر کاری خۆی دەکا. هەر لە بەر ئەمەیە کە ناتوانین لە چوارچێوەیەکی تەسکی مانایی‌دا قەتیس بیهێڵینەوە. شێعر لە ڕووی تێئۆرییەوە ڕەنگڕێژ ناکرێ هەر چەند بۆ داڕشتن و بەردەوام خۆ نوێکردنە، تێئۆری پێویستە و شاعیر دەبێ خاوەنی پاشخانێکی دەوڵەمەندی فیکری بێ. شێعر، بە هیچ شێوەیەک دەستەمۆ ناکرێ لە خۆڕا نییە شاعیرێ کە ویستوویە فەزای «عدم قطعیت» لە شێعردا بخوڵقێنێ لە کارەکەی‌دا سەرکەوتوو نەبووە، تێئۆر، تەنیا شاعیر لەگەڵ گشتگرییەکی نەزەری ئاشنا دەکا و ئەوەی لەم ڕستەیەی بە ڕێ‌دا بۆمان دەردەکەوێ نەزەرە نەک «کردە» و «پڕاتیک». شێعر عیلم و زانست نییە هەر لەم ڕووەوە لەگەڵ عەقڵانییەت‌دا بەردەوام لە مشتومڕ دایە و شکڵە جۆراوجۆرەکانی هەندەسی ناناسێ، تەنیا شکڵێک کە دەکرێ بۆ شێعر لەبەر چاوی بگرین، شکڵێکی هەندەسی سەرسووڕهێنەر و سەیروسەمەرەیە. پیکاسۆ دەیگوت: گەرەکمە شکڵێک ڕەسم بکەم کە لە هەمانا کات‌دا کە وەک قتووی شقارتەبێتە بەر چاو، وەک چەکچەکیش بچێ، ئەوە ئەو پەڕی توانای هونەرمەند و دەقێکی هونەرییە کە بتوانێ فرە لایەنی یان چەند لایەنی بخوڵقێنێ هەتا هەر کەس بتوانێ بە گوێرەی توانای فیکری خۆی مانا بەرهەم بێنێ. بۆ وێنە ئەگەر ئەم شکڵەی بەرەوە لە پێش چاوی بینەرێک دابنێن و بە لایەوە، دایرە، سێ سووچ (مثلث)، لاکێش (مستطیل)، یان نیودایرە بێ هەر هەموویان ڕاستن: چوونکە ئەم شکڵە، ئەگەرچی هونەری نییە بەڵام هەموو ئەم شکڵانەی لە هەناوی‌دا هەیە، لەم جۆرە لە پێوەندی گرتن‌دا شێوەی تێفکرین و بینینی، بینەر زۆر گرینگە، ئالێرەدا ئەگەر باسەکەمان ڕاگوێزین بۆ ناو جیهانی زمانی شێعر ڕاستی قەیراناوی‌بوونیمان و لێڵیەکەیمان زیاتر بۆ دەردەکەوێ. ئەم لێڵیەی ئازاد ئەبدولواحید لە کتێبی «پشکۆ و خۆڵەمێش»دا نەک بە بێمانایی بەڵکوو بە چەند مانایی پێناسەی دەکا. بۆ ئەوەی کە شێعری لە سەر دڵی بەردەنگەکەی، جا چ خوێنەرێکی ئاسایی بێ یان ڕەخنەگرێکی بەتوانا، بنیشێ و کاریگەرێتی هەبێ. دەبێ بەرهەمی ئەزموونە هەموو لایەنەکانی ژیانی شاعیر بێ؛ بە گوێرەی بۆچوونەکەی کارڵ پوپێر دەبێ بچێتە ناو سێ جیهانەکەی ئەوەوە، جیهانی عەینی ــ زەینی، جیهانی نێوان زەینی و جیهانی عەینی ــ زەینی کە ئەم سێ جیهانە لە سەر یەکتر کاریگەرێتی بەرابەریان هەیە:

جیهانی عەینی

جیهانی نێوان زەینی

جیهانی عەینی ــ زەینی

دیارە حەڵقەی پێوەندی نێوان شاعیر و بەردەنگیش تەنیا زمانە و بەس، بەڵام ئەم زمانە دەبێ چ جۆر زمانێک بێ؟ کاتێک باسی زمان لە هەرێمی شێعردا دێتە ئاراوە یەکسەر ئەم ڕاستییەمان بە زەین دەگا کە لە نێوان زمانی شێعر و زمانی ئاخاوتن و پێوەندی‌دا جیاوازی هەیە، کەلکوەرگرتن لە زمان لە لای خەڵکی ئاسایی، ئامرازێکە بۆ گێڕانەوەی ڕووداوەکانی دەوروبەری خۆیان، ئەمە لە کاتێک دایە کە زمان لە دەستی شاعیردا هاوڕێ لەگەڵ خەیاڵ و هەست و تکنیکە ئەدەبییەکان بۆ گێڕانەوەی ئەو شتانەیە کە خەڵکی ئاسایی نایانبینین و نایانناسن و نایانزانن. نیچە دەڵێ: شێعر بوونەوەرێکی ترسانکە، چوونکە بە سەر زمانی ڕۆژانەدا بەتەواوی زاڵە و حکوومەت دەکا و دەسەڵاتی هەیە. ئەم وتەیەی نیچە لە هەناوی خۆی‌دا ئاماژە بە دوو جۆر زمانمان بۆ دێنێتە ئاراوە:

۱) زمانی ئەدەبی و هونەری بە هەموو ژانرەکانییەوە.

۲) زمانی پێوەندی و ماناگەیاندن و فامکردنی ئەو لایە مانایەی کە بێژەرێک گەرەکییەتی، بەردەنگەکەی لێ تێبگەیەنێ.

ئەگەر بمانهەوێ باسی تایبەتمەندییەکانی ئەم دوو جۆرە لە زمان بکەین سەرەکیترین تایبەتمەندی زمانی هونەری ــ ئەدەبی بە هەموو ژانرەکانییەوە خۆئیرچاعی بوونیانە، ئەم خۆئیرچاعی بوونە لە زمانی ئەدەبی مۆدێرن‌دا تۆخ و پڕڕەنگتر دەبێتەوە. دالّ تەنیا وشە نییە بەڵکوو لە تەواوی ئەو ماکانە پێکدێ کە دەڵاڵەت بەرهەم دێنن، بەم پێیە گرێبەستی نێوان دالێک و مەدلوولێک هەڵدەوەشێنێتەوە و وشە خاوەنی لایەی مانای جیاجیا دەبێ کە هەر کامەیان ڕەنگە بەپێی خوێندنەوەی خوێنەر ئاڵوگۆڕی بە سەردا بێت.

ئەگەر ئەدەب و وەفایی وەک یەکەم نوێنەری قوتابخانە شێعری نالّی لە موکریان بێننینە ئەژمار، ئەوا بە شوێن ئەوان‌دا «سیف‌القضات» دێتە گۆڕەپانەوە کە لە ژێر کاریگەرێتی بیری سیاسی سەردەمی مەشرووتەخوازەکان و هەستی نەتەوایەتی‌دا بەردی بناغەی شێعری بەرگری دادەمەزرێنێ کە دواتر کۆمەڵە شاعیرێک خولیای خۆی دەکا و بە شوێن خۆی‌دا ڕایاندەکێشێ شاعیرانێکی وەک هێمن، هەژار، سەید کامیل

ئیمامی، حەقیقی، نووری، خاڵەمین و... ئەم ڕەوتە درێژەی دەبێ تا سەردەمی بڵاوبوونەوەی تۆوی نوێخوازی لە شێعری فارسیدا و دواتر کاریگەرێتی لە سەر سوارە، فاتیحی شێخولئیسلامی، هاوار و... کە لەم بەرەیەدا سوارە لە هەموویان زیاتر دەرەوشاوەتەوە. تایبەتمەندی زمانی بەرەی یەکەم حاڵەتێکی ناوینە، یانی وشە لە نێوان زەمینیبوون و غەیری زەمینیبوونداً دەسووڕێتەوە. بەڵام ئیتر تۆخمی زاڵ لە بەرەی دووهەمدا بە سرنجدان بە ئاڵوگۆڕەکانی ئێران و ناوچە و ژیانی کۆمەڵگای کوردەواری گۆڕانی بە سەردا دێ و بەتەواوی دەکەوێتە بەر کاریگەرێتی شێعری نیشتمانییەوە. ئەوە لە بەرەی سێهەمدا ئیتر زمان دەبێتە زمانێکی هێماخوازانە. نموونەی بەرچاوی ئەم ماکە، خەوە بەردینەی سوارەیە. دوای ئەم سێ قۆناغەی کە باسمان لێیەوە کرد تا ڕادەیەکی زۆر بێدەنگییەکی ڕەش باڵ بە سەر شێعردا دادەپۆشێ تا دوای شۆڕشی ساڵی ٥٧ کە دیسان هەستی نیشتمانی دەبووژێتەوە، بە دامەزراندنی گۆڤاری سروە ئەم ڕەوتە گرۆتینێکی زیاتر بە خۆیەوە دەگرێ، لە دوای دامەزراندنی ئەم گۆڤارە پۆلێک شاعیر دێنە مەیدان کە بە توندی لە ژێری «تاثیری» زمان و ئاتمۆسفۆڕی شێعری کوردستانی باشوور دان، کە زیاتر دەتوانین ئاماژە بە پەشێو، لەتیف هەڵمەت، ڕەفیق سابیر، ئەنوەر قادر محەممەد، شێرکۆ بێکەس و... ڕەحیم لوقمانی، جەلال مەلەکشا، مارف ئاغایی، نوێنەری بەرەی دەهەی شەستن لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بەتایبەت ناوچەی موکریان، لە هەفتاکانداً پۆلێکی تر شاعیر دێنە مەیدانەوە بە هەمان زمانی دەهەی شەست وەک یوونسی ڕەزایی، ڕەسوڵ سۆفی سوڵتانی، محەممەد ئەحمەدی و... بەڵام ئەم پۆلە شاعیرە هەر زوو سێبەری کارتێکردنی زمانی درێ پەشێو و لەتیف هەڵمەتیان لە سەر لادەچێ و هەر کامەیان دەبنە خاوەن بوتیقای تایبەت بە خۆیان. لە ناوەڕاستەکانی دەهەی هەفتاکانداً تا ئێستا پۆلێک شاعیری تر دێنە مەیدانەوە ڕەنگە پێش ئەوەی لە ژێر ئەزموونی شێعری کوردستانی ئەو دیودا بن، چاکتر وایە بڵێین شێعری فارسیان خوێندووەتەوە و ناسیویانە و سێبەری ئەویان بە سەرەوەیە و لەم ڕێگەیەوە بە جۆرێ لە ژێر کاریگەرێتی شێعری مۆدێرن دان. هەر چەند زۆر بەر لە بەرەی چوارەمی شێعری موکریان شێعری مۆدێرن لە لایەن بەرەی سوارەوە تا دەگاتە یوونس ڕەزایی و ڕەسوڵ سۆفی سوڵتانی و محەممەد ئەحمەدی و چەندێکی تر لەم شاعیرانەوە تاقی کرابۆوە و هاتبووە ناو دونیای شێعری کوردییەوە.

یەکێک لەم شاعیرانە ڕەنگە هەر ئەرسەلان چەڵەبی بێ کە ئەزموونی ٤ ساڵ شێعری خۆی لە ژێر ناوی «سەمای سەرسامی»دا بڵاو کردووەتەوە. ئێستا با بزانین تایبەتمەندی زمانیی سەمای سەرسامی چییە و سیحری زمانی ئەم دەفتەرە شێعرە لە چی دایە؟

ئێستا بە سرنجدان بە ماکە پێکهێنەرەکانی زمانی سەمای سەرسامی دەتوانین ئاوا باسی بکەین:

١) عەینییەت خوازە، واتە (ئۆبژکتویستە).

٢) نەرم و نیانە و لە زمانی ئاخاوتن نزیکە.

٣) زمانی گوفتارییە.

٤) لە ماکی وەکوو بینین بۆ بەرهەمهێنانی مانا کەلک وەردەگرێ.

٥) زۆر جار کورتن بەڵام بروسکەئاسا مانای دەگەیەنن.

٦) هەر چەند هایکۆ نین بەڵام لە هایکۆ نزیکن و ناوی چرکانەی لە سەر داناون کە پێشتر ناوی چرکانە لە شێعردا بە کار براوە.

ئێستا دانە دانە ئەم خاڵانەی لە سەرەوە باسیان لێوە کراوە لە باری زمانییەوە لە هەناوی سەمای سەرسامیدا جێیان گرتووە شی‌دەکەینەوە.

عەینیەتخوازیی:

شکانەوە بە لای شت و ماک و لەنگەرگرتن لە سەر پاژەکان و خۆ دوور خستنەوە لە مەفاهیمی گشتی لە تایبەتمەندییەکانی عەینییەتخوازییە. لاکردنەوە لەم تایبەتمەندییە لە لایەک دەگەڕێتەوە بۆ ڕەفتار لەگەڵ شتەکان و ماکەکان لە شێعری بەرەی پێشوودا و لە لایەکی تریش سرنجدانە بە لایەنی جەزابی شێعری شاعیرانی وەک «ئەمیلی دیکنسۆن»، «ویلیلام کارلوس ویلیامز»، «ژاک پرەوێر» و تا ڕادەیەک «واسکو پویا» کە لە ڕێگەی وەرگێڕدروای فارسییەوە بە دەستی شاعیرانی ئەم بەرەیەی کوردستانی ئێران گەیشتوون هێندێ لەم شاعیرانە ــ ئەگەر لاپەڕەی گۆڤارەکان هەڵدەدەینەوە ــ بۆمان دەردەکەوێ کە لە شێعرەکانی«ضیاءموحد» و پێشنیارەکانی هوشەنگی گوڵشیری بێبەهرەنەبوونە. گوڵشیری بە پێداگرییەوە پێ لەسەر ناسیاسیبوونی شێعری عەینییەتگەرا دادەگرێ. شێعری عەینییەتخواز لە ڕەواڵەتا جۆرێک بەرپەرچدانەوەی ئەم شێعرانەیە کە دەیانهەوێ جیهان بگۆڕن و لە بەرابەر شێعرێکدا دەوەستێ کە کارەکەی پەیداکردنی بەردەنگە بۆ چەپڵەلێدان و لافی ئەمە لێنادا کە دەیهەوێ ببێ بە چرایەکی ڕووناکی ڕوون لە بەر دەم کۆمەڵانی خەڵکدا، کەوابوو بە لای شتەکانداً دەشکێتەوە و هەستەکەی بە سەر ئەواندا دەڕژێ، دەڵێی مەلە، لە گەڵیاندا دەفڕێ:

«یاغی ۱۱»

نایەتەوە لامان/ کە هەنگاوێک چ بنووسێ/ ڕەشتر لە وشەی بێبااڵ و/ ئەو باڵندەیەی بێباڵ دەنەخشێ/ نایەتەوە تنۆکێک تێڕاونین کە شەوقی مان دەسوێتەوە و/ سەرەتا دەنووسێتەوە کۆتایی/ کە زەمان زرمەی دێ و/ وڵات ژەنگاوی (سەمای سەرسامی، ل٥٤)

شێعری عەینییەتخواز نە دەگەڵ شەڕە، نە دەگەڵ خێر، ئەم بێلایەنییە دزە ناکاتە ناو هەستی فەردی شاعیرەوە، هەر بەم پێیە ناتوانین ناوی شێعری بەتەواوی مانا کرداری لە سەر دا بنێین.

«یاغی۱»

باوکم دەڵێ:/ شەقام شەقامی منە/ دایکیشم،/ تەواوی کۆڵانەکانی بەخشی/ نە باوکم بەخشەندەیە و/ نە دایکیشم داگیرکەر(سەمای سەرسامی،ل۲۳)

شێعری عەینییەتخواز، بە هەڕەشەکردنی فەننی بەیان و پێکهاتەی کەم و زۆر ناسیاو، دزە ناکاتە ناو سنوورەکانی زمان، بە واتایەکی تر شێعرێکی بەتەواوی زمانی و بەتەواوی خۆئیرجاعی نییە، پاراستنی ئەم یاسایە نەک هەر ئیراد نییە بەڵکوو بە هۆی ڕەفتاری غەریب و نەناسراو دەگەڵ دیاردە و شتەکان، تۆزی عادەت لە سەر شتەکان لا دەبا، هەر بۆیە کەمتر خوێنەرێک لە خوێندنەوەی ئەم جۆرە شێعرانەدا تووشی گرفت دێ:

«باغچە»

باغچەی حەوشەکەمان زۆر جوانە/ باغچەی حەوشەکەمان زۆر زۆر جوانە/ باغچەی حەوشەکەمان،/ بەیانیان دم و چاو ناشوات و لە خورێنی پێدەکەنێ،/ بە ڕووخسارم/ بە ڕوونی ڕووگەکانم/ بە ڕۆڕۆی ڕەگەزم/ بە خەونە خرپنەکانم/ باغچەی حەوشەکەمان شەکەتی شەکەت کردووە / ڕەنگی ڕووناکی داگیر کردووە/ باغچەی ماڵەکەمان تینووە و/ ئاوی بە دیل گرتووە. (سەمای سەرسامی، ل۱۹)

یەکێکی تر لە تایبەتمەندییەکانی شاعیری عەینییەتخواز «جزئی نگاری»یە بەڵام تا گۆشەنیگای شاعیر، ئەویش تەنیا بە باسکردن لە سرووشت نابڕێتەوە بەڵکوو زۆر جار بە سەر لەش و گیانی لەتلەت کراوی مرۆڤەکاندا دەبارێ، بەم شێوەیە شاعیری عەینییەتخواز ڕۆح وەبەر شتەکان دەنێ:

«یاغی ۱۰»

ئاوارەیی/ ئاوا بوون/ ئاسەوار لە ولاتێکی خاپوور / تاسە بۆ تنۆکێک تەمەنی تووڕە و/ هەڕەشە لە فرمێسک/ بە دڵپڕی/ گریانێکی گەمارۆدراو لە لەشی سارد و/ سەودایەک/ لە گڕوویەکی منداڵانە/ تا/ مەیدانی منداربوونەوەی پیاوەتی/ قورسایی لە قەبااڵی/ پاروویەکی چۆڵ و/ مان لە باوەشی/ بەزەیی‌دا. (سەمای سەرسامی، ل۵۲ ــ ۵۳)

لە شێعری عەینییەتخوازانەدا هەستێکی (عەینێ- گوفتاری)، (گوزارشێ- وێنەیی) و تغەزولێکی وردی نووسیاری دەبیندرێ کە هەر لە سەمای سەرسامیدا دەتوانین نموونە لە هەر سێ بەش بێنینەوە، هەر بەو چەند نموونەیە بەرێ واز لەم بەشە دێنین.

دووهەم تایبەتمەندی تری شێعری سەمای سەرسامی نەرمونیانبوون و نزیکبوونیانە لە زمانی ئاخاوتن و پێوەندی — ئەمە تایبەتمەندییەکە لە زمانی شاعیرانی دەر و دراوسێیەکان‌دا بە جوانی دەبیندرێ ڕەنگە فرووغ بەرچاوترین شاعیری ئەم جۆرە شێعرانە بێ کە دواتر سەید عەلی سالحی و فەهیمە غەنی‌نژاد و نازەنین نیزام شەهیدی و زۆری تر لە شاعیرانی فارس بە شوێنی‌دا ڕۆیشتن.

«دابڕان»

لە مانگە شەوێکی جوانا/ یەکترمان ناسی/ یەکترمان ماچ کرد/ یەکترمان دزی/ ئەو ڕۆژەی لێک هەڵوەشاین/ مانگ/ قژی/ بە سەر/ خۆرەوە نەهێشت. (سەمای سەرسامی،ل۳۲)

سێهەم تایبەتمەندی سەمای سەرسامی زمانێ- گوفتارییە، سەیر کەن وێڕای نزیکبوون لە زمانی ئاخاوتن و پێوەندی تا ڕادەیەک توانیویە زمان تووشی ڕاسان بکا، هەر لە شێعری «دابڕان»دا، «ترکیباتی» وەک: یەکترمان دزی/ ئەو ڕۆژەی لێک هەڵوەشاین/ و مانگ قژی/ بە سەر/ خۆرەوە/ نەهێشت/ ڕاست تایبەتمەندی ڕاسان لەخۆ دەگرن کە بۆیە کەم جار فۆرمالیست و دواتر پێکهاتەخوازەکان کەڵکیان لە کورتە ڕستەی ڕاسانی وشە لە شێعردا وەرگرت کە لە زمانی فارسی‌دا بە «رستاخیز کلمات» ناسراوە.

چوارەم تایبەتمەندی سەمای سەرسامی کەلکوەرگرتن لە ماکی بینینە بۆ بەرهەمهێنانی مانا، ماکی بینین بەم مانایە کە شێعر وێڕای ئەوەیە کە دەبێ ببیسترێ پێویستی بە بینینیش هەیە چوونکە جۆرە وشە وا دادەڕێژرێ کە حەتمەن بۆ ئەوەی بتوانین لە باری ماناییەوە خۆی لە قەرەی بدەین پێویستی بە بینینیش هەیە سەیر کەن:

«یاغی ۷»

ئەگەر بێتوو
ئەو پاییزە
لە سوێ تۆدا لە خۆی هەڵدا
پەنجەکانم
هە
ڵ
ن
ا
وە
ڕێن.

(سەمای سەرسامی، ل٤٣)

کە ئەم شێعرە بە هەڵوەرین «هەڵ ناوەرێن» لە زەینـدا ڕەنگڕێژ دەکا.

نموونەیەکی تر:

«جومعە»

ئەمڕۆ جومعەیە و بزەم دێتێ
دوێنێ گریام
سبەی فرمێسک پیسی کردم
ئەمڕۆ شاعیرێک
د
ۆ
ڕ
ا.

(سەمای سەرسامی، ل٧٥)

خاڵی پێنجەم و شەشەم و تایبەتمەندییەکانیان بە یەکەوە باس دەکەین:

تایبەتمەندییەکی تری سەمای سەرسامی کورت، بەڵام بروسک ئاسا گەیاندنی لایەی پەیام یا باشتر وایە بڵێین پەیامەکانن کە ئەمە خسڵەتی لایەی چڕی زمانی شێعر دەگەیەنێ کە شاعیر دەتوانێ بە کەمترین وشە بە سەر جۆرەکانی مانامانـدا بخات. ئێستا با بزانین بۆ چرکانەن و هایکۆ نین، هایکۆ جۆرێک فۆرمی شێعری ژاپۆنییە کە درێژایی تەمەنی دەگەڕێتەوە بۆ نزیکەی دوو هەزار ساڵ بەر لە ئێستا و لە ١٧ برگە یانی لە سێ یەکەی (واحدی) پێنج، حەوت و پێنج برگەیی پێکدێ (هایکۆ وێڕای ئەوەی کە دەبێ ١٧ برگەیی بێ، دەبێ هەر دێڕی، سەربەخۆیی مانایشی هەبێ). لە هایکۆدا ڕاستەوخۆ ئاماژە بە کیرەجی (**kireji**) یانی وەرز و بە کیگۆ (**kigo**) یا نیشانەکانی وەرزی کراوە، نیشانەکانی وەرزی دەبنە پێنج بەش: بەهاری، هاوینی، پاییزی، زستانی و نەورۆزی. دیارە نیشانەکانی نەورۆزی بە هۆی نوێبوونەوەی ساڵی زایینی لە زستانـدا لە بەشی زستانیـدا جێ دەگرێ، کەوابوو بە شێوەی گشتی ٤ وەرز و چوار نیشانەی وەرزیشمان هەیە. لە هایکۆی مۆدێرنـدا ئەوەی کە لە پێشوودا بۆ قالب و فۆرمی هایکۆ ڕێسا کرابوو بەتەواوی تێکچووە. «مانفرد هاوسمان» وەرگێڕی ئاڵمانی باوەڕی وایە کە هیچ زمانێک جگە لە زمانی ژاپۆنی ناتوانێ لە ١٧ برگەدا، ئەو مانایانە بگەیەنێ کە شاعیری ژاپۆنی لە قالبی هایکۆدا دایدەڕێژێ. لە شێعری کوردیـدا بەم زووانە کتێبێک لە کاڵێ گوڵابی ئازەر لە ژێر ناوی «با*با* چێتر نەتانخووسێنێ» بڵاو بووەتەوە کە لە بواری پێکهاتە و زۆر جێگاش زمانەوە خسڵەت و تایبەتمەندی هایکۆیان هەیە. بەڵام ئەوەی کە لە سەمای سەرسامیـدا دەیانبینین چرکانەن و بە حەق ناوێکی جوانیشیان بۆ هەڵبژاردووە:

هەواڵنامەی کتێب

«یاغی۲۲»

ئێوارەیە و
بەڵێن دەدەم پێنەکەنم
ڕێگەم بدە
بێمە ناو تاریکیتەوە
(سەمای سەرسامی، ل۸۵)
یان:
تۆ کە بارانت سووتاند
چ دەشتێک گریا و
چ ئاسمانێک پێکەنی.
(سەمای سەرسامی، ل۱۲)
یان:

«یاغی ۳»
بەفر
لە باوەشی هەتاودا
خەو دەبیاتەوە
لە باوەشی ژنێکیش،
پیاوێکی ناز ناز.
(سەمای سەرسامی، ل۲۷)

تێبینی: ئەو پۆلە شاعیرەی لە ناو جۆگرافیایی موکریان‌دا ناژین بەڵام لە بواری زمانییەوە لە ژێر کاریگەرێتی زاراوەی موکریانی دان، لە پۆلێنکردن‌دا هەر بە شاعیری موکریانیان دەناسین.

سەرچاوەکان:

۱- گزارەهای منفرد، علی باباچاهی، مسائل شعر و بررسی انتقادی شعر جدید و جوان امروز، جلد ۲ ـ ۲و ۲ ــ ۱، انتشارات سپنتا.
۲- بحران رهبری نقد ادبی رسالەی حافظ، رضا براهنی، گفتگوی ملک ابراهیم امیری، تهران ــ ۱۳۵۷ .
۳- تاریخ تحلیلی شعر نو، شمس لنگرودی، نشر مرکز در چهار جلد.
٤- دو هفته نامەی ادبی، فرهنگی، اجتماعی رودکی، اردیبهشت ۱۳۸۹ سال پنجم، شمارەی ٦۱ و ٦۲
٥- بوتیقای نو، جلد۱، زیر نظر منصور کوشان، بهار۱۳۷٤.

تیۆرامانێک له سەر ڕۆمانی "نازی" نووسراوەی زەینەب بابایی

جەلال پوورحەسەن

لە سەرەتای باسەکەدا دەمەوێ باس لە بوونی چوار عونسۆری داستانی کە بۆ هەر جۆرە چیرۆک یا ڕۆمانێک پێویستە بکەمە و دواتر ئەو چوار عونسۆرە لە نێو ئەو ڕۆمانەدا هەڵدەسەنگێنم.

١. ناوئاخنی دەق (دەروون مایە): چ دەگوترێ یا دەنووسرێ (مەبەست یا موزووعییەت).

٢. چوارچێوەی دەق (ساختار): مەحتەوا چۆن ساز دەکرێ و چیرۆک چ قەوارەیەک بە خۆیەوە دەگرێ؟

٣. شێوەی دەق (سەبک): بۆ مەحتەوا چ زمانێک دێتە ئاراوە یا بە واتایەکی تر، نووسەر لە چ شێوە زمانێک بۆ دەربڕینی مەبەستەکەی خۆی کەلک وەردەگرێ؟

٤. کاریگەری دەق (عەمەلکەرد): دەق چ کاریگەرییەکی ڕاگەیاندنی هەیە یا پەیامی دەق چییە؟

ئەگەر بمانهەوێ لێکدانەوەیەکی جێی سرنج هەبێت لەسەر ڕۆمانی نازی، دەبینین دەروونمایەی دەقەکە (مەبەست) گوزارشت لە نەدامەتی و کوێلەتی نازی دەکا، ئەو نەدامەتییەی لەو کاتەوە دەست پێدەکا کە نازی لە ڕووداوێکی هاتوچۆدا دایک و باوکی لە دەست دەدا و ئەوە دەبێتە سەرەتای دەستپێکردنی ئەو نەدامەتییە، لێرەدا دەردەکەوێ کە مەبەستی ڕۆمانەکە باسی لە ژیانی نالەباری هەتیوە دەکا لە نێو کۆمەڵگای ئێراندا جا ئەو کاتەی کە ئەو هەتیوە کچیش بێ، هەر ئەوەندە دژوارتر.

چوارچێوەی دەق (ساختار) هەتا ئێرە تەنیا نووسەر دەتوانێ هەم مەبەستی نووسینەکەی هەڵبژێرێ و هەم چوارچێوەکەی، دەبینین کە چوارچێوەی ئەم چیرۆکە بڵێند و دوور و درێژە و چەند کورتە چیرۆکی دیکەش دێن و لە پەنا باسی سەرەکی داستان دێنە گۆڕێ و هەر یەک لەو کورتە چیرۆکانەش لە چەندین کەسایەتی پێکدێن. هەر چەند ناشیانە ئەو کورتە چیرۆکانە لە پەنا باسی سەرەکی چیرۆک هاتوونە گۆڕێ ـ کە لە دواییدا باسیان لێدەکەین ـ ئەوە نیشان دەدا کە ئێمە لەگەڵ ڕۆمانێک ڕووبەڕووین. شێوە (سەبک)ی دەق بە چ زمانێک ئاراستە خۆی دەخاتە ڕوو؟ کام یەک لە تەکنیکە نوێیەکانی زمانی، لە نێو ئەو دەقەدا کەلکی لێوەرگیراوە و دەچێتە ناو کام سەبکی نووسینەوە؟ هەر چیرۆکێک بەو ئاراستە زمانییەوە کە هەڵسوکەوتی دەگەڵ دەکا، سەبکی نووسینی خۆی هەڵدەبژێرێ. هەر چەن نووسەر تا ڕادەیەک لە هەڵبژاردنی سەبکدا ئازاد و ڕەهایە، بەڵام تەنیا نووسەر بڕیاردەر نییە چونکە لێرەدا ڕۆڵی خوێنەریش گرینگ دەبێ ئەویش بۆ هەڵبژاردنی سەبکی نووسراوەکە ڕەهایە و دەتوانێ چیرۆکەکە لە نێو خانی هەر سەبکێکی نزیک لە باوەڕی بهاوێ. لە نێو ئەم ڕۆمانەدا هیچ تایبەتمەندییەکی چیرۆکی مۆدێڕن یا پۆستمۆدێڕن نابینم. نە شێوەی داڕشتنی کەسایەتییەکان مۆدێڕنە، نە فکر و هزری هەڵبژاردنی ئەو شێوە زمانییە. ئێمە دەزانین کە چیرۆکی مۆدێڕن بۆ دژایەتی لەگەڵ سیستەمی بورژوازی هاتە گۆڕێ و ڕەخنەی بورژوازی وەک گەورەترین ئاواتەکانی چیرۆک نووسەکانی مۆدێڕنە. لێرەدا هیچ کێشەیەکی مۆدێڕن باسی لێنەکراوە و هیچ ڕەخنەیەک لەو سیستەمەی ئامارەمان پێکرد نەهاتۆتە ئاراوە، بەڵکوو چیرۆکەکە کێشەیەکی کلاسیکە و بە بۆچوونی من ئاوایە کە ئەو ڕۆمانە نەیتوانیوە کە هەژاندنێک لە نێو بیرۆکەیەکی نوێدا ساز بکات. کاریگەری دەق (عەمەلکەرد) لەو ڕۆمانداً: هەر وەک دەردەکەوێ پەیامی نووسەر نیشاندانی کۆمەڵگایەکی پیاوسالارە کە لەوێدا ژن وەک بەرخێک چاوی لێکراوە کە گورگی درندەی پیاو لە کەمینی دانیشتووە و سەودای پێدەکات و ملکایەتی خۆی بە سەردا داسەپاندووە. نووسەر لێرەدا لە جێی ئەوەی کە سیستەمی پیاوسالاری بباتە بەر ڕەخنە و وردبینی، پیاو بە نوێنەری ئەو سیستەمە لە قەڵەم دەدا و میزی محاکەمەی بۆ دادەنێ و لە لایەن کەسایەتی ژنەکانی نێو ڕۆمانەکە حوکمی نەمان و لە نێوچوونیان بۆ دەردەبڕێ کە ئەمن ئەوە بە لایەنی زۆر لاوازی ڕۆمانەکە دەزانم. سازدانی هەستی بێزاری لە پیاو بە جێی سازدانی هزری گۆڕینی سیستەمی پیاوسالاری. هەر وەک ڕوون و ئاشکرایە لەو ڕۆمانە زیاتر لە یەک پەیام وەرناگیرێ چون قەتعییەت لە هەر پەیڤ و وشەیەکدا دەسەڵاتی کەلامی خۆی ڕاگرتووە و تەئویل خەسێندراوە کە ئەوەش وای کردووە کە هزری خوێنەر هاوتەریب لەگەڵ هزری نووسەری ڕۆمانەکە بەرەو پێش بەرێت.

نازی ڕەوایەتی (گێڕانەوەیی) یەکێک لە بۆچوونەکانی کەتێ هامبورگێری ئاڵمانییە لە نێو کتێبی مەنتقی بەرهەمی ئەدەبیدا بەو شێوەیە ڕوو دەدات: لە نێو دەقێکی ڕاستەقینە (واقعی) کاتێک باس لە ڕووداوێک یا هەر شتێک دەکرێ، ئەو ڕووداوە دەکەوێتە چوارچێوەی زمانی، هەر بۆیەش مەنتقی زمان گێڕانەوەکەی دەخاتە ژێر گوشار. بۆ وێنە کاتێک باس لەوە دەکرێ کە دوێنی تیمی مەهاباد بۆ ئامادەکاری چوو بۆ شاری سەردەشت، لێرەدا ئاوااڵکاری دوێنێ هەیە و کرداری «چوو»ش نیشاندەری ڕووداوێکی تێپەڕیوە، یانی ئەو شتە لە زەمانی تێپەڕیودا ڕووی داوە بەڵام لە نێو چیرۆکدا دەکرێ ئاوا نیشان بدرێ ((دوێنێ تیمی مەهاباد چوو بۆ شاری سەردەشت و سبەینێ یارێکەی بەڕێوە برد)) لێرەدا ئاوااڵکاری «سبەینێ» لەگەڵ کرداری «بەڕێوە برد» هاتووە کە ئاوااڵکاری «سبەینێ» داهاتووە و کرداری «بەڕێوەبرد» زەمانی تێپەڕیوە، بۆمان دەرکەوت کە لە نێو چیرۆکێکدا دەسەڵاتی زمانی بەرئاوەڵاتر دەبێت هەر وەک ئەو ڕووداوە هەر ئێستا و لێرە و لە پەنا من

ڕووی دابێت، جیاوازی نێوان گوزارشتێکی مێژوویی و گێڕانەوە خەیاڵی بەو شێوەیە لە نێو گێڕانەوەدا ڕوو دەدات. لێرەدا دیار و ئاشکرایە کە ئاوااڵکاری سبەینێ لەگەڵ کرداری زەمانی تێپەڕیودا بەکار هاتووە ئەوە نیشان دەدا کە مواڵکی زمان لە نێو بەرهەمێکی خەیاڵیدا بەرفراوانتر دەبێت. هەر وەک ئاماژەمان پێ دا، ڕۆمانی نازی دەکەوێتە گێڕانەوەی بەرهەمی خەیاڵی. هەر وەک ئەو ڕووداوانە هەر ئێستا و لێرە و لە لایەن خوێنەرەوە دەگێڕدرێتەوە، هەر بەو هۆیەش خوێنەر پێبەپێ بە شوێن ڕووداوەکانی چیرۆکدا دەڕوا و سەر لە کۆاڵن و ماڵ و قوتابخانە و نێو ئۆتۆمبیل دەردەهێنێ، گوێ دەداتە قسەکانی نەستەرەن، فاتمەخانم، ئەحمەد ئاغا، لەگەڵیاندا هەمزادپێنداری دەکات لەو لایەنەوە ڕۆمان سەرکەوتوو بووە.

زاویەی دیتن: لە نێو هەر جۆرە چیرۆکێکدا سێ شێوە«زاویەی دیتن)»مان هەیە: زاویەی دیتنی یەکەم کەس، سێهەم کەس، شەخسگانە. لەنێو زاویەی دیتنی یەکەم کەسدا، ڕاوی خۆی لە نێو چیرۆکدا بوونی هەیە کە یا ڕووداوەکانی تەجروبە کردووە یا دیتوویەتی یا لە لایەن کەسایەتییەکانی دیکەی چیرۆک لە ڕووداوەکان تێگەیشتووە. لێرەدا چۆنییەتی گێڕانەوە یانی «ئەمن ـ راوی»ە؛ بەو شێوەیە: بەیانی کە لە خەو هەستام... زاویەی دیتنی سێهەم کەس: لەم شێوە چیرۆکەدا ڕاوی لە نێو چیرۆکدا بوونی سەرڕاستی نییە و لە دەرەوەی دونیای چیرۆکە؛ لەم شێوە نووسینەدا کە بە ڕای زۆرینەی زۆری نووسەران باشترین زاویەیە بۆ نووسینی چیرۆک. ڕاوی وەک نەقل گێڕەوەیەک باس لە کەسایەتی و ڕووداوەکانی نێو چیرۆک دەکا و لە هەموو کەلێن و قوژبنی نەهێنی و ئاشکرای نێو چیرۆک ئاگادارە و دونیای دەروون و دەرەوەیی کەسایەتییەکانیش بە باشی باس دەکا لێرەدا ڕاوی «دانای کوللە» و چۆنییەتی گێڕانەوەش «ئەو ـ راوی»یە. لە زاویەی دیتنی شەخسگانەدا لە نێو و دەرەوەی دونیای چیرۆک ڕاوی بوونی نییە و دەمامەکی بە سەردا کێشراوە و خوێنەر لە ڕێگای بازتابەوە لەگەڵ ڕووداوەکانی چیرۆک ئاشنا دەبێت کە پێی دەڵێن بازتابندە، ئەوە زیاتر لە تایبەتمەندی چیرۆکەکانی پۆستمۆدێرنە.

لە نێو ڕۆمانی «نازی»دا چۆنییەتی گێڕانەوەی «ئەو ـ راوی»یە و زاویەی دیتن، سێهەم کەسە لێرەدا ڕاوی دانایی کوللیشە و گوزارشت لە دونیای دەرەوە و ناوەوەی کەسایەتییەکان دەکا و لە خۆشی و ئازارەکانیان ئاگادارە. بۆ وێنە: ((طوبا خانم از وقتی که فهمیده بود که دیگه بچەدار نمی شه همش دلش میخواست یک بچەی بیکس رو بیاره و بزرگش کنه . گرچه قبول کردن این مسئله برای نازی سخت بود که همین طور قاطی زندگی دیگران بشه ولی وقتی خوب فکر کرد و از حرفهای این زن و شوهر فهمید که مدتهاست که میخواهند دختری رو به فرزندی قبول کنند و خوب میدانست جای دیگەای هم برای رفتن نداشت سکوت کرده بود و پیش خودش گفت: یک مدتی میمانم در عوض براشون کار میکنم)). هەر چەن لە ماوەی ئەو چەند ساڵەی ڕابردوودا نووسەران هەڵگرتنەوەیەکی نالەباریان لەو چیرۆکانە کردووە کە لەوێدا ڕاوی دانای کوللە، بەاڵم لەو ڕۆمانەدا لە جێی ئەوەی کە نووسەر ئیزن بدا کەسایەتییەکان لە نێو چیرۆکدا ڕۆڵ بگێڕن و نیشان بدا چ ڕوو دەدات دەست لە نەقاڵی ڕاوی هەڵناگرێ و لە ڕێگەی گێڕانەوە دەستی خۆ ڕوو دەکا کە ئەوەش بە لایەنی الوازی ڕۆمانەکە دادەنێم.

لە کۆتاییدا دەمەوێ تا ڕادەیەک «سێنخناسی» کەسایەتییەکانی نێو ڕۆمانی نازی بکەم لە نێو ئەو ڕۆمانەدا ١٤ کەساتەتی پیاو و١٣ کەسایەتی ژن هەن کە بڕێک لەو کەسایەتیانە لە نێو چیرۆکدا بوونی سەرڕاست (موستەقیم)یان نییە بەڵکوو لە لایەن کەسایەتییەکانی دیکەی چیرۆکەوە لەگەڵیان ئاشنا دەبین، بەاڵم لێرەدا نامەوێ قسە لە سەر ئەوە بکەم، ئەوەی دەمەوێ ئاماژەی پێبدەم. باری مەنفی و موسبەتی کەسایەتییەکانە، لەو ١٤ کەسایەتییە کە لەو ڕۆمانەدا هاتوون ١٠ کەسایەتی مەنفی و ٤ کەسایەتی موسبەتن و لە ١٣ کەسایەتی ژنی مەنفی ڕۆمانەکەدا ٢ کەسایەتی مەنفین و ١١ کەسایەتی موسبەتن.

کەسایەتییە پیاوەکانی نێو چیرۆکەکە لێرەدا بۆ دەرکەوتنی نەقشەکەیان لە نێو ڕۆمانەکەدا بە نیشانە +و — دیاری دەکرێن و ڕۆڵی مەنفی یا موسبەتەکەیان دەردەخەین: کەسایەتییە پیاوەکان: سیاوەش ـ، محەممەد +، عەموو ئەحمەد +، کەیوان ـ، ناسر ـ، داود ـ، شەهاب ـ، ئاغا کەماڵ ـ، شەهرام +، شۆفیری تاکسی ـ ، خاوەن ماڵە خراپەکە ـ، دوو پیاوی جحێل ـ، ئاغا سولەیمان +، فەرهاد ـ.

کەسایەتییە ژنەکان: نازی +، نەستەرەن +، شەهناز ـ، زەهرا +، شیلا +، مەرزیە +، ئەکرەم خانم +، فاتمەخانم +، ژنی هاوڕێی شۆفیرەکە ـ، ملووک +، کوبرا خانم +، توبا خانم +، لەیلا +.

دەبینین کە زۆربەی ئەو کەسایەتییە پیاوانەی کە لە نێو ئەو ڕۆمانەدا باسیان لێکراوە نەک لە نێو خودی ڕۆمانەکەدا بۆ ئەو نەقشەی پێیان دراوە ڕێگەی بەرگری لە خۆیان نەدراوە بەڵکوو لە لایەن کەسایەتییە ژنەکانی نێو ڕۆمانەکە قەزاوەتیان لەسەر کراوە کە ئەوەش ئاستی ڕۆمانەکە دادەبەزێنێ بۆ وێنە کەسایەتییە پیاوەکانی وەک: کەیوان،ناسر مێردی فاتمە خانمی هاوسێی نازی، داود زڕباوکی نەستەرەن، شەهاب حەزی نەستەرەن، خوێنەر لە نێوان دیالۆگی نێو ڕۆمانەکە یا ئاکاری کەسایەتییەکانەوە لە نەقشی مەنفی ئەوان تێناگات بەڵکوو لە ڕێگای ئەو قەزاوەتەی لە سەریان دەکرێ بۆی دەردەکەوێ کە باشن یا خراپ، نووسەر بۆ بەرگریکردن لە ئەو ژنەی کە سەم دەدا بە نازی تا بێهۆش ببێت و بیباتە نێو ئەو ماڵەی کە لە وێدا دەستدرێژی دەکرێتە سەر نازی ئەو پاساوەی بۆ دێنێتەوە کە چوون ئەو نەدار بووە و دەیهەویست

زگی منالّه ڕەشوڕووتەکانی تێر بکات ئەو کارەی کردووە کە بەو شێوەیە بەرگری لە نەقشی مەنفی ئەویش دەکات. کێشەی ناوخۆی ڕۆمانەکە لە کۆتایی ڕۆمانەکە و لە کۆتایی خوێندنەوەیدا ئەوە لە هزری خوێنەر ساز دەکات کە پیاو زاڵمە و ژن زوڵملێکراو و لێقەوماو و ئەوە تەنیا حەقیقەتێکە و بە هیچ جۆرێک ناگۆڕێ. بەڵام هەر کە دەڵێن باشە بۆ ئەو کەسایەتیانە خراپن دەبینین کە تەنیا ڕێگەی بە خراپ زانینیان ئەو قەزاوەتە ژنانەیە کە زۆر ناشیانە لە لایەن خوێنەرەوە شوێنی دەگیرێ و تا دونیای نێو هزری نووسەرمان دەبات و بە چەند نیشانەی پرسیار و سەرسووڕمان دەمێنێتەوە. بە سرنج لەسەر کەسایەتی فەرهاد و بڕێک وردبینی دەردەکەوێ سەرەڕای ئەوە کە فەرهاد لە دڵ و گیانەوە نازی خۆش دەوێت و ئاواتی ئەوەیە کە نازی ببێتە هاوسەری، بەڵام ئەمن فەرهاد بە تەنیا هۆی مردن و خۆکوژی نازی دەزانم و هەر بۆیەش بوونی لە نێو ڕۆمانەکەدا بە مەنفی دەزانم چوونکە ئەگە فەرهاد داوای لە نازی نەکردبا، ببێتە هاوسەری نازی دەیتوانی بە ئاواتی خۆی بگات و بچێتە زانکۆ و بخوێنێ. هەر وەک ڕوون و ئاشکرایە ئەوە تاکە ئاواتی نازی لە نێو ئەو ڕۆمانەدا بوو کە فەرهاد ئەویشی لێ زەوت کرد و بە زانینی ئەوەی کە ئیدزی هەیە و ئەوەش لە دوای دەرکەوتنی ئەنجامی ئازمایشەکەیدا بوو و هەر ئەوەش بوو بە هۆی خۆکوژی نازی. هەرچەند لە نێو ئەو لێکدانەوەی خۆمدا دەمهەویست باس لە سەر شێوەکانی تەک گوویی، یا خۆدگوویی، یا جەریانی سەیالی هزر بکەم بەڵام بە هۆی ئەوە کە لەو چیرۆکەدا هیچ کامیان بوونیان نەبوو، ئەمیش لە باسکردنیان خۆم پاراست.

هەوالنامەی کتێب



وتووێژ



حەمەسالّە سووزەنی



ڕۆژ هەڵەبجەیی



مراد ئەعزەمی



ئامادەکردنی: هەرمان وەتمانی

وتووێژی تایبەتی "بەرهەم" دەگەڵ بەڕێزان حەمەسالّە سووزەنی، ڕۆژ هەڵەبجەیی و مراد ئەعزەمی

ئامادەکردنی: هەرمان وەتمانی

١.«دەقی ئەدەبی ئارەزووی ئیشکردنی ڕەخنەیی دەجوولّێنێت بەڵام ناتوانێت مێتۆدی ئەو ئیشکردنە دیاری بکات»، هەر بەم پێیە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیدا تا چەن ڕەخنەی ئەدەبی بۆ دەستنیشانکرنی دەقی سەرکەوتوو بە تایبەت لە بواری شێعردا ئەکتیف بووە و ئەو مێتۆدەی ڕەچاو کراوە تا چەن بۆ ناساندنی شاعیری داهێنەر جێی متمانە بووە؟

سووزەنی: هەموو مێتۆدە ڕەخنەییەکان هەوڵ دەدەن پشت بە وزەی ناو دەق بەستن و لە دەروونی دەقەوە خوێندنەوەکان ئاراستە بکەن. مەبەستم خوێندنەوە نوێیەکانی سەردەمە. بۆ وێنە ئەگەر دەقێک کە بەپێی گەڵالە و داڕشتێکی پتەو ئاراستە کرابێ وا هەڵدەگرێ ئەو داڕشتە لە خوێندنەوەشدا شی بکرێتەوە، کەوایە ڕاستە دەقێکی دەوڵەمەند هەڵگری چەندین خوێندنەوەی ڕەخنەییە بەڵام هەموو ئەو خوێندنەوانە ناڕاستەوخۆ لە لایەن دەقەوە دیاری کراوە بۆ وەی ڕەخنە لە ڕاستیدا بەپێی کاریگەریی دەق لەسەر خوێنەرانی ئاسایی و مامناوەند و چالاک دێتە ئارا. واتە خوێنەر ناتوانێ دەقێکی سوڕێئال بە مێتۆدی ڕێئالیسم بخوێنێتەوە و بە پێچەوانەوە. کێشەی خوێنەرانی نەریتی ئێمەش هەر لێرەوە سەرچاوە دەگرێ. ئەو وا ڕاهاتووە دەقێک بمژێ و لەڕێوە «پەیام»ەکەی وەربگرێ و بڵێ ڕاستە یان بە سەلیقەی خۆی بڵێ هیچ نییە! ناخۆشە! ئەو خوێنەرە ئەگەر بڕیارە شێعر هەڵسەنگێنێ؛ چەند یاسایەکی نەگۆڕی لای خۆی گەورە کردۆتەوە و شێعرەکانی پێ دەپێوێ و هەرگیز بیر لەوە ناکاتەوە کە ڕەنگە یاساکان بگۆڕدرێن یان شێعرێک بەپێی یاساکانی ئەو نەنووسرابێ. ئاشکرایە ئەگەر خوێنەرێک هەموو شێعرێک بە پێی عەروز و بەدیع و قافیە هەڵسەنگێنێ، شێعرێ نوێ بە شێعر نازانێ و لە شێعری نوێشدا ئەوەی جەخت لە سەر وێنە دەکا، ڕەنگە ئەو شێعرانەی پشت بە وێنە نابەستن بە شێعر نەزانن و ...

لێرەدایە کە ڕەخنە دەبێ بێتە گەڕ و گومان بخاتە سەر یاسا چەقبەستووەکان و ڕێسا نوێیەکان لە دەقی نوێدا ڕوون بکاتەوە و ڕاڤەکاریی خۆی ئاراستە بکات. بۆ وێنە لە حەفتاکانەوە شێعرگەلێک لای خۆمان خولّقا کە سەر بە ڕێساکانی شێعری شێرکۆیی و پەشێوی نەبوون و لە لایەن کەسانێکەوە وەک شێعری جیاواز خوێندرانەوە، بەڵام ئەو خوێندنەوانە سەر بە مێتۆدێکی دیاریکراو نەبوو و باوەکوو دەقەکانی لە نامۆیی هێنایە دەر و هەنێکیانی لێ بەرجەستە کردەوە، بەڵام بەگشتی یارمەتی دەقەکانی نەدا کە کەلێنەکانی بۆ خوێنەران پڕ بێتەوە و لە دڵان نیزیکیان بکاتەوە... بەڵام لە هەمانحاڵدا شێعری شێت بۆ ئەوەی بەپێی مێتۆدێکی دیاریکراو و لە لایەن ڕەخنەگرێکی لێهاتووەوە هاتە ناسەکرن و هەندەسەکەی بۆ خوێنەران ڕوون کرایەوە، دەبێتە شێعری سەردەمی کوردی و زۆر شاعیری دیکەش بەلای خۆیدا ڕادەکێشێ. کەوایە لە وڵامی بەشی دووهەمی پرسیارەکەدا دەڵێم؛ بەڵێ! ڕەخنەی کوردی لە ڕۆژهەڵات بەگشتی لە ڕێگای چەند خوێندنەوەیی و خوێندنە نوێیەکانی سەردەمەوە، بە شێوەی پۆزیتیف هاتە مەیدان و هەندەسەی زۆرێ لە شێعرەکانی کێشایەوە بەڵام هێشتا کاری زۆرە و زۆر شێعری دیکە لای خۆمان هاتوونەتە مەیدان کە ڕەخنەگرانمان هێشتا نەیانخوێندۆتەوە و مێتۆدێکیان بۆ دیاری نەکردووە و پێناسەیان نەکردووە و بەگشتی نەیانپێکاوە..

هەڵەبجەیی: ئەوە هەر دەقە زیندووەکانن ماوە ئەدا خوێنەر تووشی تێڕامان بکات و بە پرسیارە سەرمەدییەکانەوە کۆدەکان بە نهێنی بمێنێتەوە هەتا پرسیار دروست بێت و کۆدەکان خۆیان حەشار بدەن، ڕەخنەگر ناچار دەبێت قسە لەسەر دەق بکات... ڕەخنەگری بەتواناش دەبێت کە دەقێک ڕاڤە بکا زانستیانە ئەو دەقە شیتەڵ بکا کەم تا زۆر ڕەخنەگرمان هەبووە، بەڵام لە پەنجەکانی دەست تێنەپەڕیون... تا ڕادەیەک توانیویانە پەی بە دەق بەرن... من دەڵێم ئەگەر (عەبدولکەریمی مودەپیس) نەبوایە کێ دەیتوانی کەشفی نالی و مەحوی بکا؟ هەرچەندە تیۆری شیکردنەوە و ڕاڤەکردنی دەق ئەو شتەیە کە نووسەرەکەی مانای بۆ دیاری دەکات، بەڵام هەموو خوێنەرێکی بە تواناش یان ڕەخنەگری لێهاتوو دەتوانێت سەر لە نوێ ماناکان بەرهەم بهێنێتەوە... گادامێر لەسەر ڕێڕەوی مامۆستاکەی مارتن هایدگەر (١٨٨٩ ـ ١٩٧٦) دەڕواو دەڵێ: تێگەشتنی ڕاستەقینەی تێکستە ئەدەبییەکان لەسەر بنەمای خوێنەر و ئەزموونی خوێنەر دائەمەزرێت...(ماناڕێڕەییە) هیچ تەئویلێکی کۆتایی دوا تەئویل نییە. بەڵێ ڕەخنەگر دەبێتە هۆی دەرخستنی دەق و دەقی زیندوو، بەڵام هێشتا ڕەخنەگرێکی وامان نەبووە پەی بە دەقە ئەدەبییەکان بەرێ.

ئەعزەمی: ئەگەر دوو جیهانی تیۆر و دەقی ئەدەبی، بە جیهانی یەکەم و سێهەم بێنینە ئەژمار، ڕەخنە وەک جیهانی دووهەم، ڕێک دەکەوێتە نێوانی ئەم دوو جیهانە. ڕەخنە بەگشتی، شێوە خوێندنەوەیەکی ڕێسامەند و یاساداری تێراوبوو لە جیهانی یەکەم(تیۆری ئەدەبی)ە بۆ خوێندنەوە و ناسینی جیهانی سێهەم، واتا دەقە ئەدەبییەکان. بە پێی ئەم پێناسەیە، ڕەخنەی ئەدەبی بۆیەیە خاوەنی ئەرک و ئەسپاردەی جۆراوجۆر بێت، وەک(پردی نێوان دەق و خوێنەر، ئاسانکەرەوەی دەقی پێچیاو و قورس، هەڵسەنگاندنی دەق و دەسنیشانکردنی دەقی سەرکەوتوو، هەڵاواردنی دەقی بەهێز و لاواز و...). هەرکام لەو ئەرکانەش، بۆیەیە لە سۆنگەی یەکێک لە مەکتەبە ڕەخنەیی و تیۆرییەکانەوە

(وەک سوونەتی، فۆرمالیستی، پێکهاتەخوازانە، هێرمێنۆتیکی، پێکهاتەهەڵوەشێنی و...) بێنە دی. جا وەک دەبینین، دەسنیشانکردنی دەقی سەرکەوتوو، یەک لەو ئەسپاردانەن کە دەلوێ لەسەر شانی رەخنە بێت. هەر کام لە مەکتەبە جوداوازەکانی ڕەخنەییش، پێودانگ و پارسەنگی تایبەت بە خۆیان هەیە بۆ سەنگ و سووککردنی دەق و پاڵاوتنی دەقی سەرکەوتوو. جا لە نێوانی ئەم مێتۆد و ڕوانگە جووداوازانەی هاتنە ئەژمار، ئەو ڕوانگانەی پتر ئاوڕیان داوەتەوە لایەنی فۆرمیک و شێوە داڕشتنەوەی دەق، لەم سااڵنەدا پتر سەرنجی ڕەخنەگرانی ڕۆژهەاڵتی کوردستانیان بۆ لای خۆ ڕاکێشاوە. واتا ڕەخنەگران لەم بەشەدا، تامەزرۆی چۆن گوتن بوون تاوەکوو چی گوتن. با ئەوەش بسەلمێنین کە ڕەخنە (بە پێناسە مۆدێرنەکەی)، بە نیسبەت دەقی ئەدەبی، تەمەن کورتتر و ساواترە. لە کاتی لێکدانەوەی دەوری ڕەخنە لە پڕۆسەی دەسنیشانکردنی دەق و داهێنەری سەرکەوتوو، ئەو خاڵە پێویستە لەبەرچاو بگیرێ. لەو سااڵنەدا و دوای بزاڤی مۆدێرنخوازی و سەرهەڵدانی شەپۆلە ئاوانگاردەکانی وەک (داکار، شێعرەسات، شێعری جووداواز، شێعری شێت، شێعری ژنان و...) جووڵەی ڕەخنەش خێراتر بۆتەوە. ئەگەر کتێبە بااڵوبووەکان، وەک دەقگەلی نوێنەری شەپۆل و جووڵە ئەدەبییەکان بێنینە ئەژمار، جەریانی ڕەخنە، سەبارەت بە زۆربەیان وەدەنگ هاتووە و لێکی داونەتەوە. جگە لە کێشەی سەلیقە و شێوەی ڕوانینی تایبەتی ڕەخنەگران و ڕەنگدانەوەی جیهانبینی و مەراقی تیۆریکیان، لە جۆری هەڵبژاردنی دەق و مێتۆد و گوتار، زۆربەی جووڵە و دەقە ئەدەبییەکان خوێندراونەتەوە. یەک لە خەسار و کێشەکانی جەریانی ڕەخنە، کێشەی بە دۆکۆمێنتبوون و بااڵونەبوونەوەی بەرهەمەکانە لە قەوارەی کتێبدا. زۆربەی بەرهەمەکانی ئەم چەند سااڵنە، بە شێوەی تاک و تەرا یان لە تاقە بااڤۆکی وااڵت (مەهاباد)دا بااڵو دەبێتەوە، یان لە فەزای مەجازیی وێبااگ و ماڵپەڕەکاندا. ئەگەرچی ڕەخنەگران، کەمتاکورتێک سەبارەت بەم تاک دەنگانەش وەدەنگ هاتوونە،کە چەلی وایە لەبەر خێرایی و پەلە و تاک و تەرابوونی بەرهەم و جیددی نەگرتنی ئەم پڕۆسەیە، هەر لە قەوارەی کۆمێنت داماوەتەوە و قەت نەگەیشتووتە ئاستی ڕەخنەی جیددی. بۆیەش ناتوانین خۆ لەو ڕاستییە نەبان کەین کە کۆی بەرهەمەکانی داهێنەرەکان لە دوو توێی کتێب دایە کە ڕەخنەی جیددی بەرهەم دێنیت. کەوابوو زۆرێەک لە بۆشاییەکانی پڕۆسەی ڕەخنە، سەرچاوەی دەگەڕێتەوە بۆ کێشەی چاپ و بااڵوبوونەوەی کتێب و کۆی بەرهەمەکان، لەم وااڵتەدا.

۲. ژنە شاعیرەکانی کورد بە تایبەت لەم چەن سااڵەی دواییدا تاکوو چەن دەرەتانی خۆ نووسینیان بۆ بەدیکردنی ڕۆحی نوێ و دیسکورسێکی بەرجەستەی ژنانەی خاوەن ئیستاتیکایەکی جێی سرنج پێکهێناوە؟

سووزەنی: خوێندنەوەی شێعری ژنان (بەس بەو بیانووەی کە خاوەنی دەقەکان ژنن) لە ڕاستیدا خویندنەوەیەکی هەڵەیە و دەیهەوێ لە دەرەوە ژنانەیی بسەپێنێ بە سەر دەقەدا و ئەزقەزا بەو پێیە زمانی شێعری شاعیرانی ژنی کورد، زمانی بە دەسەاڵتبووی پیاوانەیە و کەم ژنی شاعیر هەوڵیانداوە بە شکاندنی ئەو زمانە پیاوانەیە ئانیمای دەق بەرجەستە بکەنەوە. ڕاستە زۆرێ لەو دەقانە وەکوو وێنە دەربڕی حاڵەتی ڕۆمانتیسمی ژنانەن و مەمکی هەستیان دێتە ژان و... بەاڵم وەک زمان و کارکردی زمان زۆرینەی شاعیرانی ژنی ئێمە بە هەمان زمانی پیاوانە دەنووسن و لە سینتاکسی ئەوان الیان نەداوە. مەبەستم خوێندنەوەی ڕەخنەییانەی دەقی ئەدەبییە، نەک خوێندنەوەی کۆمەاڵناسانە و فێمێنیستیانەی دەق.

هەڵەبجەیی: لەبارەی کچ و ژنە شاعیرەکانمانەوە نازانم چی بڵێم؛ ڕێزم بۆیان هەیە من پێموایە لە کێشە کۆمەاڵیەتییەکانی خۆیان یان وەسف کردنی شێعر نەچوونەتە دەرەوە... شێعر چەمکێکە یاخیبوون لە ناخیا بوونی هەیە کچ و ژنی ئێمە بە واتای شێعر نەیانتوانیوە یاخی بن. ئەو دەرەتانەیان نەبووە چەمکی یاخیبوون لە خودی خۆیاندا هەڵگرن... ئەوەشی هەیە زۆر کەمن؛ شێعرەکانیان سادە و ساکار بە یەک خوێندنەوە لێیان دەگەین چی دەڵێن... من هێشتا خودی خۆم لەم کوردستانە گەورەدا ژنێک شک نابەم فرووغئاسا یاخی بووبێ وەک فروغی فروخزاد چەمکی یاخیبوون ڕەنگ باتەوە لە ناو شێعرەکانیا... لەوانەیە هەبێت بەاڵم بە دەگمەنی.

ئەعزەمی: باسی چینە کەمینە و لەوان چینی ژنان، وەک چەمکێکی کۆمەاڵناسانە، کێشەیەکی مۆدێرنی مرۆڤی چاخی بیست بەم الوەیە. ئەو کاتەی تاک، ناوەندی مەعریفەناسی پانتاجوداوازەکانی ڕۆشنبیری و زانستی بەشەری (وەک کۆمەاڵناسی، دەروون ناسی، فەلسەفە و...)ی داگیر کرد، تاوەکوو ئێستا ماف و ئەرک و جێگە و پێگەی ژن، وەک یەک لە کەمینە پەراوێزخراوەکانی بەشەری، ناوەڕۆکی زۆرێەک لە گوتارە (ئەدەبی، ڕۆشنبیری، ڕامیاری) یەکانی بۆ خۆی تەرخان کردووە. پانتای ئەدەب و دەقی ئەدەبی و لەوانیش شێعر، یەک لەو بەستێنە بەهێزانەیە کە دەورێکی سەرەکی لە پڕۆژەی ژنانەتەوەری (فێمینیستی) گێڕاوە. هەڵبەت لقە ڕەواییەکەی بەهێزتر بووە، کەچی شێعریش هەر نەوەستاوە و دەقگەلی بەپێز و بەهێز لە سەر ئەم بیرۆکە و ئاراستە و مەراقە خوڵقاون و دەخوڵقێن. شاعیرانی داهێنەری وەک (ئانا ئاخماتۆوا، ماریا تێسۆتایوا، ئێمیلی دیکێنسۆن و...) لە ئەدەبی جیهانیدا و(شەهال زەرلەکی، ڕۆجا چەمەنکار، پێگاە ئەحمەدی، لەیلا سادقی، ناهید عەرجوونی و ...) لە بەستێنی شێعری فارسیدا و(ژیال حوسەینی، کولسووم عوسمان‌پوور، فۆزییە سوڵتان‌بەگی، لەیلا کەریمی، بەیان عەزیزی، لەیلا سااڵحی، گوڵاڵە درووديان، گوڵاڵە محەممەدی و...)یش لە ئەدەبی کوردیدا، حەوڵی خۆیان داوە بۆ خوڵقاندنی گوتارێکی تۆخی ژنانە و هەڵوەشێنەرەوەی گوتاری زااڵی پیاوسااڵر. ئێستا دابزانین ئەو سەرەڕۆ و ڕچەشکێنەیە مۆدێرنانە، لە سەر چ بەستێنەک خەریکی چڕینی

ئاوازی خۆیانن؟ کۆمەڵگای ئێران و بە شێوەی چەند قات، کۆمەڵگای داخراوی کوردەواری، ئێستاشی لەگەڵ بێت هەر لە حاڵوهەوایەکی تۆخی پیاوسالارانەی سوونەتیدا هەناسە دەکێشیت. هێشتا زۆریەک لە چەمکە پیرۆز و چەسپاو و چەقبەستووەکانی تەفەککوری سوونەتی، حوکمیان ڕەوایە و چەمکە مۆدێرنەکان غەریب و نامۆ و بڤەن. سروشتیە کە ئەو بەستێنە ناتوانیت بەرهەمهێنەری شەپۆل و بزاڤی مۆدێڕن و نەخوازەڵلا پێکهاتەشکێنانەی لە گۆڕن گوتاری بەهێزی فێمینیستی و ئستاتیکا و تەنانەت ئەدەبێکی سەربەخۆی بەربڵاو بێت. ئەوانەی دەبیسرێن و دەبینرێن، چەند دەنگی تاک و تەران، کە بە هەموو هێز و توانای خۆیان خەریکی تواندنەوەی سەهۆڵەکانی زەمهەریری ئەم وەرزە تووشەن. هەڵبەت جگە لەو کەسانەی باس کران، هێندێک دەنگی تاکوتەرای دیش، کە نەگەیشتوونەتە قۆناغی بڵاوکردنەوەی کۆی بەرهەمەکانیان لە قەوارەی کتێبدا، لە کەشوهەوای مەجازیدا خەریکی تاراندنی ئەم سەرما و تووشەن، کە ناوبردنی یەکە یەکەیان، فەرامۆشکرانی هێندێکیان بە دوادا دێ، بەڵام بۆ ئەوەی هێندێک لە نوێنەرەکانی دەسپێکی ئەم شەپۆلە لانیکەم لێرە تۆمار بکرێن، ئاماژە بە چەند نێوان دەکەین (هەڵاڵە عەبدوڵڵاهی، هەڵاڵە سۆهرابی، سارا دانش دووست، سوبحی سەلیمی و...)

۳. گەمەی زمانی لە شێعری ئاوانگارد تا چەن یارمەتیدەر و بزوێنەرە بۆ پێکهێنانی شێعری داهێنەرانە و سەردەمیانە و تاکوو چەن وەک خەسار لە شێعردا ڕۆڵ دەگێڕێ؟

سووزەنی: ئەگەر زمان بە سیستەمێکی نیشانەیی بزانین کە هەموو دیاردەکانی ژیانی مرۆڤایەتی پێناسە دەکا و زانست و فەلسەفە و هونەر و لە ژیان بەس لە ڕێگەی ئەوەوە دێتە نواندن و وانواندن. دەبێ بڵێین نەک شێعر بەڵکوو هەموو نقیسان، بەپێی گەمەی زمانەوە دێتە ژیان و نەژیان. ڕاستیدا گەشە و ناگەشەی شارستانییەتی سەردەم و جیاوازییەکانی لەگەڵ حەیوان و نائینسان لە توانای ئەو گەمە پێکردنەدا هاتۆتە گەڕ...

هەڵەبجەیی: گەمەی لەناو شێعر یان باشترە بڵێین هەڵخلیسکان یەکێکە لە بنەماکانی شێعر وا لە زمانی شێعر دەکا لە زمانی باو یاخی بێت... هەر ئەو گەمە و هەڵخلیسکانەیە شێعر لە ژانرەکانی تر جیا دەکاتەوە و بەرزی هونەری پێدەبەخشێت بۆ نمونە دەڵێین: لقی هەور، گۆرەوییەکانی مانگ، شەو سەری دەشکێت، دیوار دەڕژمێت، لەڕەی تاریکی، گریانی با... هتد؛ هەموو ئەمانە گەمەکردنی وشەیە لە شێعردا بەڵام گەمەکردن بە شێوەیەکی مەعریفی کۆدت بداتێ نەک گەمەیەکی لاوەکی تا گەمەکان قوڵ بن، فەلسەفی بن، شیعر بەرەو فرەڕەهەندی دەڕوات دەبێتە دەقێکی زیندوو؛ کۆتاجار دەگەینە ئەو دەرئەنجامە گەمە و هەڵخلیسکان بوونی شێعرییەت دەداتە شێعر و بەرزی ئاستی شێعر. بەو پێیە شێعر گەورەترین مەیدانی ئەو کارکردەیە کە شاعیران بە زمان و گەمەی زمانەوە ئاراستەی دەکەن. گەمەیەک کە شاعیران لە ڕێگەی هەڵبژاردنی وشە و دابینکردنی شوێن و دوزینەوەی هاوماڵ و جیرانی کۆن و نوێ بۆی تەرخان دەکەن و لە باریی مانایەوە، پڕ و بەتاڵیان دەکەنەوە و دەستیان دەخەنە نێو دەستی وشەگەلێکی لەبار و نالەباری دیکەوە و وەسەمایان دەخەن یان دەیانێنێرنە پرسە و زۆر جار لە خۆشیان دەوروژێنن و دژی بەرژەوەندی خۆیان هەڵیاندەمسێنن و سەری داریشی پێ سەربەرز دەکەن. نەک شێعر، جیهان جگە ئەو گەمەیە هیچی دیکە نییە.

ئەعزەمی: پرسیارەکە بەگشتی کراوە، ئێمەش هەوڵ دەدەین بەگشتی وڵامی بدەینەوە، ئەگەرچی یەک دوو نموونەش بۆ بەرهەستبوونەوەی باسەکە هەر دەهێنینەوە. سەرەتا دا بزانین مەبەستمان لە دوو چەمکی گەمەی زمانی و ئاوانگارد چییە؟ گەمەی زمانی (بازیهای زبانی)، چەمکی سەر بە فەلسەفەی زمانتەوەری وێتگنشتاین و پێداگرییەکانی جەماعەتی فۆرمالیزم لە سەر فۆرم و دەور و جێگە و پێگەی زمانە لە دەقدا، بە جەختکردنە سەر بۆچوونەکانی سوسور و باقی زمانناسەکانی ئەو سەردەم. بە کورتی، سەرەتیدان بە زاتی زمان و زەقکردنەوە و لە بەرامبەردا پەراوێزخستنەوەی مەدلوول و مانا و ناوەڕۆک، دەمانخاتە خانەی گەمەی زمانییەوە. ئەو جەماعەتەش کە بەردەوام لە نوێبوونەوە و دابڕانن لە بەرەی بەر لە خۆ و تەنانەت هاوچاخەکانی خۆیان و بەردەوام خەریکی ڕچەشکێنینە و سەرەداوی شەپۆل و جوولەکان دەگرنە دەس، ئەوە نازناوی ئاڤانگاردیان بەسەردا دەبڕێ. حزوور و چالاکیی ئەو تاقمە بوێر و بزۆزە، بۆ بەردەوام نوێبوونەوە و بەرەو پێشچوونی زمان و ئەدەب، حاشا هەڵنەگرە. بەڵام کێشەی گەمەی زمانی، جاری وایە لە بەرئەوەی مەبەستی خۆی بەڕێکی نەپێکاوە، بۆ لای قەیران دەچەمێتەوە. هەر جۆرە دەقێکی ئەدەبی، تەنانەت سەربزێوترین دەقیش، بۆ ئەوەی وەک دەقی ئەدەبی بخوێنرێتەوە و لێک هەڵنەوەشێت، ڕێسامەندە، ئەگەرچی ڕێسا دەرەکییەکانی بەزاندبێت و کەمترین ئیرجاعی بۆ جیهانی دەرەوە هەبێت، بەڵام یاسای ناوەکی خۆی دادەمەزرێنیت و لە ڕێسای خۆدامەزراندوو لانادات. کە ئەگەر بێتوو وانەبیت، شڵوشەوێق و دەستەوداماو، لەوپەڕی بەختەوەریدا لە قەوارەی وڕێنەیەک دادەمێنێتەوە. ئەم دەقە ئاڤانگاردانە کە مەیلی کایە بە گەمەی زمانییان هەیە، هەر لە یەکەم پیت و واژە و ڕێکەوتن و ڕستەوە، دەس بە دامەزراندنی یاسا و ڕێسای تایبەتی ناوەکی خودی خۆیان و دانانی قەڕارومەدار لە تەک خوێنەر و بەردەنگیان دەکەن و لە واقیعدا هەر واژە و هەر جۆرە هاونشینی و جوولە و حزوور و تەنانەت غیاب و ونبوونێک لە ناخی دەقدا، بە تایبەت لە دەقی شێعریدا، خۆی دەبێتە یاسایەک بۆ واژە و هاونشینی و

هاوڵاتی قوتبی

جوولّه و حزوور و غیاب و جێنشینی دوای خۆی. بەکورتی دەقێکی سەرکەوتوو و پتەو و بەهێز، سەر بە هەر گوتار و ڕێچکەیەک، دەقێکە کە یاسا و ڕێسا و قەرار و مەدارەکانی لە تەک خۆی دەخولّقێنیت. بەداخەوە زۆر دەقی شێعری، بە تایبەت لە بەرەی لاو و تامەزرۆ و بێئۆقرەی ئەم ساڵانە وەبەر چاو دەکەوێت کە بە بیرۆکەی پێکهاتەشکێنی و ماناپەرێزی و گەمەی زمانی، کەوتۆتە داوی وڕێنەیەکی ڕووت و بە هیچ لەونێک ناوی دەقی شێعری بەسەردا نابڕێت، لەبەر ئەوەی تووشی وەهمی دەربازبوون لە هەر جۆرە کۆت و بەند و یاسا و ڕێسایەک هاتوون. بەڵام لەگەڵ ئەو مەترسیانە، کەسانێکیش هەن کە بە شێوەی سیستێماتیک و بەردەوام و بە پێی پرۆگرام و وشیارانە، بە شێوەی جیددی خەریکی گەمەی زمانی لە بەستێنی شێعری کوردی دان و بوونەتە خاوەنی دەنگێکی سەربەخۆ و دیاریش. وەک کاک حەمەساڵەی سووزەنی و شێعرەساتەکانی، کە بەداخەوە، شایەد هەر لەبەر ئاڵۆزی و ڕێساپەرێزیەی کە هەیەتی، کەمتر ئاوڕی لێ دراوەتەوە و بە جیددی باسی لەسەر کراوە. ئەم جۆرە کارکردنە وشیارانە و بەپێی بەرنامەوە، توانای هەراوکردنی گوتاری شێعری بەتایبەتی و زمانی کوردی بەگشتی هەیە.

٤. بەڕای ئێوە جیاوازی شێعری لە ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان هەیە؟ ئەگەر هەیە دەگەڕێتەوە سەر چ هۆکارێک و تاچەن لە پێشکەوتنی ئەدەبیی کوردی بە تایبەت شێعر کاریگەر بووە؟

سووزەنی: جیاوازیی زمانی شێعری با بەپێی ناوچە دەستنیشان نەکەین. شێعری کوردی لە ڕەوت و گەشەی خۆیدا لەملاو ئەولا تووشی هەڵسوکەوت بووە و هەر هەڵسوکەوتێکیش ئەزموونێک بووە بۆ مێژووی ئەدەبیی کوردی بەگشتی. ئەگەر کاریگەریی شێعری عەرەب و فارس وەک نێوان دەقێتی لە شێعری باشوور و ڕۆژهەڵاتدا هاتبایتە ئەزموون، شێعری کوردی دەبێ لە هەر دوو زمانیی شێعری عەرەبی و فارسی دەوڵەمەندتر بێ. ئەگەر شێعری نوێی کوردی لەودیو لە گۆرانەوە بۆ کفری و ڕوانگە و لەوێوە بۆ شێعری فۆرمالیستی و شێعری زمان لە گەشەدا بووە. شێعری ئەمدیویش لە شێعری سواڕەوە بۆ داکار و جیاواز و شێت و شێعری زمان ڕۆیشتوە و ڕەوتەکەیان لە یەکگرتنەوەدان... گرینگ ئەوەیە ڕەوتەکە بەردەوام بێ، لەمدیو یان ئەودیو ئەوە زمانی کوردییە کە دەفرێ ێ ێ ێ

هەڵەبجەیی: من خودی خۆم حەزم لەو پۆلّێنکردنە نییە ئەمە شێعری ڕۆژهەڵاتە یان باشوور... لەگەڵ شێعرێک دام تووشی سەریەشەم بکا، لەگەڵ شێعرێک دام کۆدم باتێ... هەوڵ بدەم کەشفی بکەم، لەگەڵ شێعرێک دام بە ئاقاری تەمومژدا بڕوات، لەگەڵ شێعرێک دام مەعریفەم بداتێ... لەگەڵ شێعرێک دام لەگەڵ پێشکەوتنی شێعردا بێت نەک تازە بە تازە بگەڕێینەوە بۆ شێعرێک ناوی لێ بنێین شێعری غەزەل یان نیشتمانی یان بەرگری... پێموایە ئەو جۆرە پۆلّینە غەدرە لە شێعر دەکرێ؛ شێعر هەر شێعرە لە هەر کوێ بێت... ئەمڕۆ شێعر خەسڵەتی گەردوونی هەڵگرتووە نەک ناوچەگەری.. بەڵام بە حوکمی ئەوەی باشوور زمانی قوتابخانەی کوردییە و بە کوردی دەخوێنن، دەتوانم بڵێم شێعر لە باشوور بە تایبەتی لەهجەی سۆران لە گەشە دایە ئەم قسەیەش لەخۆڕا ناکەم هەموو ئەو شاعیرە گەورانە لە باشوور زۆرترن هەتا ڕۆژهەڵات بەڵام خەمی شێعر لە ڕۆژهەڵات لە پێشەوەیە هەتا باشوور ئەو سۆز و خۆشەویستییەی لە ڕۆژهەڵات هەیە بۆ شێعر لە باشوور نییە هیوادارم ڕۆژهەڵاتی ئەزیزی من، لە ئێمە باشتر بن... ڕۆژهەڵات ،باشوور، باکوور، ڕۆژئاوا لای من جیاوازی تیا نابینم چونکە ئەوە نیشتمانی منە؛ کێ هەوڵ ئەدا بۆ گەشەسەندن و پێشکەوتنی شێعر ئەوە مەملەکەتی شێعری منە.

ئەزەمی: ئەگەرچی ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان، هەر کوردستانن و دەقە شێعرییەکان لەسەر دەستی شاعیرانی کورد، کە خاوەنی ئەزموونی زەینی و عەینی هاوبەشی زۆرن و هەردووک بە زمانێکی هاوبەش دەنووسن، بەرهەم دێن، بەڵام ئەوەی ڕاستی بێت، جیاوازی زۆر لە نێوانیاندا، بە درێژایی مێژوو و تەنانەت ئێستاکەش، لەگەڵ تەواوی شوێندانان وشوێنوەرگرتن و دانووستان و وێکچوونەکانیان دەبینرێت. هۆیەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ زۆر هۆکاری وەک، دیاردە ڕامیاری و تەنانەت ئابوورییەکان و سایکۆلۆژیا و سۆسیۆلۆژیای جووداوە. بەڵام بەڕای من گرینگترین هۆکار، دەگەڕێتەوە بۆ خەسڵەتی تۆخ و بەهێزی (نێوان دەقێتی)ئەدەب. ئەدەبی کوردستانی باشوور لە سەر بەستێن و کەشوهەوای بەهێزی ئەدەبی عەرەبی هەناسەی کێشاوە و هەڵی داوە. سرووشتیە کە زۆرترین شوێنی ڕاستەوخۆشی لەو ئەدەبە وەرگرتبێت. لە حاڵێکدا کە ئەدەبی کوردی ڕۆژهەڵات، لە ناخی ئەدەبی هەڵسووڕ و ڕیشەداری فارسیدا، ژیانی بەسەر بردووە و ژیاوە. بۆیەش خزمایەتی نزیکی لەگەڵ ئەم ئەدەبە پەیدا کردووە. قەسیدە، شێعری درێژ، پێکهاتە و ناوەڕۆکی ڕەوایی، ڕستەگەلی درێژ و خاوەن کەرەسەکانی ڕێزمانی و... ئەو تایبەتمەندییانەن کە بە تۆخی لە شێعری کوردستانی باشوور لە ژێر شوێندانانی شێعری عەرەبدا دەبینرێ. فۆرمی مەیلەو کورت و ڕستەگەلی پچڕپچڕ و نەحوی شکاو و ناسیاوی‌سڕینەوە لە تووێژی واژە و ڕستەدا، سپێس مێنتالیزم، خولّقاندنی وێنەگەلی هەژێنەر و سرنجڕاکێش وباڵادەستبوونی فۆرم و ژێردەستبوونی ناوەرۆک... خەسڵەتی زۆرینەی دەقگەلی شێعری کوردستانی ڕۆژهەڵاتن، لە ژێر تەئسیری شێعری هاوچاخی فارسیدا. لەگەڵ ئەوەی ئەو دوو گوتارە شێعرییە، سرووشتیە کە شوێنێکی بەرچاویان لەسەریەکیش دانابێت. خاڵێکی شایانی باس لەم دوو ئاقارە شێعرییەدا، شوێنی نەرێنی پێکهاتە و نەحوی جووداواز و ناسازی عەرەبیە لەسەر پێکهاتەی زمانی ئەدەبیی کوردی. ئەم تەئسیرە نالەبارە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیدا بە پێی هاوشێوەیی و خزمایەتی نەحو و پێکهاتەی زمانی کوردی و فارسی نزمترە.

شێعر



سەلاح گوڵئەندامی



بۆ چاوەکانی وسوو
جەلال ئەحمەدی



"لە کورتەباخچەکانی
من و... دا"
شەویار گولابیئازەر



وەرزی خەم
هاجەر پەرویزنیا



خەیاڵێک
سۆغرا پزگەیی



هەوار خزرزادە "شەڤگەش"



تۆران
لەیلا شەمسەددینی



هەزارەی ئەشق و تەنیایی ماچ
قاسم تاباک



تۆ نووستوویی
سەحەر میهرەبانی



ژماردن
سەباح محەممەدی



هەر هەتا دوینێی عەشق میوانم بووی
هەژار ئیوەر



من و کانی
زانکۆ خەلیفە

سەلاح گوڵئەندامی

(١)
ئەگەر هاتی
لە گەڵ خۆت تاریکیم بۆ بێنە
با لەوە زیاتر
خامۆش نەبن چراکانم.
(٢)
خاکێک نیم
بمکەی بە ملکی خۆت
داگیرم کەی
ئاسمانم،
گەر دەتهەوێ هی تۆ بم
لە منـدا هەڵبفڕە.
(٣)
نۆرویژ
شیمستاد ٣٤٧٠
خانووی ژمارە ٦٦
بە ئەو ئادرێسە
خودکارێکی ڕەشم بۆ بنێرە
دەمهەوێ
شێعرێکی بڵێند
بۆ سپێنەی چاوەکانت
بنووسمەوە.
(٤)
تروندهایم
زستانی ساڵی ٢٠٠٣
لە سەرمای ٣٧ دەرەجەی ژێرەوەی خاڵدا
هەموو وڵات بەستوویەتی
فرمێسکی چاوی پەنابەرێکی کورد نەبێ.
(٥)
لە بەمبەئی بووم
هەر چەند دەمزانی
لە مەهابادی و
هەزاران کیلومتر دوور
لە پشتی پەرستگای شیوا
لە ژێر باراندا
بەیانی تا ئێوارە درەنگان
چاوەڕێت بووم.
(٦)
کە غوربەت
قوفڵێک لە ڕووحم دەدات
چ بەخشندەیە
هاچەری ڕوانینت
کە تەنیایی
تەنافپێچم دەکات
چ مێهرەبانە
سەر پەنجەی
شمشیری پێکەنینت
(٧)
تاراوگەیە و
ڕێژنەبارانی پاییزی.
ڕە بەر چاوی حەبساوی
جەنگەڵێکی بێگەڵادا
شین دەبێتەوە
تەنیایی.

ئارەزوو ئەحمەدی

پەیڤینم لە خوڕافییەکان پووچ
لە نزای کاولییەکانی ئێرە هیچ
لە باویلکەی وشە زەوتەکان
سوور ئەچن زێدی سپی هەڵەکانم
سفتاحی بیرەوەریم
لە ڕووتی شاعیرێک
لە کەوشەنی جەغزان فڕی ئاوەزێک
کە نای لە بریندان کێلگە
لەشبازی پیتەکانی ئەکردە مەراق
لە بێهۆدەیی ڕووگە کاغەزییەکان
بێگوناحی بە ئاڵی دەڕەنگاند و
فێرگەی پشکوتنی دەمی
ڕایکێشا خیابانێ بۆ شێعرم
کە وەرە وەحشییەکانم
لە بەدەمەستی هەواری چێژی
خولیا خولیا
بوون بە هەنار!!

جەلال ئەحمەدی

پیاوێک لە دڵ و
دڵێک لە پیاو
مرۆڤتر لە تۆ، سڵاو
پێداهەڵدانی ئەم جارەت
مەرگ ئەژەنێ
نەهاتتر لە تۆ، مرۆڤ
نابێتە مردن
مرۆڤێک لە دووکەڵ و
چاوێک لە داهاتوو
پەرژینێک لە وەحدەت
چارەنووستر لە تۆم، ژیان
پێشکەش بە چاوەکانی وسوو

شەویار گولابی‌ئازەر

من لە دۆزەخی پەیڤینەکانتەوە
پرچم هۆندەوە و
جوانترین کچی گەڕەکیش
لە بەهەشتی نیگاتەوە!
***
من لە باران‌ڕێژی گەمژەیی،
جلەکانمە، جل دەکرێن و
پێنووسەکەشم خەریکە خۆی
لە خۆم خەت خەتی دەکا.
***
من بە پیاسەی پەنجەکانت
لە سەر ڕووبەری پەنجەرەکەتانەوە
ڕشانەوەی خۆم هێڵنج دەکەم و
ئەویش نووقمی سەمای هەڵمەکانت.
***
من لە گوڵدانەکەی کچە دراوسێمانەوە
ئاو دەخۆمەوە و تینوو
تۆش لە قژەکانی وێنەکەمدا
پەنجە دەجووی و ئالۆز.

هاجەر پەرویزنیا

کرێوش ئەبەم بۆ ئاسمان
بۆ ئاو، بۆ خاک، نیشتمان
خۆزگە کە هەر دایکی مێژوو
داوێنی بە بوونی من تەڕ نەبووایە
ساڵەهایە
وەرزی خەمم دوایی نایە
گەر دەست کەوێت دەرزی و بەنێک
دمی بووکەبارانەکەم بدرووبایە و
قەڵەمێکی سپی ناوم لە لاپەڕەی بوونم
پاک کردبایەوە
گەر دەس کەوێت
تەنافێکی سوور سوور
دەفتەری تەمەنم لە دار ئەدەم
سنووری هەناسەکانم ئەفرۆشم
لە ژێر چەترێکی ئامانشین
پرچی گریان دەهۆنمەوە
سینەی خاک پەسێوی بێکەسیمە بۆ
جەغزی بوونم
تا کەی خوێناوی وشە
هەر ئێستاکە شێعرێک ڕووا و
دڵۆپێک ماچ ئاودێری کرد
زەمانێکە
پەنجەرەیەک و پێنووسێک لە باوەشمدا
ئەخەون
ماوەیەکە
ڕۆژێ سەد جار
من و گریان
دەست لە ملان ڕێگایەکی درێژخایەن
بە پێخواسی دەشوێنەوە
لە یاد مەکەن
لە یاد مەکە
لە پادی شێعرێکا ناشتتم
ساڵەهایە
ساڵەهایە
وەرزی خەمم دوایی نایە.

سۆغرا ڕزگەیی

لە حیلەی ئەسپە شێتەکەی خەیاڵم و
لە شەوانی بەستەڵەکی ژینمدا
خەم و کەسەر، خۆ دەخاتە سەر سینگ و
هەناسە بۆکڕووزەکانم ئەیانپۆشن
ئەوە خەندەکانم بە کوڵ ئەگرین
بۆ سەمای بەردبارانی ئازادی
ئاورێکم لە ڕابردوویە و
کچێنیم نێژراوە لە گۆڕستانی چاوەکانتدا
ئیتر من، خۆ هەوراز نەبووم
قژەکانی زامی بەری دەستم
بە ئازارەکانی دامپلۆخێنێ و
جووتە پێڵاوەکانی گەنجێنیت
لە کۆڵانی خۆزگە و بریاکانی، جێبمێنێ و
دوا هەناسەی خۆشەویستیمان
زایەڵەی هەمان ئازارە
کە تۆران بڕووسکانی سەرکەوتن بێ!

هەوار خزرزادە "شەڤگەش"

هیچ ئێوارەیەک
هەناسەی ئاوابوونی لێوەکانم
به خۆی ناپێوێ
ڕووتی ڕووت لە دیواری سڕبوونی ڕفان
دەڕفێنم پترۆخەیەک
ڕووتی ڕووت
ڕێبازی هەناسەکان
به ڕووی پەنجەت دەسپێڕم و
خلیسکی هەناسەکانم لە مێژوودا
تاقی دەکەمەوە!!

***

دیوار وتەی هەرچی پەنجەرە بوو لە دراوسێ
دایتەپاندو و دەستی گوڵی ڕواند لە کۆڵان
خۆم، کۆڵانم پێوا بە لەشپیسی
ئەرێ
لە گوڵ پەتیتر
دەستەکانی بوو
کە دیواری لە تامەزرۆیی خۆم سواغ دابوو
ئەرێ
هەرچی ڕووحە
بە بێمێشکی
لە بەر دەرگام پاسەوانی دراوسێن
کە دەستەکانی لە کۆڵان نەخەسێنێ و
ژنانیلەیی لە ڕووخساری خۆی ڕاو نەکا

***

دوو پیاڵە لە سێو و ڕێگا و
ئامێزێک لە برسێتی دەنگم
چەن کوتە خەیاڵ و تامەزرۆیی
گۆڤاڕێک لە جلکی خۆم
سڕ و سیپاڵی کاتێکی قرچەهەڵگەڕاو
بە دیوارێکەوە
سێ دانگی هی خۆم و هەنگاوەکانمە و
پاشکۆی هەرچی گێژییە
بە دەستم داسەپابێ و
پاژی تری زیتەڵی جەستەمە
کە تەمەنی هەرزەکاری دەرگایەکە
بەزەیی بە بۆنم دادێ.

لەیلا شەمسەددینی

چاوبو جاران بە خەونیش بایە بە سەرت
دەکردم و
ــ خەونەکانمت دەڕازاندەوە ــ
تا دەهاتی ــ بۆ دیتنت ــ
کاروپیشەم ببوو بە نووستن
بەڵام ئێستاکە خەوت لێ ڕەواندووم
تەنانەت بەشی وێژینگێکیش
خۆم نیشان نادەی!

قاسم تاباک

ڕەنگی هەنارمان فرۆشت
لە مەزادخانەی ئەشق
تامی بارانمان بە سەر چەتردا شۆڕ کردەوە و
خۆشمان لە ژێر پێناسەیەکی هیچ
ناونیشانی گوڵەگەنم دەپرسین لە خۆمان
چ وێرانەیەکە شۆڕبوونەوە بە سەر هیچدا
تاوانەکان لە چەتر بپرسن
نەیهێشت دڵۆپەبارانێک تەڕم کات و
تەڕت کات
هاوارە هاوار
غوربەتیم لە شەقامەکان دەپرسم
لە کورسییەکەی زانکۆ
لەو تەختەڕەشەی ناوی ئێمەی لە خۆیدا
ون کرد
لە پرسەی هەناسەمدا
دایکم پێکەنی و
ڕێگا مرد
لە پرسەی هەناسەمدا
خوشکم ماچی بەخشی بە تێرێژی هەتاو و
ڕێگا مرد
هاوارە هاوار
چ تاوانێکە مەرگی ڕێگا
ڕێگا بۆنی خودای پێبوو
بۆنی ماچ
بۆنی هەوەس
بۆنی گڵ
بۆنی چاو
ڕێگا، خودا بوو
زیندووم کەوە
لە بیرتە دەتکوت:
لە سەر ڕانی ماچە شێعرەکانت نەبێ، خەو
ناملاوێنێ
زیندووم کەوە
لە بیرتە دەتکوت:
ماچەکانت بۆنی قاشەسێو دەدەن
زیندووم کەوە
شێعرەکانت پیری کردم
بە قەرا تەواوی مردووەکان، مردم
بە قەرا تەواوی ئەفسانەکان، ئەفسانەیی بووم
بمخوێنەوە
نێوانمان وشەیەکە و هیچی تر
زوڵفت نەکەیتە گۆچانی پیری بۆ یەکی تر
بمخوێنەوە
بەڵێنی بارانم لە بیر ماوە
کە چەترم خۆش نەوێ
بەڵێنی بارانم لە بیر ماوە
لە سەر تاتە نوێژەکان کرێنۆش بۆ
بووکەبارانە بەرم
بەڵێنی بارانم لە بیر ماوە
پیرت کەم
پیرم کەی
بەڵێنی بارانم لە بیر ماوە
نیسێکەم گۆچانی هەناسەت بێ
هاوارە هاوار
حەسرەتی ماچ پیری کردم
ماچ دەزانێ دووری یانی چی!
حەسرەتی نێوانمان دووگیانی ماچێکە
ماچە وێشکەهەڵاتووەکەی لێوم
هەناراوی کە
چارەنووسی ئەو قەیرە کچەم پێمەدە
تامی ماچی لە دایکم دەپرسی
چەند تاوانبارە نێوان
ئەی یار
ڕەحم بە چارەنووسی ڕێگا بکە
بە پووشپەڕی هەڵوەرینی ڕووح
بە هەتیوبوونم
لە کۆڵانەکانی تەنیایی‌دا
ئەی یار
چ چارەنووس ژینێکە ڕێگا
لە بیرتە دەتکوت:
دەسمالّی بووکێنیم
گۆچانی پیریتە
مردم و هەر نەهاتی
بمخوێنەوە یار
ڕەهێڵەم بە مالّ فێر مەکە
با کوندە پێناسەی وێرانیم نەداتێ
بمخوێنەوە
تا
بێچەتر بچینە ژێر باران
من لە ئاو شیرینتر بووم لە هەرێمی هەنار
چەند غەریبە
کانی لێرە
بمخوێنەوە
تا ئەو نێوانە بخنکێنین
تا ماچ لە سەر کراسی بووکێنیت بچێنم
لە هەڕەشەی «با» دەترسێم
بمخوێنەوە
نێوانمان وشەیەکە و هیچی تر
بمخوێنەوە
بمخوێنەوە...

هەواڵنامەی کێڵ

سەحەر میهرەبانی

تۆ نوستووی
لە دەلاقە دەڕوانم، مانگ بە ئاسپا پیاسە دەکا
ئاسمان خەوتووە
وە ئەستێرەکان بێدەنگ لە مانگ ڕاماون
بۆ گەیشتن بە تروپک باڵوپەڕم لێت ناوێ
نە کیمیاگەر هەیە و نە باڵی ئەفسانەیی
نە پیرێژن
نە دەرویشێک کە ڕێی بەختەوەری و
قەسری خولیاکانم نیشان دا
ئەوەندە
عەتری ڕەعنا
کەمێک بڕوا
کەمێک بڕە
کەمێک دڵی ئاوالا
بەسە...
زانیت قاپە لێوپەڕەکەت
فڕێ هەڵدا
لە جیاتیان گوڵدانە پڕەکەت
وە بریقەبریق خست
خوڵمان لە سەر دەرکەی دەستشوویی
ستڕیوەتەوە
چاکەوخۆشی بێڕیامان دۆزیوەتەوە
منالانی پیاوێکمان دیت
شەهید ببوون
کەمێک بە بڕە
بە قەد حەوجێ
شتێک فێر بووین
وە فێرمان کرد...
وە شەو
بە ژان دەمرێ
بیانگەڕێنەوە کوێستان
پاش ماوەیەک بۆ دواڕۆژی خۆ تەیار کەن
وە بنووسە بۆ ئەو پۆلە کەڕوێشکە
پەککەوتووە
منالە بەرهەڵایانە
گەورەکانیش
تێیان دەسڕیوێنن
بیانگەڕێنەوە ناو چەم
بۆ خۆشێکی
یەک لە هەزار

سەباح محەممەدی

لە ڕاستە ڕێی شەقامێکدا
کێشانەیەک
دوو ڕێوگاری زیک و زانای بۆ سەر ڕوومەتی ڕاکێشا
گێشی یەکەم، ژمارەی هێندە بەرز کردەوە
میزان شێت بوو
ژماردنیشی لێ تێکچوو
چوون دیوانەشێعری پێببوو
دووهەمیان تەنیا دەستی شەقارشەقاری
نایە سەر کەفەی کێشانە و
ویستی خۆیشی ڕاکێشێ بۆ سەر پشتی
ژمارە هێندە بەرز بووە
ژمارەکە هیچ میزان تێکچوو
کێشەی ژینی هەرمانبەر
ئنە زۆر بوو
شەقامیشی شەقار کرد و
کێشانەشی کێشا بۆ لای خۆی
لەو ساتەوە
کرێکار بوو بە پێوانەی شەقامەکان.
***
تۆ هەناری هەورامانی
پاییز گۆرانیت پیانێژێ
بریا سوور سێوی چەپم بای
کەس هەڵونەمژێ و نەوچێژێ.

هەژار ئیبوەر

هەر هەتا دوێنێی عەشق میوانم بووی
هەر هیچ و
لە یەکەم سیفرەوە
تا بێنەهایەتی ویشکەڕۆی ماچ
چتان هەیە لە پووچبوونی بووکەبارانەی
پێش ئاوێنە؟
من و تۆ...
تۆ سێوت دەهۆنیەوە،
هەنیەی بارانمان دەکرد بە تێئۆری
خۆشەویستی
لە کام سەدەدا دەژین تەنیا بۆ خۆت و
خۆمان بۆ تەنیایی
تا نەزانین هەواڵی لە فڕین
سەریان دەبڕی پەیتووکەی شاری
ئارەزوومان
دوور لە باڵا
دوور لە باڵات
لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە
لە باوەشی چوارینەکانی خەییامدا
سوور بوونمان بە گۆنای
سەردەمەوە زەرد هەڵگەڕا
چێژیان دەبرد لە ڕۆژئاوابوونمان
خوداکانی دابڕان
بە بارتەقای گەورەبوونمان
بە بارتەقای گەورە بوونمان
کۆڵانەکان مەستی سیاچەمانە
شەقامەکان خوێن دەڕژان
ژیان دەبوو بە گۆی پرووسکەی
منالان
لە گرمەگرمەی سەدەی ناوەڕاستدا
لێوم دەتوایەوە
تکتک دەتکایە سەر لێوت
ئەو شەوەی پەیکی فڕین
فڕین
سەرخۆش دەبوو لە خاک
لە من...
لە تۆ...
هەتا دوێنێی عەشق بەیانییە
بەیانییە،
تۆ مەستی خەونێکی ئاوێنەیی
جوانیت چوارینەیەکی خەییام
هاوارم، تۆزی غەریبی ئاوێنە
و
ماچ
خەڵووزبوونی گۆنای سەفەر
بە بارتەقای گەورە بوونمان
دێمۆکراسی هەناریکی لەتی بە دەستەوە
بە هێمنی شێعر دەفتەرم دەکاتەوە
ئیتر کۆڵانەکانی ئەم شارە بە بنبەست ناگەن
هەموو بەیانی تیشکی شەهید
باڵای ئەم کۆڵانە دەکاتەوە
بۆ فڕینمان
بۆ مەڵەکردنی چەترەکان لە بارانەدا...
نووقمبوونی
من
لە
تۆ
دا

زانکۆ خەلیفە

بەر لەوەی ببیە ئاسکی هەتاو و مەرهەمێ
بەر لەوەی بە باڵات هەڵبڵێم و سڵاوێ
پێش لە هاتنت و
دۆزینەوەی ڕووخسارت لە تیشکی هاوێنە و
بەر لەم ساتە بێدەنگییە
دەنگت
ڕەنگت
مەشارەوە لە من و
مەدزەوە لە تیشکی هاوێنە و
تروسکە تروسکی چاوی کانی
من...؟! من کە سەرداری شار نیم
من کە پۆلیسی سەر شەقام نیم
کانی...؟!
کانی کە نە بەحری گێژاوی ئەم خەڵکەیە و
نە شاڵاوی زامی دڵی پڕ لە کوڵی میللەت!
خۆزگە زانیبات ئەمڕۆ من و کانی داخدارین
ئەمڕۆ پرسە و ماتەمینی خاکە و
شین و گابۆڕی درختەکان
تۆ بڵێی بکووژ هەتاو بێ؟
تۆ بڵێی زریان یا پیرەشەماڵ بێ؟
تۆ بڵێی دەنگی شکانی هاوێنە و شانە و
کلۆک و دەرزیلە و کرمەک لە سەر کانی
نەگاتە گوێی مردووی هەرد؟
ئیتر هەرگیز بڕوا مەکە
هەرد ماتە مات
ئەمجارەیان دەنگت، ڕەنگت بدە نیشان
بەڵێن بێت دواییں داوای من و کانییە
من و بیرەوەری بە ئاکامنەگەیشتووی
هەردی مردوویە
ئیتر نە شێعرێک لە دەمی من دەبیسی و
نە کانی بە زۆاڵ و نە هەرد بە پتەوی
جاران دێنیەوە یاد
کەوابوو ئەمجارەیان لە سەر سینگی هەردی
مردوو
هەردی جوانەمەرگ
هەردی لە خوێنگەوزاو
دەستەگوڵێک بچنە و هیچ مەترسە،
من ڕەقم لە هەڵمیسینی گوڵی سیس و
مردوو نییە
بەس زووکە و وەرە
پێ تووند بخە سەر سینگی هەرد و
تەنیاتر لە دەنگی شەو و ماسی
بگە کانی
بگە هەرد
بگە من.



چیرۆک

هەواڵنامەی کتێب



ئەوەت هەموو کات لە بیر بێت
کوردستان گولابی ئازەر



کارەساتە ئاساییەکان
هەژیر خاڵەندی



خەڵات
ڕەعنا شێخانی

Empty

هێبەر
هیوا قارەمانی



ئەمن درۆزنێکی مەزنم
مریەم قازی



گۆڕەکان زۆر تەنگن
ئەمیر حەسەنپوور



وێنە
شیرین ئەمینی



گۆڕەوشار
فاتیمە سوڵتانی



دەنکە هەنار
فەرزییە یاهوو



فریشتە و شمشاڵ
گوڵاڵە ستاوەند



کارنامە
زەینەب بابایی

کوردستان گولابی ئازەر

ــ هانێ ئەو چەترەی هەڵدە با تەڕ نەبی، دەبیگرە.
ژنەکە هەروا سەری بەرداوەتەوە. چەترەکەی لێوەرگرتووە. بارانەکە تووندتری دەکرد. ئەویش بە نووکی کەوشەکەی لە ئاوی قوڵکەکانی سەر شەقامەکەی هەڵدەدا. دەستی ژنەکەی تووند دەکوشێ و یەخـەی کۆتەکـەی بـۆ سـەرێ هـەڵدەداتەوە. ژنـەکە هـەروا سەری داخستـووە. لە بەر دەرکەی قاوەخانە ڕاوەستاوە. پیاوەکە چۆتە ژوورێ. ئەویش بە دوایدا دەڕوا. هەڵم و بۆنی سیغار و قەلیان نێو قاوەخانەکەی داگرتووە. دەکۆخێ. ژنەکە دەکۆخێ. لەسەر تەختەی پـەنا پەنجـەرەکە دانیشـتوون. داوای دوو چای دەکات. دڵـۆپی بن میچی قاوەخانـەکە بە سەر ژنـەکەدا دێتە خوارێ. باسی ناکا. چاوی لە بارانەکەی ئەو بـەری شووشەکە بڕیـوە . ئەویش پاڵی داوەتەوە. قەلیانەکەی وەلا دەنێ. بۆی ناکێشرێ. دڵۆپێکی بن میچکە دەکەوێتە نێو چای پیاوەکە. بە تووڕەیی جنێوێک حەواڵەی قاوەچییەکە دەکا. دەرکەی قاوەخانەکە بە تووندی پێوە دەدا.
ــ دەربـەست... دەربـەست
هیچ تاکسییەک بۆیان ڕاناگرێ. ڕوو لە ژنەکەی دەکا و پێی دەڵێ: لێی گەڕێ با بارانەکەی ئـەمڕۆش هەر هـی ئێمە بێ. هەر وەک ئـەو ڕۆژە. سیغارەکەی داگیرساندووە. دەلینگی شاڵوارەکەی ڕێکیشی وێنەکەوتووە.
ــ ڕووی کردۆتە ژنـەکەی و پێی دەڵێ: بۆ وای؟! هەر کات کە باران دەبـارێ ئەوهات لێدێ؟
چاوی پشیلەکە لە نێو قاناوەکە شۆق دەدا. ژنەکە چاوی دەگەڵ شۆقەکە دەگێڕێ. ئەویش هەروا کە ڕووی تێکردووە لێی دەپرسێ: باران کە دەبارێ چیت وەبیر دەهێنێتەوە؟ هاتۆتەوە ژێر چەترەکە، پێی دەڵێ: وەبیر باران... بریسک... بۆنی سیغاری زارت... هەر ئەوانە.
ــ بۆنی سیغاری زارم؟
سیغارەکەی هاویشتـۆتە نێو قـاناوەکە و چەترەکەی بۆ لای ئـەو زۆرتر دەبـا.
ــ باران کە دەبارێ، بۆنی سیغاری زارت زۆرتر دێ.
دیارە، ولامەکەی ڕازی ناکا. سەری داخستووە و چەترەکەی داوە بە دەسـتی ژنـەکەی و پێی دەڵێت: هەر ئەو ڕۆژە وا بارانە تونـدەکە دەبـاری و قاناوەکان نەیاندەکێشا. هەر دە ماشێنەکەم‌دا، سەیری بارانەکەم دەکرد. گەیشتبوومەوە دەفتەری کارەکەم ئەتۆ هێشتا نەهاتبوویە سەر کار، خۆ ئەوەت وەبیر دێت؟ بۆ ئەوەندە درەنگ هاتییەوە؟ بارانەکە وەک گۆزەی سەرەوژێر بە سەر چەترەکەیان‌دا دەهاتە خوارێ. ژنەکە دەستی لە گیرفانی پاڵتەی مێردەکەی خستووە و پێی دەڵێ: ماشێن وەگیر نەدەکەوت، ئاخە بارانەکە زۆر توندی کردبوو، جەماعەت هێرشیان دەبرد بۆ تاکسی و خەتەکان. دەستی چەپی ژنەکەی دەکوشێ و چاوی لە چاوی بڕیوە و پێی دەڵێ: تامی ئەو چایەی وا بۆت هێنابووم هەر لە بن زارمە. باوەڕم نەدەکرد، هیچ کات ئاوا چاوم لە چاوت نەبڕیبوو، ئەرێ چۆن بوو هاتبوویە دیوەکەم؟ دەستی لە گیرفانی هێنابۆوە دەرێ و لە ژێر چەترەکە لا چووبوو. دیار بوو لە قسەیەک دەگەڕا هەتا فەزاکە بگۆڕێت.
ــ فکرم لێ نەکردۆتەوە. ڕەنگە لە بەر بارانە تونـدەکە بێت، ئەخە ئەو ڕۆژە بارانەکە زۆر تووند دەبـاری، ئەها، بن میچی ماڵەکەشمان دڵۆپەی دەکرد. دەمەوێست باسی ئەوەت بۆ بکەم.
ــ بن میچی ماڵەکەتان دڵۆپەی دەکرد؟ هەر باسی ئەوەت نەکردبوو.
ئەرێ، زۆریش دڵۆپەی دەکرد. گۆشەی بەرماڵەکەی خوساندبوو، دایکم نوێژی دەکرد کە بارانەکە وا تووندی کردبوو. بەرماڵەکەی لا بردبوو. قابڵەمەیەکی لە ژێر دانابوو. دەنگی دڵۆپی بارانەکە وا لە لێواری قابڵەمەکە دەکەوت لەگەڵ دەنگی تەسبیحەکەی دایکم تێکەڵ ببوو، بۆم باس نەکردبووی؟
ــ کارم بەوە نییە. لە باوەشم گرتبووی. هەوەڵین جار بوو، خاڵەکانی سەر ملتم دەدیت. جوان بوو.
ــ زۆرم دەست بۆ تاکسی هەڵهێنابوو. مەجبوور بووم سواری خەت بم، تازە نیوەی ڕێگاکە بە پێیان هاتبووم، کەوشەکانم شەڵاڵی ئاو ببوون. زۆر سارد بوو. دوایەش کردی بە تەرزە. مەگەر وا نەبوو؟
ماشێنێکی جیپی سەر ئاواڵا لە سەرەوەی ئەو کۆڵانەی وا پێی‌دا دەڕۆیشتن، دیار بوو چراکانی هەڵدەبوون و دەکووژانەوە. دیسان ژنەکە لە ژێر چەترەکە لا چووبوو. پیاوەکە پێی دەڵێ: بۆ هەر کات کە باسی ئەو ڕوودداوە دەکەم دەتهەوێ باسەکە بگۆڕی؟ ئازارت دەدات؟
ژنەکە چاوی تێبڕیووە و پێی دەڵێت: ئاخر ئەو ڕۆژە زۆر ڕوودداوی دیکەش بوو کە ڕووی دابوو. جیپەکە زۆر بە تووندی لە تەنیشتیان تێدەپەڕێ. دەنگی زەبتی ماشێنەکە لە کۆڵانە باراناوییەکە گەڕاوە. پڕیشکەی قوڕاوەکە تا سەر چۆکیان هاتووە. پیاوەکە بە تووڕەیەوە ئاوڕی داوەتەوە و هەرایان لێدەکا: ملت شکێ، کوێری! دەستێکی بە دەلینگی شاڵوارەکەی‌دا دەهێنێ، بەڵام جێی خاوێنی نەماوە. ژنەکە بە ئارامی ڕووی تێکردووە و پێی دەڵێت: ئەوەش ڕەحمەتی بارانەکەیە. بە تووڕەیی سەری هەڵێناوە و پێی دەڵێ: بە وەی دەڵێی ڕەحمەت؟ ئەوە باشتر کە نەسیبی تۆ بێت. چەترەکەی هەڵداوەتەوە و ژنەکە بە ئارامی دەچێتە ژێر چەترەکە. بارانەکە وەک گۆزەی سەرەوژێر بە سەر چەترەکەدا دەهاتە خوارێ. ژنەکە ڕووی تێکردووە و دەڵێ: پێم خۆش نییە هیچ کات لە لای هیچ کەس باسی ڕوودداوەکەی ئەو ڕۆژە بکەی، ئەوەت هەموو کات لە بیر بێت. پیاوەکە سیغارەکە دادەگیرسێنێ، مژێکی لێدەدات و دوکەڵەکەی دەرناداتەوە.

◗ هەژیر خالەندی

مرۆڤ بە دیتنی ئەو هەموو دەرکەیە کە دووکانەکانیان ڕشتۆتە نێو شەقام حاڵی تێک دەچێ. مرۆڤ بە دیتنی جێگایەک بە نێوی گەرماو حاڵی تێک دەچێ. مرۆڤ لەوەی کە دەبینێ حاڵی تێک دەچێ، حاڵی تێک دەچێ. خەریک بووم بە شەقامدا دەڕۆیشتم. هەڵبەت وەک هەمیشە بە سەرێکی نەوی (ئێوە دەتوانن وای دانێن کە لە بینینی حەرز چێژ دەبەم). لە ناکاو لە نهۆمی سێهەمی باڵەخانەیەکڕا، بە تەوژم و خەستێکی تەواو ژنێک فڕێ درا خوارێ. هەڵبەت لەناکاوی ئەو ڕووداوە تەنیا بۆ منە، چوونکە هەواڵێکم لە نێو خانووبەرەکە نییە. لەوانەیە ئەو هەڵدێرانە دوای سێ کاتژمێر دمەقاڵە ڕووی دابێت، خەریک بووم دەمکووت، ژنەکە بە زرمەوکوت لە حەرزی کەوت و بە هۆی قورسی برینەکانی بە تەندروستییەکی لە ڕادەبەدەر لە حەرزی هەستاوە و لە کاتێکدا کە چاوی لە من دەکرد تۆز و خۆڵی سەر جلەکانی تەکاند، هەڵبەت لەو سەرەوە بیڵێم جلێکی وەهای لەبەردا نەبوو. جا ئێستا من بووم بە کۆڵەپشتییەکی (sport john) و پۆلارێک کە دەتوانی بڵێی بە ڕەنگێکی شین و ژنێک کە خەریک بوو تۆز و خۆڵی لەو جلانە دەستڕییەوە کە لە بەریدا نەبوو وە هەروەها ئێوە دەتوانن بوونی خانووبەرەیەک و شەقامێک و چەن شتی تر بۆ تێگەیشتنی باشتری شوێنی ڕووداوەکە لە بەر چاو بگرن. هەر جۆرێک بێ، بە هێمنی لە پەنای — پەنا ژنەکە دەڵێم — تێپەڕ بووم و بەرەو شۆڕش دەڕۆیشتم — شەقامەی شۆڕش دەڵێم- بە ئازادییەکی تەواوتر لە تەواو کە دەتوانێ بۆ خۆی جۆرێک سەرخۆشی بێت، دەڕۆیشتم. سەرخۆشبوون لەوەیکە لە جێی ژنەکە و هەروەها ئەو کەسە یا ئەو شتەی فڕێی داوەتە خوارێ نیم. هەڵبەت لە بنەڕەتڕا من مرۆڤێکی زۆر ئەو شتە نیم هەتا گرینگی بەو شتانە بدەم. تەنیا دااڵغەیەک کە هەمە ئەوەیە...! ئەی باوکە. دەڵێی لاقم بە هۆی خشکان بە سەر شەقامدا دەسوێ و...! ئەوە ئیتر سەرگوڵەکەیەتی، ئێستا کە خەریکم زۆرتر سرنج دەدەم، هەست دەکەم بن کەوشەکانم تەواو ڕۆیشتووە و وردە وردە لاقیشم خەریکە تووشی چارەنووسی ئەوان دەبێت. — مەبەستم لە ئەوان کەوشەکانمە — بەڵام دەڵێی بە دەست خۆم نییە و هەر وا خەریکم دەڕۆم. سەرم بە تووندی وەژان دەکەوێ، یانی باشترە بڵێم وەژان کەوتووە. دەڵێ هەموو گیانم کووتراوە و ئێوە دەتوانن «سەر لە گێژەوە هاتن» و «دڵ لە ڕەشەوە هاتن» و چەن شتی تر لەم دۆخە زیاد کەن. شتێکی تریش هەیە کە نازانم چۆنی باس بکەم. چونکە ئەرخەیانم هیچ کام لە ئێوە ئەو دۆخەو ئەزموون نەکردووە کە چاوەکانی لە کاسە بێتە دەرێ. هەموو ددانەکانم کەوتن. ئەوە! ئەوە چ ڕۆژە ڕەشییەکە، ئەمن هەر بە تەواوی تێناگەم. هەموو ئێسکەکانی لەشم قرچە قرچیان لێدێت ئاژەڵێک کە نیوەی سەگ و نیوەکەی تریشی گوێدرێژە ئێستا لە پەنام تێپەڕ بوو. چۆنم تێڕامابوو! لەوانەیە ئەویش شتێکی وەهای نەبینیبوو بێ. لاقەکانم تەواو لە ناو چووە و گەیشتۆتە ئێسکەکانی ئەژنۆم. هەڵبەت تەنیا کاتێک دەمتوانی بڵێم لاقەکانم، کە خاوەنیان بووبام، کە ئەوان هەبان. بەڵام ئێستا نین و ئەو کۆڵەپشتییەی کوتم پێم بوو وە ڕەنگەکەی شین بوو، شینێکی ڕووناک، ئێستا لە تەوژمی سووری وەک زریشکاو دەچێت. بەڵێ زریشک. ئەویش لە جۆری سوورەکەی. خەریکم دەڕۆم. هەڵبەت چ ڕۆیشتنێک، خەریکم دەخزێم و هەر بە تەواوی، هێزی ڕۆیشتنم لێ بڕاوە. حاڵم تێک چووە. بە شێوازێک تێکەڵم کردووە کە دەتوانم بڵێم پێش چاوم هەموو ڕەش هەڵگەڕاوە، هەڵبەت لە پێشداش هێندە ڕووناک نەبوو. (- ئەی ئەو بێناموسانە لەبەر چی مووچە وەردەگرن؟ کاکە توخودا وەرە چاو لێکە. — ئۆخەیش ئەوەیە دەنگی خللەخل. خەریک بوو لە گیرفانی ئەو کابرایەدا دەخنکام. ئەو سەتمەنییە وای خۆ پێ مەڵاس دابووم کە ئیتر خەریک بوو حاڵم تێک دەچوو) شەقامێک و تەرمێک و کۆڵەپشتییەک کە ڕەنگەکەی دیار نییە و پۆلارێک کە ڕەنگەکەی دیار نییە و ئیتر هیچ... !)

* ئەو بابەتە بۆ گونجان دەگەڵ زمانی «بەرهەم» لە لایان غەفوور پیرزادە لە فارسییەوە وەرگێردراوەتە سەر زمانی کوردی. ◖

ڕەعنا شێخانی

لە ناو تەواوی ئەم وێنانەی هەڵمگرتبوونەوە، دوو وێنەی تایبەتم بۆ بەشداری لە کێبەرکێی جوانترین و باشترین وێنەی ساڵ هەڵبژارد. یەکەم وێنەی تەگەرێکی کە تا ناوقەد لە قوڕ و خیزی تەنیشت ڕووبار چەقی بوو و لە دیمەنێکی یەکجار جوانی دواییں ڕۆژەکانی زستان وەک پەڵەیەکی ڕەش دەدرەوشاوە. دووهەم وێنەی ئەم تەرمە دۆزراوەی کە لە بن سێبەری داشقەیەکی کۆن پاڵی وە ئاخرین دیواری نیوەڕووخاوی قەراغ شار دابوو. چەنگی بە تیتۆڵێک جلکی سپییەوە ڕەق هەڵاتبوو کە تێکەڵاوی چوار پێنج پەڵەی ڕەش بوو، هەر لە کاتی تۆمارکردنی ئەم وێنەیە، دڵنیا بووم نەک تەنیا بۆ من، ڕەنگە بۆ زۆر کەسان سرنجڕاکێش بێ، بەتایبەت ئەگەر ئەرکی یەکەم کەسایەتی ناو چیرۆکە نەکوتراوەکەمی وەئەستۆ گرتبوایە.

دەستم کرد بە داڕشتنی چیرۆکی بەناو: چوار پەڵەی ڕەش چوار تاریکایی، گەلێک خۆشەویست. گوتم ڕەنگە ڕەش نیگای خنکاوی بە بەژنی سپی بەخشی بێ و دەستەملانی بووبێ؛ کەوابوو ...

هات و لە کن نەمامە بەڵاڵوکەکەی قەراغ باغچەی کە پێکەوە چاندبوویان، ڕاوەستا و کوتی بڕوانە کامەمان بەرزترین؟ باش ڕاهاتبوو بە پرسیارە وەخت و ناوەختەکانی ئامان. تا دواییں پرسیارەکە هەودا دوور و درێژەکەی هەڵبڕی...

هەر دوو ئەژنۆی هەڵدابوو و وەک تاقە کەسی بێکەسێکەی بە سینگییەوە دەکوشی و نووقمی بیرەوەرییە دوور و درێژەکانی بوو. قوژبنی ژێرخانێکی تەنگ و تاریک، چەتری ڕەشی لە سەر شەوە تاریکەکانی هەڵدابوو، حەسارە بەردەڵانەکەش میوانداری داشقەکەی بوو. لێفە شرێک و کورسێک کە لە سەر تەندووڕە سارد و سڕەکە دامەزرا، مااڵەکەیان ڕازاندەوە. قاپێک تێکوشینی ئیشک، چێشتی گەرم و بەتامی وەبیر هێنایەوە. دەنگی پێی، گرمەی خاوەنماڵ و ژن و منداڵی بوو بە هەوێنی ژیانە سارد و سڕەکەی. هەستی بە هێمنایەتی دەکرد. هەتاوی کزی سەر لە بەیان، زوخمی ساردی سەر داشقەکەی تواندبۆوە و ناو ماڵە تاریکەکەی حەمەی دەنگاوت و دەیلاواندەوە. دوو پێچکی چەور و ڕەش کەوتنە شوێن دوو هەنگاوەکانی، تا دەستی ماندووی کەوتە سەر زگی نیوە تێر، دەنگی بەسۆز و بلاوێنی هاتە جۆش و نارەنارەکەی بەرز بووە. هەنگاوی جووتێک پێ بە بیستنی دەنگە خۆشەکەی شل دەبوو و سێبەری سەر و ملێکی ڕاکشاو لە پەنجەڕەڕا بەرەو خوار شۆڕ دەبۆوە و سەری لە دەرگا بۆرینەی ماڵەکەی دەخست و بۆشایی دڵی کەلێنبڕ دەکرد.

دوو دەستی چەور و ڕەش خەریکی لاواندنەوەی دوو پێچکی ساز و تەیار بوون کە هات و لە کن نەمامە بەڵاڵوکەکەی قەراغ باغچەی ڕاوەستا و کوتی: بڕوانە کاممان بەرزترین؟ نیگای خوشیە سەر دوو سێبەری ڕاکشاو و کوتی: ڕوونە هەر دووکتان بە قەد یەک.

چەندی پێچوو، بۆ خۆیشی نەیزانی کەی ئەم پرسیارە نەبڕاوە پڕ بە لۆوپۆی دار بەڵاڵوک ڕەنگی گۆڕی و دەنگی بەسۆزی خنکاند و بەر دەرگا بۆرینەی ماڵەکەی پڕ کرد لە بۆشایی و جێی بەتاڵی سێبەرێکی ئاشنا.

پاش نیوەڕۆیی یەکێک لە هەوەڵین ڕۆژەکانی بەهار، هات و لە کن دار بەڵاڵوکەی قەراغ باغچەی ڕاوەستا و کوتی: بڕوانە کاممان جوانترین؟ نیگای خوشییە سەر دوو سێبەری ڕاکشاو و کوتی:

ـ ڕوونە هەردووکتان بە قەد یەک.

ـ تێر بڕوانە، ئینجا حوکمێ بدە

تا سەری هەڵبڕی، پڕشەنگی هەتاوێکی تازە هەڵاتوو، چاوە کزەکانی ئەنگاوت. شنەبایەک، قژە خاوەکانی وە سەما خستبوو، بزەیەک ئاخر شەپۆلی لە سەر لێوەکانی مابوو. هەناسەیەک لەسەر سینگی داماوی پنگی دەخواردەوە و دڵی کەوتە لێدان. سۆزی نیگای حوکمی دابوو، سەری داخست و کوتی: ڕوونە...

ئامان بۆ سپاس، پەنجە ناسکەکەی لە ناو دەستی نا کە ڕەنگی دەستە ڕەش و چەورەکەی ئەویان بە خۆوە گرت، بە بێزاری لووتی هەڵقرچاند و دەستە ڕەشەکانی بە بەژنی حەمە ئەستڕیەوە و چوار پەڵەی ڕەش نیگای خنکاویان بە بەژنی سپی بەخشی و دەستەملانی بوون و سەر پەنجەیەک سازی ناسازی و گرمەی دڵ و پشووی سواری هەست پێکرد.

نووکی پێنووسەکەم شکا و دەنگی دایکم وەخۆی هێنامەوە: وەرە کچم ئەمە وێنەکەی تۆیە لە سەر شاشەی تلەڤیزیۆنە. وێنەی تەگەرێکی کە تا ناوقەد لە قوڕ و خیزی تەنیشت ڕووبار چەقی بوو، لە دیمەنێکی یەکجار جوانی دواییں ڕۆژەکانی زستان وەک پەڵەیەکی ڕەش دەدروشاوە و دەنگی هەواڵنێر کە دەیکوت: ئەمە چەرخی شارستانییەتە کەوا لە قوڕ چەقیوە و داوێنی خاوێنی سرووشتی بە دیمەنی درێوی خۆی ڕووشەیی کردووە.

داوا لە خاتوو «ئامان سین» دەکەین کە ڕۆژی هەینی بۆ وەرگرتنی خەڵاتی تایبەت بێتە شوێنی دیاریکراو.

هیوا قارەمانی

... ئەوێ شەوێش وەک پێشوو، لەسەر تاتەبەردی بەردەرکی دووکانی حاجیئاغا کە هەڵبەت وەبیرم دێ پێشتر ئەوێ، بەردەرکی ماڵە خات زبێد بوو، یانی وا باشترە بڵێم ئەو وەختی دەرکی ماڵە خات زبێد کەوتبووە. دیوی کوچەی، خانوبەرەیەکی قەدیمی بوو، کەچی دەرکی دووکانی حاجیئاغای کەوتبووە سەر خیابانێ ـ بەڵێ لەسەر ئەو تاتەبەردە دانیشتبووم، ئەوەی وەبیرم بێ، ئەو وەختی کە ئێرە ماڵە خات زبێد بوو، ئەو تاتەبەردە هەر لەو سووچەی بوو، ئەو وەختیش هەر بۆ دانیشتن کەلکیان لێوەردەگرت، بۆ وێنە ژنەکانی گەڕەکێ کە لێک وەکۆ دەبوون بۆ سەبزی چاککردنێ، خات زبێد کە ئەو تاتەبەردە کەوتبووە بەر دەرکی وی (یانی زۆر جاران ئەو، دەنا بۆی هەبوو ئەوانی دیش لەسەری دانیشن) لەسەری دادەنیشت و ئەوانی دیکەش تێی هاڵان؛ یان شەوانە کە نازانم بۆچی یان لە بەر چ کارێک بەڵام تۆو تروکاندنەکەیانم لە بیرە، هەمان دەستوور لەوێ وەکۆ دەبوون. هەڵبەت تا ئەو جێگایەی لە بیرم بێ کەمتر پیاوەکانی گەڕەکێ لەسەر ئەو تاتەبەردە دادەنیشتن کە دوو هۆی سەرەکی هەبوو: یەکیان ئەوەیکە خات زبێد بێوەژن بوو، ئەوی دیکەش ئەوەیکە ئەو گەڕەکە پیاوێکی وای تێدا نەبوو، یانی نەک بڵێی پیاوەکان پیاو نەبوون، بەڵکوو ڕادەیان زۆر نەبوو، ئەوەی هەشبوون هەر پتر لە ژووری ماڵێدا دەمانەوە هەڵبەت شەوانە، چونکە بە ڕۆژ کەمتر وابوو لە ماڵێ بن. ئەو وەختی ئەمن زۆرم سرنج نەدەدا بەو تاتەبەردە، یانی هەر وەبەر چاوم نەدەهات، چونکە ئێمە (مەبەستم منااڵەکانی گەڕەکێ) بە هەڵبەزدابەز و ڕاوڕاوێنی خۆمانەوە خەریک بووین کە ئەویش لەگەڵ ئەو جێگایەی ئەو تاتەبەردەی لێبوو، وەباسم کرد کە زۆر جاران ژنی گەڕەکێ لەوێ کۆ دەبوونەوە و کەمتر وابوو لەوێ نەبن، شوێنی هەڵبەزدابەز و ڕاوڕاوێنی ئێمە، هێندێکی مەودا هەبوو، هەر وەک گوتم دەرکی ماڵە خات زبێد کە ئەو تاتەبەردە لە بەر ئەوێ دەرکێ بوو، هەر کە لە شەقامڕا باتداباوە نێو کوچەکە، لە دەستی ڕاستی کوچەکە هەڵکەوتبوو، جا ئەگەر دە ــ دوازدە هەنگاو بەرەو ژوور هاتبای دیسان هەر بە دەستی ڕاستەوە، کوچەکە کە بایدەداوە و دەبوو بە بنبەست، لە قووڵایی بنبەستەکەدا بە دەستی چەپەوە کەلاوەیەکی لێبوو، یانی هەڵبەت خانوبەرەیەکی چۆڵکراو بوو کە دەرکێکی داری هەبوو، هەر چەند بەڕواڵەت دایانخستبوو بەڵام کە پاڵت پێوە نابا، کەلێنی دەکەوتێ کە جەستەی منااڵنەی ئێمەی تێوە دەچوو، بەرەو ژوورتری ئەوێش، وەتاغێک لەسەر بنبەستەکە بوو کە حاڵەتی تونێلی دابوو بە بنبەستەکە؛ جا ئێمە پتر لەو دەوروبەرە هەڵبەزدابەزمان دەکرد. بۆ وێنە داڕێکمان بە دەستەوە دەگرت و لەسەر عەرزی کوچە، کە خۆڵ بوو، دەبوو لە دەوری خۆمان و نیسێکەمان لە دایرە کەوتبا دەرێ، ئەوە دەبوو وەک ((دۆڕاو لە کایەدا)) بە کەلێنی دەرکە دارەکەی کەلاوەکەدا چوباینە ژووری کەلاوەکە و تا ئەو سەری حەسارە پڕ لە گیای هەرز و پووش و پەاڵش و خولاسە بە نێو جەرگەی ترسدا تا ئەو بەری حەسارەکە چووباین و گەڕابانەوە؛ ڕەنگبێ نەزانم ئەوە کوێی قومار و کایە بوو، بەاڵم ئەو ترسەی لەو کارە دایدەگرتم قەتم لە بیر ناچێ.

... ئەوێ شەوێش وەک شەوانی دی لەسەر تاتەبەردی بەردەرکی دوکانی حاجیئاغا دانیشتبووم؛ چاک دەزانم و شکم لەوەدا نییە کە ئەوە هەمان تاتەبەردە، لە ماوەی ئەو چەندە ساڵەدا چ گوزەراوە و چی ڕووی داوە بمێنێ، بەاڵم سەیرە کە پاش تێکچوونی خانووبەرەی خات زبێد و ئەوەیکە حاجیئاغا، باڵاخانەی لێسازکرد و بنی کردە ڕیزە دوکان، چۆنە ئەو تاتەبەردە لەو سووچەی هەر ماوە، سەیرە؛ بەاڵم ئەوەی هەیە هێشتا ئیتر، پێمواییە لە من زیاتر کە جارجارە چاوەڕێی تۆ دەبم کە بێی، کەسی دیکەی لەسەر دانانیشێ، ئەویش ئەمن بۆ سیگار بە با کردنێک و بۆ ماوەیەکی کورت.

... ئەوێ شەوێش وەک شەوانی دی لەسەر تاتەبەردی بەردەرکی دووکانی حاجیئاغا دانیشتبووم، سیگارم دەکێشا و چاوەڕێت بووم، چاوم لە موزاییکەکانی پیادەڕۆ بڕیبوو، لە بەر شۆقی الامپەکانی شەقام دوو نیسێم هەبوو، وەک شکڵی حەوت (۷)، لە الی زاری حەوتەکە، سەرم ببوونە دوو، لێک دوور کەوتبوونەوە و لە خوارەوەی حەوتەکەش الاقم تێک هاڵابوون.

هەر وا چاوەڕێت بووم، نەمدەزانی بۆ وەدرەنگێ کەوتووی! لەناکاو بەرق ڕۆیی و لە خەیاڵ ڕاچەنیم. دەمزانی یەکێک دێ چونکە لە دوورەوە شۆقی نووری سیگارەکەی دیار بوو، لە پشتەوەڕا ماشێنێک بە شەقامەکەدا دەهات، بە شۆقی نووری چراکەی نیسێی ئەوەی دەهات درێژ درێژ ببۆوە، هەتا وای لێهات سەری هاتبووە بەپێی من و پێیەکانیشی وەپێش خۆی کەوتبوون...نیسێ چکۆلە و چکۆلە دەبۆوە، ماشێنەکە تێپەڕی و ڕێبوارەکەش قونچکە سیگارەکەی فڕێ دا بەرپێی من و تێپەڕی.

... دەنگی گریانی منداڵی ساوای جیرانەکەم، لە نهۆمی دووەمی خانوبەرەی ئەو بەری کوچەڕا کە لە پەنجەرەی کراوەیڕا نووریکی کەمڕەنگی زەردی چرای نەوتی، پەنجەرەی لەسەر ڕەنگی ڕەشی دیوارەکانی چواردەوری نەخشاندبوو، لەو تاریکایی و بێدەنگییەی شەقامدا، وەبیری ئیتر چاوەڕوانەبوونی خستمەوە.

مریەم قازی

ئەمن درۆزنێکی زۆر لێهاتووم، هەر لە سەرەتای منداڵێیەوە فێریان کردم کاتێک میوان دێ تەنانەت ئەگەر پێم ناخۆش بوو پێبکەنم و وا نیشاندەم کە زۆر بەدیتنی شادم و ئەگەر سەریان سپی بوو دابێمەوە و دەستیان ماچ کەم دەگەڵ وەی کە ئەو کارەشم پێ خۆش نەبوو. من دەزانم چۆن کاتێک دڵم خۆش نییە خۆم دڵخۆش کەم و کاتێک دڵم خۆشە بۆ هاودەردێکی بەدرۆ وانیشان بدەم کە زۆر ناڕەحەتم. من لەوەدا زۆر لێهاتووم کە وا بنوێنم پڕ بەدڵ لە ژیانی هاوبەشم ڕازیم و هیچ گرفتێکم نییە و بەتایبەت ئەو دەمانەی ژنێک یان پیاوێک هات و بەپێچەوانەی داب و شەریعەت و یاسا جووڵاوە زۆر چاک دەتوانم بە پێچەوانەی ویستی خۆم بەرگری داب و نەرێت و شەریعەت و یاسا بکەم و بەوپەڕی لادەرەکان شەرمەزار کەم. من لەوەدا هەر زۆر وەستام کە نیشانبدەم زۆرم چاو بەسەر هەموو لایەکدا هەیە و هەرچی لە دەستم بێ دەریغی لێناکەم. کاتێک پارەم پێ نییە کیفەکەم وا بگرم کە گۆیا پڕە لە پووڵ و کاتێک پارەم پێیە بەسوێندانەوە ڕەش و شین بمەوە کە تاقە قڕانێک شک نابەم. کاتێک خزم یان کەسێکم لیباسێکی کڕیوە و یەکجار زۆرم پێناحەزە بۆ ئەوەی دڵی نەیەشێ تێر پێی هەڵبڵێم. کاتێک لە سەرەخۆشی دانیشتووم بۆ ئەوەی نەڵێن خەمی مردووەکەی نییە دەگەڵ وە کە گریانم نایا هۆل هۆل بگریم و لەخۆڕا باسی چاکەکانی بکەم و تەنانەت چەند بیرەوەریشی لێبگیڕمەوە کە فڕی بەسەر مردووەکەوە نییە. کاتێک منداڵی دراوسێکەمان سەرکەوتنێکی تووش دێ دەگەڵ وەی کە وەختە لە ئیرەییان شێت بم وانیشاندەم لە دایک و بابیم پێخۆشترە. لە شەقامدا کە دەڕۆم ئەگەر هات و پیاوێکم پێ جوان بوو بە میردەکەم بڵێم زۆر ناحەزە و ئەگەر ژنێکی لەخۆم جوانترم دیت دەست بکەم بە شڵتاغ و درۆ سەبارەت بە ئەو. من کارێک دەزانم کە خەڵکی ئاسایی نایزانن ئەویش ئەوەیە کە هەموو ئەو درۆیانە سەر لە نوێ وا بنووسمەوە کە زۆر کەس ببنە خوێنەری نووسراوەکانم و زۆر کەس ئیرەییم پێببەرن. من درۆزنێکی مەزنم و دەگەڵ سێبەرەکەم زۆر لە کێشەدام کە جاری وایە لە خۆم درێژتر یان کورتتر دەبێتەوە و ڕێک ئەو جۆرەم نیشان نادا کە هەم. دەگەڵ ئاوێنە زۆر تەبام کە ڕوالەتم ڕێک ئەوجۆرە نیشان دەدا کە دەمەوێ هەر بۆیە لە نێو ئوستووڕەکان‌دا «نارسیس»م زۆر خۆش دەوێ و پێم وایە خودای خودایان هەر ئەوە. کاتێک بێخەبەر کەسێک لێم وەژوور دەکەوێ هەرچەند کە زۆرم پێناخۆش بێ لە خۆشیان بقیژنێم و بڵێم هەر ئێستا دەگەڵ تۆ بووم و وادیارە دڵ ئاگای لە دڵانە و دەگەڵ هەموو ئەو درۆیانەش‌دا فیز و ئیفادەی وەی لێدەم کە لە تەواوی تەمەنمدا درۆیەک بەزارمدا نەهاتووە. کاتێک هات و چاکەیەکی زۆر چکۆلەم دەگەڵ کەسێک کرد دەگەڵ وەی کە داوا لە خۆی بکەم بەکەس نەڵێ، پێم خۆشە هەرچی زووتر ببێتە سەردێڕی هەموو هەواڵنێرەکانی ناوچە و لە کاتێکدا وا دەڵێم هیچ چاوەڕوانێکم نییە بەدڵ چاوەڕوانی قەرەبوونەوەم کە زووترین کاتدا هەبێ. لە حاڵێکدا زۆر لە سیستەمی زاڵ ناڕەزامەندم دەوری شاروەندێکی ڕەزامەند بگێڕم و لە حالیکدا نیشاندەدەم کە زۆر پەرۆشی ئەدەب و بەرهەمی بە هێزم دەگەڵ دەرچوونی بابەتێکی بەهێز لە لایەن کەسێکی ترەوە دەگەڵ وەی کە پیرۆزبایی گەرم ئاراستەی نووسەر بکەم گیانی منیش لە ئیرەییان دەرچێ. من خەریکم منداڵەکانیشم بۆ وەها هەڵومەرجێک ئامادە دەکەم و هەموو ئەوشتانەی فیریان بووم، فێریان دەکەم . ئەوانیش دەبێ فێر بن بەدرۆ پێبکەنن بە درۆ بگرین و کورت و کرمانجی بەدرۆ بژین دەنا هیچ شکم لەوەدانییە کە تووشی مەترسی دێن. بۆ ئەوەی زۆر بەم ژیانە ناڕەحەت نەبن شتێک نییە دوایە فێریان دەکەم بەدرۆ شاد و کامەران بژین و وانیشان بدەن کە لە بەختەوەری‌دا جڵقەیان دێ. هەڵبەت من درۆ دەکەم کە بڵێم لەم هەڵومەرجە نارەحەتم چونکە لانی کەم بەتەنێ نیم و هەموو وەک خۆم درۆزنن کە فێر بووین مەزنانە درۆ بکەین و ژیرانە سەر بۆ درۆ و دەلەسەکانی یەک بە نیشانەی ڕەزامەندی بلەقێنین. کاتێک منداڵەکەم یەکەم خەڵاتی خۆی لەمن وەرگرت ئەو دەمە بوو کە گەورەترین درۆی ژیانی کرد و لە کاتێکدا دەستی ماچ دەکردم گوتی: دایە گیان بەڵێن بێ هیچکات درۆ ناکەم !

من لە بیرم نییە هیچ ڕۆژێک لە ژیانمدا لانیکەم درۆیەکم نەکردبێ و هیچ شەوێک بێ درۆ سەرم نابێتە سەر سەنیر. ئێوە چی؟ خۆ ناتانەوێ وا نیشان نەدەن کە لە تەواوی تەمەنودا تاقە درۆیەکتان نەکردووە؟

ئەمیر حەسەن‌پوور

ئەرێ دەڵێم پەنجاە ساڵ لەمەو پاشت وەبیر دێت؟ وەبیرت دێ چ حیزەحیزێکمان دەکرد؟ ئەتۆ لە بن دەرگای خۆتان و منیش لەسەر بانی.

ـ دایە دیسان پیساییت لەسەر ئەو فەڕشە ڕۆ کرد؟ ئاخر ئەتۆ کەنگێ دەتهەوێ بزانی کە سەر فەڕش جێی پیساییڕشتن نێت. ئاخ ئەو کاتەم قەت لە بیر ناچێت کە بە دزی ڕوومەتت ماچ کردم و هەڵاتی. ئەمنیش هەزار جنێوم پێدای. ڕاستییەکەت بوێ ئەو کاتە کە ماچت کردم زۆرم پێخۆش بوو. بەڵام بۆیە جنێوم دا چوون نەمهەویست بزانی چەندەم پێخۆش بوو.

ـ دایە دەتهەوێ تاکەی ئاوە پشتت کووڕ کەی و سەر داخەی و دەست لە حەرزی بخوشێنی. ئەو هەموو بۆڵەبۆڵە چییە لە بن زارتدا دەیکەی؟ من مردووم و پێم وابێ هەزاران ساڵە کە کەسێک منی لە یاد نێ. ئێسکەکانیشم بۆنی پیساییان گرتووە و کەسێک سەرێ لەو مەیتە هەڵناگرێ. من بەڕاست پێمخۆش بوو زیندوو بوام و لە لای ئەو بوامایە، بەڵام پێم وابێ تازە ئیتر ئەو پیرێژنێکی پشت شکاوی لە ناو گۆڕ ڕاکراوی خۆش ناوێت، بەڵام منی بە پیری و پشتی شکاوە ئێستاش کە نێوەکەی دێت دڵم لێدەدات.

ـ دایە دەتهەوێ تا کەنگێ لەسەر ئەو پەنجەرە ڕاوەستی؟ ئاوا لە برسان دەمری، ئەوەی تۆ چاوەڕوانی دەکەی لە بن دەرگا نەماوە بیست ساڵە کە مردووە.

بیست ساڵ بوو ئاوای لێهاتبوو. پیسایی دەڕشت و قامکی تێوەردەدا. سەری دادەخست و قسەی لەگەڵ خۆی دەکرد. یان لەسەر پەنجەرە ڕادەوەستاو چاوەڕوان دەمایەوە.

ـ دا توخودا چاوم لێبکە بزانە جوانم. ئەو...ئەو... ئەو گوڵەسەرەی زۆر پێ جوانە پێی خۆشە تا دەمبینێ ئەو گوڵەسەرەی لە سەرم دەم. بچوو لە بن دەرگای ڕاوەستە نەوەکوو دایکم بێت. بزانێ بەخودای پرچم دەبڕێ.

هەموو گیانم جوانە... بڕۆم؟ ئاگات لە دەرگاکە بێت، ئەگەر دایکم...

دایە بەخوای هەر ئاوا چووبووم سەربانی... ئەمن وا نیم ها، بە بابم نەڵێی توخودا... دایە... دایە... لەسەر ئەو سەربانە وەرەخوارێ، بەو هەموو نەخۆشییەی هەتە نۆبەی ئەوەشە سەرمات بێ.

دایە...دایە چۆن بە پشت شکاوی چوویە نێو گۆڕ.

زۆر ساغ بوو بەڵام ئەو چەند ساڵەی کۆتایی ژیانی تەنیا لە گۆشەیەک دادەنیشت و پشتی کووڕ دەکرد و سەری دادەخست و دەگەڵ خۆی قسەی دەکرد. دوایە پشتی ڕاست نەبۆوە. بۆیە پشتیان شکاند و لە ناو گۆڕیان ڕاکرد.

ـ بۆخۆت ژنە هەتیوەی، ئەگەر ژنەهەتیو نەبوام، مێردم بە تۆ نەدەکرد. دا تۆخودا کاکە گیان لەتێکم لەو بابۆڵە ڕۆنە دەیە، زۆرم ئیشتیا لێیە خۆ ئەتۆ هەمووی ناخۆی. هەی بە قوربانی ئەو چاوەشینانەت بم ئەگەر تۆ مێردم نەبوای من چم کردبوایە؟

ئەو هەمووە تونگەیەی بۆ بەو منداڵە بەستزمانە هەڵدەگری؟ ئاخر ئەمڕۆ کووشتت، هێندەت کار پێکرد. خۆ بۆ خۆت پشتت نەشکاوە؟!

ـ پشتی بشکێنن. ئاوا بە کووڕی ناچێتە نێو گۆڕ، دەبێ ڕاست بێتەوە، هەڵی گرە و پشتی لە چۆکت دە. ئەها. یەک... دوو... سێ... شکاندت؟

ـ ئاخرێکەی شکاندت؟ ئاخر نازانی ئەوە تەنیا یادگارێک بوو کە لەو کوڕەم مابۆوە. بەو دەوڕێ شینە هەموو جارێ وەبیر چاوەشینەکانی دەکەومەوە. یانی بۆخۆی پێی گوتم: ئەگەر چاوت لێکرد، وەبیر من بکەوە.

قامکی تێوەردەدەم، هەڵی دێنم بۆ لای زارم... نا... دەیهەێنمەوە خوارێ. دیسان تێیوەردەدەم. ئاخر من جگە لە پیسایی‌خواردن مەگەر دەتوانم شتێکی تر بکەم؟

ئەو ڕۆیشت. من تەنیا پیسایی‌خواردنم پێماوەتەوە. ئەو مردووە.

ـ هێندەم پێمەڵێ پیسایی دەڕژێ. پیسایی دەڕژێ، وەرە بۆخۆت خڕی کەوە.

لە جیات ئەو هەمووە پرتەوبۆڵە چاوێک لێبکە بزانە ئەو کوڕەهەتیوە ئەمرۆ نەهاتووە.

نازانم دڵم بۆ وا لێدەدات؟!

ـ وەرە بە قوربان، وەرە بۆ لام با جوان چاوت لێبکەم. نامهەوێ دم و چاوتم هیچ کات لە بیر بچێتەوە، ئاخر چۆنت دڵ دێ ئەمن بەجێ بێڵی؟ ئەتۆ نابێ بڕۆی، دەزانم تازە ئیتر ناگەڕێیەوە.

ـ ئەوەش زەریا، دایە گیان. ها بە کەیفی خۆت چاوی لێبکە. گوێت لێیە ئەو شەپۆلانە چ ئاهەنگێکیان هەیە، مرۆڤی بەڕاست غەمبار دەکات.

ـ ئەرێ بڵێی ئەو شەپۆلانە بابت لەگەڵ خۆیان نەهێنناوە؟ ئەو قەولی بە من دا کە دەگەڕێتەوە.

نا دایە لە مێژە ئەو شەپۆلانە بابمیان ڕاگوێستووە. ئەو ئیتر ناگەڕێتەوە.

ئاخر کوتم بە جێم مەهێڵە، ڕەبی بە قوربانی ئەو بالایەت بم. ئاخۆ بۆ لەسەر ئەو ئاوە ڕاکشاوی. دەمهەوێ لە باوەشم بگرێ. ئەو چاوەشینانەت

بۆ وا پڕ بوون لە ئاو؟
ــ ئەوە چ دەکا؟ یەکێک بچێ دەستی بگرێ. مەیەڵن ئەو کارە بکا.
ئاخۆ ئەگەر من پیسایی نەخۆم، چیتر دەتوانم بکەم؟ مەهێڵن ئەو کارە بکات. دایە هەستە بەسە وامەکە. دایە هەستە بەسە، هەوای زۆر سارد کردووە. سەرمات دەبێ. چاو لە زەریاکردن زۆر بۆ تۆ باش نێ.
ــ من پێمخۆشە چەن ساتێک لێرە تەنیا بم. تکات لێدەکەم چەن ساتێک. تەنیا چەن ساتێک.
من دێم بۆ لات هەموو کەسم. شەپۆلەکان دەمهێنن بۆ لای تۆ. هەر بەو شێوەیەی کە تۆیان ڕاکێشا، منیش ڕادەکێشن.
ڕای‌کێشن... ڕای‌کێشن...
لە میژ بوو چوو بووە نێو ئاو، چاوەکانی پڕ ببوو لە ئاو.
ئاوا ناچێتە نێو گۆڕ، پشتی بشکێنن و لە ناو گۆڕی ڕاکەن.

شیرین ئەمینی

بزەیەکی هات و کامێراکەی چاو لێکرد. سەرێکی هەڵێنا و چاوی لە بەرامبەری کرد. منداڵەکان لە پێش پێشێ هەڵتروشکابوون و باوەشیان بە ئەژنۆدا گرتبوو. لە پشت سەری ئەوانیش ژن و پیاو ڕیز ببوون و پاڵیان بە پاڵی یەکەوە دابوو. چاوەکانیشیان زەق لە مامۆستای قوتابخانە بڕیبوو، مامۆستا سەری گەڕاندەوە و بڕۆکانی تێکنا و ملی بردە پێشتر و کوتی: مام خدر! دە وەرە زووکە، دەی!!!
مام خدر کە لە سەر گاشە بەردەکەی پشت سەری مامۆستا دانیشتبوو، کڵاوەکەی لا دا سەرتر و پشت گوێی خوراند و کوتی: کوڕە پیاوی چاک بە، هەموو گیانم تۆز و خۆڵە، بەخودای ئاوا پێم عەیبە براڵە...
خات خەجیج کە لە سەرەوەی هەموویانەوە دەستی دەکەلەکەی نابوو؛ کوتی: بۆ عەیبە براڵە، ئەوە تازە لە نانی بوومەتەوە و هەر ئاواش هاتووم و بە سەری هەر دووکمان خۆشم بە ژنی شای ناگۆڕمەوە.
کابرا کورتەباڵاکەی قەراغی، بزەیەکی هات و کوتی: حەک ڕووحت خۆم، ئەوەیە ژن... شەرتە بە شەرتی پیاوان ئەگە هەروا ژنێکی چاک بی ئەو پایزەی ژنێکی جوانت بە سەر بێنم.
جەماعەت هەموو پێکەنین. مام خدر ناحیلاج هەستا سەر پێ و سمێڵی سەرەوەی بە ددانەکانی خوارێ جووت و چاوەکانی وێکهێنا و کوتی: باشە مامۆستا ئەو وێنەیەت بۆ چییە؟
مامۆستا بە قامکەکانی چەن تاڵە مووێکی پێش سەری، بۆ پشتەوە هەڵداوە و بزەیەکی هات و کوتی: بۆ گۆڤاری سروەمە...دوایەش وێنەکەی دەبینن. مام خدر بە ناقایلی چوو لە قەراغێک ڕاوەستا و خۆی کووڕ کردەوە و ئانیشکی دەستی بە سەر گۆچانەکەی داگرت..
ـ هەموو ئامادەن؟
کەس ورتەی نەدەهات. مامۆستا کامێراکەی لە سەر سێ پایە قایم کرد و دوایەش هێنایە سەر (select timer) و چاوی لە کاتەکە کرد کە خێرا تێپەڕ دەبوو. خێرا هەڵات بچێتە لای جەماعەتەکە، لەپڕ زیرە و هاتوهاوار بڵێند بوو. جەماعەت هەموو وەکوو وی خەریک بوون هەڵدەهاتن... دوربین فلاشەکەی لێدا.

فاتیمه سولتانی

ڕاست و هەڵچوو، لەو بەرزاییەیەڕا دەڕوانێتە شار. لەوەتی چاوم کردۆتەوە، دیومە. دایکم دەیگوت: مێرمندااڵ بووم، وردە وردە لە مانای خەم دەگەیشتم. شار هەندەی ئێستا گەورە نەبوو، ئێواران کاتی ڕۆژپەڕ، دوای ئاوپڕژێن و ماڵینی حەوشە و دەرک و بان، ئەو دەمەی پەرەسێلکەکان پۆل پۆل، نەوی بە سەر کۆاڵنەکانی شاردا دەفڕین و دەیانجریواند، پاڵم وە کۆڵەکەی بەر هەیوانی ماندوویەتی دەدا و لە دوورم دەڕوانی. لەو شوێنەی کە هێدی هێدی هەتاوی تێدا نووقم دەبوو.

هەورەبانەکان و هەندێک خانووی دوو نهۆم و بەرزاییەکی ڕۆژئاوا و تاقەداڕێک و دوورتریش، زۆر دوور، ڕیزە شاخێکی مژگرتووم لێ دیار بوو و پرسیار لە دوای پرسیار...

سێبەرەکان دەهات و دەتوانەوە، سپای تاریکی زاڵ و زاڵتر دەبوو. فەنەر و چرای حەوت نمرە بۆ بەر هەیوان و پێشخانە هەڵدەکران. بەاڵم ژوور تاریک و لە ئاویلکەی بێدەنگیدا بوو.

بەیناوبەین شۆقێکی ڕووناک بە کووچەدا تێدەپەڕی و نیسێی دوو لاقی زەلام لە سەر سواغی دیوارەکان پێشبڕکەیان دەکرد. پیاوەکان لە دەستێکدا پاکەتێکی زەردی کاغەزیان لە ئامێز گرتبوو و لە دەستەکەی دیدا چراتۆڕی دووکانیان بە هەڵکراوی پێبوو. ژیان و ئاوەدانی دەهاتەوە نێو ماڵەکان و شۆقی فەنەر و حەوت نمرە کز دەبوو.

ژوور وەکوو دڵی جەستەی ماڵ، وەکوتان دەکەوتەوە. ئیدی باسوخواس بوو و حەسانەوە و کاسە جیرانەتی و میوانداری. شار ماڵێکی گەورە بوو. دانیشتووانیش ئەندامی یەک بنەماڵە. شۆرباوی ئەم، لەسەر سفرەی ئەو، دۆڵمە و هەڵوای ئەو، لەسەر سفرەی ئەم دەخورا. شار بە شەو دنیایەکی تر بوو. هەموو لێک ئاگادار. خەم هی هەموان و شادی هی هەموان بوو. ساتێک، دوو سات، وردە وردە جوولە دەبڕا. دەستەاوێک، چەن هەواڵێک، درەنگانێ بە کووچەدا ڕادەبردن و دەنگێکی خۆش، گەاڵێک بە سۆز، وەک الیەاليە، دەهۆشڕاچووانی سەر بان و بەر هەیوانی دەاڵواندەوە و شێعری وەفایی دەینواندن:

مەمکووژە تۆ گەردنی خۆت، ڕوو لە زولفان دەرخەوە

ئەی ستارەی سوبحدەم! ئەمشۆکە زووتر دەرکەوە

چ شەوێک بوو؟! مانگ بە پەلە بوو! زوو ئاو بوو.

خەوی ئەو شەوە خەو نەبوو. هەندی ساڵێک، دوو ساڵ، دەیان ساڵ درێژ بوو ئەو شەوە. نووستووان ڕەنگی مردوویان لێنیشتبوو. کەڵەبابی نیوە شەو نەیخوێند.

ئەمجار، خۆرێکی ماندوو، بە چنگەفرکێ، بە پشت کێوەکانی ڕۆژهەاڵت هەڵدەگەڕا. لە لووتکەدا بە هەناسەبڕکێ سەیری شاری دەکرد. تاقەدار بە دەوری خۆیدا ڕوانی. لە نێو پۆلێک داری بیانیدا خۆی دیتەوە. لە تاریکانی دوێشەودا شار گۆڕابوو. «گۆڕەوشار» بوو. ئاپۆرەیەک تێکیان داویشت. کاڵای هەموان هەر مرۆڤ بوو. یەکیان دەفرۆشت. یەکیان دەکڕی.

لە لووتکەی چیاکانی ڕۆژهەاڵتەوە خۆر پێی خزی و خللۆر بۆوە. لە ڕۆژئاوا گورج ڕۆچوو. شار بە هەزاران چراوە تاریک بوو. ئەستێرەکان تۆزان. هەورەبانەکان فڕین. بەرهەیوانەکان تێکڕمان.

هەموو ڕۆژێ، خۆر میلی کاتژمێرێکی بە پەلە بوو. هەڵدەهات و ئاوا دەبوو، هەڵدەهات و ئاوا دەبوو. دیوارەکان بەرزتر و بەرزتر دەبوون. جیرانەکان لە یەک درێدۆنگ. شار لە ئاپۆرەیی‌دا، چۆل.

تاقەداریش لە شەپۆلی داراندا، ون.

هەواڵنامەی کتێب

فەوزییە یاهوو

کچێکی جوان و ژیکەڵانە بە ناوی دەنکە هەنار، لە گوندێکی خۆش ژیانی دەبردە سەر. ئەو کیژە زۆری خوازبێنی هەبوو و باوکە پیرەکەی بە ئاوات بوو زوو مێردی بکا، بەڵام کچە بە کەس ڕازی نەبوو و دەیگوت: «بابە مێردێکی ئەوەندە جوانم دەوێ کە سینگی وەک بەفری کوێستان سپی بێ و کوڵمەئاڵ و باڵابەرز و چاوڕەش بێ.» باوکی دەیگوت:«جا ڕۆڵە گیان پیاوێکی ئاوا جوانت لە کوێ بۆ پەیدا کەم!»

ڕۆژێکی نیزیک وەرزی بەهار، باوکی چوو بۆ ڕاو. لە دوورەوە چاوی بە چەن سواران کەوت، کە هاتنە پێشێ، دیتی سوارەکەی پێشڕێشێ، میری گوندەکەیە و جوان و سپی و باڵابەرز و چاوڕەش و کوڵمەئاڵە. باوکی هەر لە وێ بۆ خۆی ئاشقی بوو و گوتی ئەوەیە زاوای داهاتووی من. چووە پێشێ، سڵاوی کرد و گوتی: «ئەی ئەمیر، داوایەکم لێت هەیە، ئیزن دەدەی پێت بڵێم؟»میر کوتی:« فەرموو!»بابی دەنکە هەنار بەسەر هاتی کچەکەی بۆ گێڕاوە و میر گەلێکی پێخۆش بوو و گوتی ڕازیم. پاشان کوتی ئەو کراسەم لەگەڵ خۆت بەرە و بیدە بە کچەکەت و بڵێ دوو ئاوی بشوا. ئاوی یەکەم نا، ئاوی دووهەمی بە بەر دەرگای خۆتان داکا و ئاوی یەکەمیش بە بەر دەگای دراوسێکەتاندا. بەر مااڵی ئێوە دەبێتە گوڵ و گوڵزار و هی جیرانەکەشتان پڕ دەبێ لە درک و دااڵ. بەم شێوەیە مااڵەکەتان دەناسمەوە و دێمە خوازبێنی کچەکەت.

کابرا زۆر خۆشحاڵ بوو و وەڕێکەوت و چۆوە مااڵێ. دەنکەهەنار بەرەو پیری هات و باوکیشی ڕوودواوەکەی بە وردی بۆ گێڕاوە. بەم هۆیەی کە لە حەسارێ قسەیان دەکرد کچەکەی جیرانیان کە ناوی کەچەڵێ بوو گشت قسەکانی گوێ لێبووو شەوێ چووە حەوشەکەیان و کراسەکەی دزی. زوو شووردی و ئاوی یەکەمی بە بەر مااڵی دەنکە هەناردا کرد و ئاوی دووهەمیشی بە بەر دەرکەی خۆیان.

سەرەتای بەهار بەر مااڵی کەچەڵێ بوو بە گوڵ و گوڵزار و بەر دەرگای مااڵی دەنکە هەناریش بوو بە ویشکاوڕ و پڕ بوو لە درک و دااڵ. کاتێک میر بە تەمای خوازبێنی هات، چوو بۆ لای مااڵی کەچەڵێ و خوازبێنی لێکرد و ڕێ و ڕەسم بەڕێوەچوو و بووکیان گوێستەوە. دەنکە هەنار وەک بارانی بەهاری دەگریا و دەیگوت: «خودایە بمکە بە ئەسپێکی سپی و جوان تا بووک و زاوای سواری من کەن.»ئاواتەکەی وەدیهات و بوو بە ئەسپێکی جوان و بووکیان سواری ئەو کرد. دەنکە هەنار دەسڵمییەوە و هەڵدەستا سەر پاشوان و بووکی فڕێ دەدا خوار. ئەو جار زاوایان سوار کرد و دیتیان ئەسپەکە هێور بۆتەوە و زۆر بە جوانی دەڕوا.

پاش سااڵێک کەچەڵی دووگیان بوو و بەم هۆیە کە قینی لە ئەسپە سپی هەڵگرتبوو، گوتی مەگیرانی بە جەرگ و دڵی ئەو ئەسپە دەکەم. هەر چەن میر هاواری هات و گوتی نابێ و ناکرێ و ئەوە ئەسپی منە و زۆرم پێ جوانە، سوودی نەبوو و ئەسپەکەیان کوشتەوە و جەرگ و دڵەکەیان دا بە کەچەڵێ.

دڵۆپێک لە خوێنی ئەسپەکە کەوتە سەر زەوی و بوو دار هەنارێکی جوان و پڕ بار، هەناری پێوە بوو هەر یەکێ بە قەرا تۆپێکی. کاتێک میر دەچووە بن دارەکە، هەنارێکی سوور و جوان دەکەوتە بەر پێی، بەڵام کاتێک کەچەڵێ دەچوو، هەنارەکە وە تەپڵی سەری دەکەوت. کەچەڵێ تێگەیشت ئەوە دەنکەهەنارە بووەتە دار هەنار و بیانووی گرت کە بۆمی ببڕنەوە و بۆ کورپەکەمی بکەنە لانکە. دارەکەیان بڕییەوە و لانکێکی جوانیان بۆ ساز کرد. کاتێک کۆرپەکەیان تێدەنا و میر ڕایدەژاند، منداڵەکە بە ئارامی خەوی لێدەکەوت، بەڵام کە دایکی ڕایدەژاند. زیقە و گریانی دەگەیشتە ئاسمان. کەچەڵێ قینی هەستا و لانکەکەی سووتاند.

لەتێک لە داری لانکەکە کەوتە نێو چۆم و لەگەڵ ئاوی ڕووبار ڕۆیشتە خوارێ و گەیشتە گوندێکی نیزیک ئەوێ و چووە حەوشەی مااڵی پیرێژنێکی بێکەس کە مااڵێکی شێرپێوی هەبوو. ئەگە پیرێژن وەدەر دەکەوت، دەنکەهەنار دەهاتە دەر و مااڵەکەی بۆ پاک و خاوێن دەکردەوە. مانگێک هەر ئاوا بە سەر چوو. ڕۆژێک پیرێژن بە سەرسووڕمای گوتی: «تو خودا خۆتم پێنیشان بدە تا بزانم تۆ کێی؟» دەنکەهەنارە هاتە دەرێ و هەموو بەسەرهاتی خۆی وردە وردە بۆ پیرێژن گێڕاوە و بوو بە کچی ئەو.

ڕۆژێک میر هاتە ئەو ئاوایی‌یە و لەگەڵ خەڵکی وێ مێشێنی دەکرد. مەڕمەڕەکەی کەوتە نێو مااڵی پیرێژنە. دەنکەهەنار هەڵیگرتەوە و دایە دەستی میر. کاتێک میر چاوی بە دەنکە هەنار کەوت، یەک دڵ نا سەد دڵ ئاشقی بوو و هێز و تاقەتی لێهەڵگیرا و داوای لە پیرێژن کرد ئەو کچەی بدا بەو. هەر چەن پیرێژن پێی ناخۆش بوو بەڵام لە ناچاریان پێشکەشی کرد. دەنکەهەنار هەموو بەسەرهاتەکەی خۆی بۆ میر گێڕاوە. میر کە زۆری قین لە کەچەڵی بوو، بە بیستنی ئەو بەسەرهاتە زیاتریشی خۆشی لە دەنکەهەنار هات. ئەو جاو ژنەکەی واتا کەچەڵی تەڵاق دا و دەنکە هەناری لە خۆی مارە کرد و حەوت شەو و حەوت ڕۆژی شایە بۆ کرد و خەڵکێکی زۆریشی نان دا.

چیرۆک: فۆلکلۆر

گوڵاڵە ستاوەند

ئەو حەقایەتەی کە دەمهەوێ بۆتان باس بکەم حەقایەتێکە کە هەموو کات هەبۆ و هەیە و دەبێ. ئەمن ئەوەم لە خۆم، لە خۆت، لە دایکەکانمان، لە هەمووان بیستووە و هەموومان دەیزانین. تەنانەت لە دارەکان، باڵندەکان، خەزەندەکان، مێروولەکان و زەردەواڵەکانیشم بیستووە. بەڵام یەک جار پەپوولەپاییزەیەک لە هەمووان جوانتر بۆی گێڕامەوە. ئەوەندە جوان دەتکوت هەوەڵ جارە دەیبیسم.

پەپوولەپاییزە وەهای کوت: هەر لەو نیزیکانە، لە نێو حەوزێکی بچکۆلانە بچکۆلەیەک دەژیا. حەوزەکە گەلێک چووکە بەڵام ئاوێکی خاوێن. نە هەتاو نە مانگەشەو نە سەرما و نە گەرما وەیدەکەوت. هەموو کات ئاوەکەی تازە بوو. فریشتە بە ئەرخەیانی مەلەی دەکرد. گەلێک شاد بوو لە قوڵایی دڵی پێدەکەنی دەنگی پێکەنینەکەی تا ئەولای کۆیستانەکان دەڕۆی. لە کۆیستانان بەفری سەر دوندان بەم پێکەنینە دەتوانەوە. کۆیستان بە ئاواتی دیتنی ساحێبی ئەو دەنگە بوو، ئەوە بۆی ببوو بە هیوا. هەموو ڕۆژێ بەفرەکان دەتوانەوە و لە باتان سەوز دەبوو، ڕۆژێک بە دوای ڕۆژێکی دیدا ڕێگا دەڕۆیشت. ڕۆژەکان زۆر ببوون، حەوز بۆ فریشتە چووکە ببوە؛ ئاخر بۆ خۆی نەیدەزانی گەورە دەبێ. ڕۆژێک کە دەڕۆیی و جێی بۆ ڕۆژی دی چۆل دەکرد پێش ڕۆیشتن زەمزەمەی بە گوێی فریشتەدا دەخوێند، بە سرتەسرت هەواڵی تازەی لە کۆیستان و باڵندەکان و هەتاو و گوڵ و پەپوولەکان. یەکێ لە ڕۆژەکان کە گەیشتێ بە گوێی فریشتەدا گۆرانێکی خوێند. زۆری پێخۆش بوو لە بەری کرد. هەموو کات لە بەر خۆیەوە دەیگوتەوە: (دونیا بە تۆوە جوانە) کاتێ کە ڕۆژەکان دەهاتن و دەڕۆیشتن. فریشتە لە هەر کامیان شتێک فێر دەبوو. تا ئەوەی کە ڕۆژێکی باش گەیشت. ڕۆژە باشەکە بۆ فریشتە دیارێکی هێنابوو. شمشاڵێکی. شمشاڵێکی سێحراوی. زۆری بە کەیفێ بوو. شمشاڵی بۆ لێوی برد. شمشاڵ دەستی کرد بە خوێندن. نەیدەزانی ئەو شمشاڵ لێدەدا یان شمشاڵەکە بۆ خۆی. دەنگی ئەوەندە بلاوێن و بەرز بوو. کە گەیشتە کۆیستانان. لەویش تێپەڕی گەیشتە ئەستێران ئەولاتر گەیشتە مانگ و هەتاو. بە دەنگی شمشاڵ دەتکوت هەموو شتێک وەجووڵە جووڵ دەکەوت. ئاسمان سەروو بن بوو بریسکەی لێدەدا، وڵات تاریک و ڕوون دەبوو. ئاوی نێو شەپۆلەکە وەشەپۆل سازکردن کەوت. وردە شەپۆلەکانی فریشتەی ئازار دەدا. هەناسەهەڵکێشانی بۆ چەتوون ببوو. نەیدەزانی چ قەوماوە. فریشتە لە هۆش چوو. کاتێ وەهۆش هاتەوە، چاوە جوانەکانی کردەوە دیتی لە دەشتێکە. دەشتێکی پڕ لە گوڵ. هەتاوی دیت کە خەریکە پێی پێدەکەنێ. هەتاو دەستی درێژ کرد و موو حەریرەکانی کە ڕژابوونە سەر چاوی بۆی لادەدا. مانگی دیت هاتە خوارێ و فریشتەی لە سەر دەستی دانا و بۆی بوو بە لانک و ڕای‌دەژاند. فریشتە بە شوێن شمشاڵەکەیدا دەگەڕا تا سوپاسی لێبکا. ئاخر ئەو بوو بەو دەنگە سێحراوییەی ئەوی هێنابوو ئێرە. فریشتە شادتر لە هەموو کات بوو بەڵام حەوز خەمبار. بێ فریشتە ئەو زۆر بەتاڵ بوو. پەپوولەپاییزە لە هەمووان جوانتر ئەو حەقایەتەی دەگێڕێتەوە. ئاخر ئەو زۆر دەگەڕێ و سەر لە هەموو شوێنێک دەدا.

زەینەب بابایی

وێڕای بابم بۆ وەرگرتنی کارنامەکەم وەڕێ کەوتین، دەفتەری قوتابخانە پڕ بوو لە قوتابی و دایک و باوکیان. زۆرم هەوڵ دابوو. دووهەمی ناوەندی بووم. بەڕاستی سەخت بوو، بەڵام دڵنیا بووم جگە لە وەیکە وڵامی تێکۆشانەکانم دەبینمەوە، دایک و باوکیشم دڵشاد دەکەم...

بەرپرسی قوتابخانە بەبزەوە کوتی: بارەقەڵا، بژی. چاوێکی لە باوکم کرد و کارنامەکەی دایە دەستی و کوتی: جێی ڕێزە، تکایە ئێرەش ئیمزا بکەن...

بابم کارنامەکەی وەرگرتوو، لەناکاو گووشییەکەی زەنگی لیدا ــ ئەلۆ... لە کوێی پیاوی باش. ئەو گووشییەت بۆ کوژاندۆتەوە، چەن ڕۆژە بەردەوام ژومارەکەت دەگرم.

هەروا کە بە تووڕەیی قسەی دەکرد کارنامەکەی بە دەستێکی گرتبوو، گووشییەکەشی بە لاشانێوە ڕاگرتبوو و خەریک بوو لەگەڵ کابرای قسەی دەکرد و بە دەستەکەی تریشی، دەفتەرەکەی ئیمزا کرد. دواتر هەر بە ئاماژەی سەری ماڵئاوایی لە بەرپرسەکە خواست و بەرپرسیش لە بەری هەستا و بەڕێی کردین. بابیشم کە گووشییەکەی بە گوێیەوە نابوو، دەستی لەگەڵ داوە و خێرا هاتە دەرێ، کارنامەکەی کە ئێستا چاوی لێنەکردبوو، دای بە دەستم... بە تووڕەیی کابرای دەدواند. ـ دەیجا، بۆ ئەمن گرفتم نییە؟ کارم بەوە نییە. سبەی لە بانکێ چەکەکەت ورد نەبێتەوە هەر لە وێ بەرگەشتی لێدەدەم.

گێژ ببووم، کارنامەکەم زۆر باشە! ئەی بۆ بابم چاوی لێناکا؟!

گووشی بە دەست، ماشێنەکەی هەڵکرد و بەرەو ماڵ وەڕێ کەوت. بە دەنگی بەرزەوە دەیگوت : ئەگەر دنیاش خرا بێ. ڕۆژێکی ترت لە سەر

ڕاناوەستم، ئەوە خۆم بۆ قڕانێک سەوزەڵەی دەڵێم... سەر و گوێلاکم لە قەرزێ دایە...
بیرم لەوە کردەوە، بابم دوێنێ شەوێ بە دایکمی دەکوت. لەو یەک دوو ڕۆژەیدا سەمەندەکەی دەگۆڕمەوە بە پڕادۆ... ئەدی ئەگەر بۆ قڕانێکی مەحتەڵە، چۆن ماشێنەکەی دەگۆڕێتەوە.. بابە چاوت لێیە هەموو نمرەکانم باشن... دمی لێ خێچ و خوار کردم و بە ڕووخساری گرژەوە کوتی: سەبر کە جارێ ...
بێدەنگ بووم.. ئیدی هەر تووڕە دواندنەکەی بابم دەبیست. هۆشم چوو لای دایکم: داخوا دایکم چەندی پێخۆش دەبێ. دڵنیام خەڵاتیشم دەداتێ. بابم لە ماشێنەکەی هاتە خوارێ، بەردەوام لەگەڵ گووشییەکەشی قسەی دەکرد. بە دەستەکەی تری کلیلەکانی دەرهێنا و دەرکەی بۆ کردمەوە.. لە ئایفۆنەکەوە دەنگی دایکم بیست ــ کەماڵ، ڕاوەستە، مەڕۆ، کارم پێتە. بابم دیسان ڕووخساری گرژ کردەوە و بە ئایفۆنەکەدا کوتی: خانم هەزار کارم هەیە، دواتر دێمەوە... بە چەن چرکەیەک دایکم گەیشتە بن دەرکەی. قوتوویەکی سووری لە دەستدا بوو و کوتی: ئەو ملوانکەیەم نەقیمێکی کەوتووە، عەیبە! ئەوشۆ چۆن ئاوا بۆ داوەتێ تێی بکەم؟
بابم پڕ بە گووشییەکەی دەنگی بەرز کرد و کوتی: کارم بەو قسانە نییە سبەی دەتکەمە پووڵ؛ تەق گووشییەکەی داخست و کوتی: ئەرێ دەڵێی چی خانم؟ نازانی قەرارم هەیە و ئێستا ئەندازیار چاوەڕوانمە... دایکم کوتی: ئەی من چ بکەم چۆن ئەو نەقیمەی لێدەمەوە؟ ئاوا بچمە داوەتێ؟ بابم سەرێکی لێڕاوەشاند و چاوێکی لە کاتژمێرەکەی کرد. زوو ساز بە، تاکوو زێڕپینگەرێکت دەبەم بەڵام نایەمەوە لە دوات. ناگەمێ... دایکم هەڵاتە ژوورێ کە خۆی ساز کا. بە دوایدا هەڵاتم کارنامەکەم هەڵێنا پێش دەموچاوی و کوتم چاو لەو نمرە چاکانە کە شاگردی یەکەم هاتوومەوە. دەتکوت تازە شتێکی وەبیر هاتۆتەوە، بەپەلە، بێئەوەی کە کارنامەکەم چاو لێبکا، ماچێکی کردم و کوتی: بارەقەڵا ئەگە هاتمەوە چاوی لێدەکەم. بڕۆ بۆ لای پەریا، لە سەرێیە. بە پەلە ڕۆیشت، شەقەی دەرگای دەرێم بیست کە داخرا.
بە بێوازی لە سەر مۆبلّەکە دانیشتم، کارنامەکەم هەر وا بە دەستەوە بوو... پەریا لە پلیکانەکانی سەرێ، دەهاتە خوارێ کە کوتی: چ بۆ ئەوە؟ بۆ وا مات و دڵگیری؟ بەڵەمەکانت لە ناو ئاودا نووقم بوون یان خوای نەخواستە بەفر باریوە و نومرەکانت لە ژێر بەفردا تواونەتەوە و بوون بە سیفر.
ئەوەندە بێتاقەت بووم تەنانەت هێزم نەبوو ولّامیشی بدەمەوە، نووشتاندمەوە و خستمە ناو گیرفانم.
لە ناخی خۆمدا کوتم: خۆزگە تۆزێ زیاتر لە لای بەرپرسی قوتابخانە مابایەوە.
هەر لە سەر مۆبلّەکە ڕاکشام و خەوم لێکەوت. بە دەنگی دایکم وەخەبەر هاتم ــ هەستە پووپا نانەکەت بخۆ و وێڕای بابت بچۆ جوانکاری و وەرەوە حەمامێکی بکە با بۆ شەوێ پاکوخاوێن بی.
کارنامەکەم هاتەوە بیر و کوتم هەر ئێستا لە کاتی نان خواردندا پێیان نیشان دەدەم. لە گیرفانم دەرهێنا و لە سەر مێزەکەی، لە تەنیشت دەورێکەم دانا. بەڵکوو دایکیشم بێ و پێشانیان دەم. دایکم هات و دانیشت کە لەناکاو وەبیری هاتەوە. پووپا هەستە، هەستە بڕۆ لیباسەکانت بگۆڕە و دەست و دەموچاوت بشۆ ئێنجا وەرە نانی بخۆ.
هەر کە ویستم هەستم، دەستم وە لیوانی نووشابەکە کەوت و سەرەتا بە سەر کارنامەکەم داڕژا و دوایەش بە سەر مێزەکە.
بابم کوتی: هەک ماڵتە. قەت وابۆ شتێکی نەڕێژی. دایکم بە بۆڵەبۆڵ چوو پەڕوێەکی بێنێ لەبەر خۆیەوە دەیکوت: ماڵت نەشێوێ پووپا، ئاە! ئەو پەرە چێ؟ بۆ چرکەیەک دڵم خۆش بوو- کوتم ئێستا کە چاو لە کارنامەکەم بکەن، نووشابە و چەک و ماشێن و گەردەنییان لە بیر دەچێتەوە ــ کوتم: کارنامەکەمە!
دایکم کوتی: هەستە بیبە لە بەر تاوێ هەڵی بخە با وێشک بێتەوە. ماڵت خەرا نەبێ، عەقڵت نییە ئەوە کارنامەیە و پێویستە ئاگاداری لێبکەی. گریان وەک پۆلووی ئاوری لە ئەوکەدا دەبرژاوە، بە دەنگێکی بەرزەوە وتم: ئەمن دەزانم ئەوە کارنامەیە، بەڵام...
هەستام و کارنامەکەم کە لە نووشابەیدا خووسا بوو دەدەستمدا گڕمۆڵەم کرد و بۆ لای حەسارێ وەرێکەوتم بێئەوەیکە بزانن دەرکەی کۆڵانێم کردەوە و فڕێم دایە کۆڵان...
گووشی باوکم دیسان زەنگی خوارد.

فیلمنامه

هەواڵنامەی کتێب



Anti life دژە ژیان
ڕامان مەحموودی

ڕامان مەحموودی

پلان سێکانسی یەکەم: ژوورەوە

کامێرا لە جەنگەی جوولّەی ئەستوونیدا، ڕووبەری دالّانێک پێشان دەدات و لە درێژەی ئەو جوولّەیەدا ڕووبەری دیوێک دەبیندرێ. ژنێک خەریکی هەنگاو هەلّێنانەوە لە ڕووبەری دیوەکەدا. کامێرا ڕاوەستەیەک دەکات. لە نێوەڕاستی دیوەکەدا ژن دەوێستێ و لە نمایەکی مامناوەند، لە دەربیجەدا ئامادە دەبێت. سەروسەکوتی ڕێکوپێک دەکات و لە کاتژمێرەکەی دەستی ڕادەمێنێ. نمایەکی داخراو لە کاتژمێرەکەی دەستی هەلّدەگیرێتەوە. ژن بە پتە لە کاتژمێرەکەی دەستی دەدات و لە نمایەکی مامناوەندا چەند هەنگاو بەرەو پێش هەلّدێنێتەوە و لە کاتێکدا کە پشتی لە کامێرایە، لە دەربیجە دەڕواتە دەرێ. کامێرا بەپێچەوانەی جوولّەی ژن، ڕێگا دەگرێتە بەر. دەگاتە لاوێکی زەردەهەلّگەڕاو کە هەلّتروشکاوە و پالّی داوەتە دیواری دیوەکە و دەست لە قامکەکانی لاقی وەردەدات. کامێرا نزیکتر دەبێتەوە و لە نمایەکی داخراودا، قامکەکانی لاقی گەنج پێشان دەدرێت. کامێرا بە لە سەرەخۆیی لە لاقی دوور دەبێتەوە. لە نمایەکی مامناوەند، گەنج لە دەربیجەدا ئامادە دەبێت. کامێرا ڕاوەستەیەک دەکات. لاوەکە دەست تێوەردانی قامکەکانی وەلا دەنێت و لە چوارچێوەی دەرگای دیوەکە ڕادەمێنێ. گەنج لە دەربیجەدا بزر دەبێت. کامێرا نمایەکی داخراو لە چوارچێوەی دەرکە هەلّدەگرێتەوە و دوای ڕاوەستەیەک لە دەرکە تێپەڕ دەبێت، لەگەلّ لانگشاتێک لە دیوەکە و ژنێک کە خەریکە لە کەشەوە،جل دەردێنێت و تاوتاوەش دەست بە سەروسەکوتی دادێنێ. کات.

پلان سێکانسی دووهەم: دەرەوە

کامێرا لە جەنگەی جوولّەی ئەستوونیدا ڕووبەری هاموشۆگای ڕێبواران پێشان دەدات و لە درێژەی ئەو جوولّەیە، لە نمایەکی داخراودا، جوولّەی لاقەکانی کچێک پێشان دەدرێت. کامێرا لە جوولّەی لاقەکانی کچدا ڕاوەستەیەک دەکات و کچ لە دەربیجە دەڕواتە دەرێ. کامێرا دوای ڕاوەستەیەک لەسەر ڕووبەری هاموشۆگای ڕێبواران دەگەڕێتەوە دوایە و لە نمایەکی مامناوەند، بۆتکەی پاسەوانی و سەربازێک کە لە نێو بۆتکەدا وێستاوە و چاوی لە پێش خۆی بڕیوە پێشان دەدرێت. کامێرا چاوەکانی سەربازەکە پێشان دەدات و دوای ڕاوەستەیەک ئەو جار بە پەلە لە چاوەکانی سەرباز و خودی سەرباز و ئەو بۆتکەتەیدا ڕاوەستاوە، دوور دەکەوێتەوە. کامێرا سەر لە نوێ ڕووبەری هاموشۆگای ڕێبواران پێشان دەدات. جوولّەی لاقەکانی پیاوێک دێتە نێو دەربیجە. کامێرا ڕاوەستەیەک دەکات. پیاوەکە لە دەربیجە دەڕواتە دەرێ. دیسان کامێرا دەگەڕێتەوە دوایە و سەربازەکە پێشان دەدات کە لە پشت نەردەکانی کۆتایی بۆتکەی پاسەوانی ڕاوەستاوە و دەستێک لەو بەری نەردەکانڕا جغارەی بەرەو ڕادەدێرێ و سەرباز جغارەکەی وەردەگرێ. هەر ئەو دەستانەش فەندەکی هەلّدەکات و لە سەربازەکەی نزیک دەکاتەوە. سەرباز جغارەکەی داگیرساند و دەستێکی بە نیشانەی سپاس لەو دەستە دا کە فەندەکەکەی بۆ هەلّکردبوو. دوای ئەوەی کە سەرباز دوو مژ لە جغارەکەی دەدات کامێرا هەر ئەو جوولّە بە پەلەی پێشێ دووپات دەکاتەوە و لە سەرباز و نەردەکان دوور دەکەوێتەوە.

لە نمایەکی مامناوەندا کامێرا ڕووبەری هاموشۆگای ڕێبواران هەلّدەگرێتەوە و لەسەر یەکێک لە موزاییکەکانی هاموشۆگا ڕاوەستە دەکات. لاقەکانی ژنێک دێتە نێو دەربیجە و لە کاتی ڕۆیشتندا لە دەربیجە دەڕواتە دەرێ. کات.

پلان سێکانسی سێهەم: ژوورەوە

کامێرا لە جەنگەی جوولّەی ئەستوونیدا ڕووبەری هۆلّێک پێشان دەدات و لە درێژەی ئەو جوولّەیە لە نمایەکی داخراودا، لاقی چەند گەنج دەبیندرێت. کامێرا بە شێوازی هاوتەریب، لە بەرامبەری لاقەکاندا دەڕوا و دەگاتە دەرکەیەکی گاڵەدراو. دەوێستێ. دەنگێکی نەناس لە دیوە داخراوەکەڕا: تەمەن ۲۰، باڵا ۱۸۰، کێش۷۵، تەمەن ۲۰، باڵا ۱۸۰، کێش۷۵.

لە نمایەکی لانگشاتدا ڕێزێکی ڕێکوپێک لە گەنجان و پیاوێک کە لە پشت کامێرا خەریکی وێنەگرتنە. پیاوەکە بزەیەکی لەسەر لێوە و بە دەست، هەندێک ئاماژە دەکات. ئەو جار لە کامێراکەی دوور دەکەوێتەوە و دەچێتە نێو ڕیزەکە. چۆنییەتی ڕاوەستانی گەنجەکان شی دەکاتەوە. دیسان دەچێتەوە پشت کامێراکەی و خەریکی وێنەکێشان دەبێتەوە. کامێرا لەو گەنجەی لە سەرەتای ڕیزەکە ڕاوەستاوە نمایەکی مامناوەند هەلّدەگرێتەوە. گەنجەکە لەگەلّ بزەیەکی نائاسایی، دەست ڕادەوەشێنێ. کامێرا لە دەرکە و ئەو لاوەی لە پێش دەرکە ڕاوەستاوە، دوور دەبێتەوە و دواتر لە نمایەکی داخراودا، دەسگیرەی دەرکە پێشان دەدرێت. دەرکە لە نمای داخراو دێتە دەر و دواتر لە نمایەکی مامناوەندا دوو ژن لە دیوەکە بە هێوری دێنە دەرێ و پیاوێکی بەسالّاچوو لەسەر ویلچێر پالّ پێوە دەنێن.(پیاوی بەسالّاچووی سەر ویلچێر، کۆت و شالّواری لە بەر دایە و کراواتی لێداوە). دەنگی چەپڵەلێدان لە هۆلّەکەدا بلّاو دەبێتەوە و بزەیەک لەسەر لێوی هەر دوو ژنەکە دەنیشێ. دواتر ڕیزێکی ناڕێکی لاوان کە خەریکی چەپڵەلێدانن، پێشان دەدرێت و پیاوە وێنەکێشەکە پایەی کامێراکەی دەگوێزێتەوە و خەریکی وێنەکێشانە. کات .

پلان سێکانسی چوارەم: دەرەوە

پێشاندانی بۆتکەی پاسەوانی و ئەو نەردانەی کە لە درێژەی بۆتکەی پاسەوانیدا هەڵکەوتوون و ئەو سەربازەی کە لە پشت نەردەکان ڕاوەستاوە و خەریکی داگیرساندنی جغارەیە. کامێرا لە نمای مامناوەند دێتە دەر و لانگشتانێک لە ژن و پیاوێکی بەسالاچوو لەسەر ویلچێر و سەربازێک کە خەریکە مژی ناڕێک لە جغارەکەی دەدات. ژن و پیاوەکەی سەر ویلچێر لە بەرامبەر نیگای تێڕاماوی سەرباز لە دەربیجە دەچنە دەرێ. کات.

پلان سێکانسی پێنجەم: ژوورەوە

کامێرا لە جەنگەی جوولّەی ئەستوونیدا ڕووبەری دیوێک پێشان دەدات و لە درێژەی ئەو جوولّەیە لە نمایەکی مامناوەنددا چوارچێوەی دەرگا و ئەو پلیکانانەی لەگەڵ دەرگا تێکەڵ دەبنەوە و ژنێک کە خەریکە ویلچێرێک لە پلیکانەکان وەسەر دەخات، دەبیندرێ. کات.

پلان سێکانسی شەشەم: دەرەوە

سەربازێک لە پشت نەردەکان وێستاوە و لەگەڵ ئەو پیاوەی لە پێش نەردەکانە، هەر دووکیان لە نمایەکی مامناوەنددا دەبیندرێن.

سەرباز: بە ئەرک نەبێ، دەتوانی جغارەیەکم دەیەی. فەندەکم پێنییە، دەتوانی بۆشم هەڵکەی. ئەو پیاوەی لە پێش نەردەکان وێستاوە، بێئەوەی متەقی بێت، دەست بۆ گیرفانی دەبا و جغارەیەک دەردێنێ و دەیدات بە سەرباز.

۱ ــ دەربیجە: کادر

۲ ــ هاموشۆگای ڕێبواران: پیادەڕو

۳ ــ ئەو بابەتە بۆ گونجان لەگەڵ زمانی «بەرهەم» لە لایان «غەفوور پیرزادە» لە فارسییەوە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی.

هەواڵنامەی کتێب

وەرگێڕان



سێ کاتژمێر، بیستودوو خولەک بۆ بەیانی
ئەحمەد شاملوو
وەرگێڕان لە فارسییەوە: غەفوور پیرزادە



کۆنە جیهان
چارڵز سیمیک
وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە: عەلی حسەینی

ئەحمەد شاملوو
وەرگێڕان لە فارسییەوە: غەفوور پیرزادە

لانیکەم بۆ خۆم، وەک ڕۆژ ڕوونە کە ئەوەی سرنجی منی بۆ هاتنەژووری وان ڕاکشا، شتێکی ئاسایی ـ وەک بیستنی دەنگی لاقیان ـ نەبوو، یانی کاتێک هەستم کرد لەو دیوەدا جگە لە من کەسانێکی تریشی لێیە، زوو سەرم هەڵێنا و ئەوانم دیت کە هەر سێکیان بە ئەرخەیانییەکی تەواو لەسەر مۆبڵەکان دانیشتوون.

نا، نە دەنگی هەنگاوکانیانم بیستبوو، وە نە ئەو دەنگەدەنگەی کە لەوانە بوو لە کورسییەکانیان هێنابێت و لە هاتنەژووریان ئاگادار ببوومەوە. تەنیا بەهۆی شێواوێکی تووندی دەروونی، ئامادەبوونیانم هەست پێکردبوو. وە کاتێک چاوم پێیان کەوت، ((بەشکم)) ماوەیەک لە هاتنەژووریان تێپەڕ ببوو. لەخۆڕا بە خۆم کووت: ((ئاخری هاتن)) و ئەو هایدارییە ئاشکرایەی کە لەو ڕستەیەدا بوو خۆشمی تووشی سەرسووڕمان کرد، چوونکە بێجگە لەوەی هیچ کامیانم ناس نەدەکرد و پێشتر نەمبینیبوون، هەر ئەوێ شەوێ چاوەڕوانی کەسیش نەبووم و ئەو ڕستەی ((ئاخری هاتن)) [کە کووتنەکەی، زارمی لە تامی تاڵی ((کار لە کار ترازا))یەکی ئاشنا لێوڕێژ کرد] خۆمی لە خۆم وە شک خست. لە خۆمدا هەستم بە جۆرێک گێچەڵ، جۆرێک دوو کەسێتی کرد. سروشتێکی تەژی لە گومانم تێدا ساز درا. وەک ئەو کاتەی کە گەمارۆدراوانی ئەتۆی قەڵایەکی چکۆڵە هەست بە سیخوڕێک لە نێو خۆیاندا دەکەن. یا لەبەر شەرمێونیان و [بەو هۆیەی پێشتر زۆریان بیر لە ئەگەرەکان و پێشهاتە چاوەڕوانەکراوەکان نەکردبۆوە] و یا لەبەر تەما تایبەتییەکەیان ـ دوای ڕاهێنانێکی فرە ـ هەر جۆرێک بێ، هیچ کامیان ئەو پرسیارەیان لا ساز نەبوو، هەتا بزانن لەو کاتەی شەودا بەدیتنی لەپڕپڕای وان ـ بەهۆی ترس یا سەرسووڕمان ـ تووشی چ دۆخێک دەبم. ئەویش بەتایبەت لەو شوێنەدا کە دزەکردن بۆ نێوی نەلواو بوو، مەگەر لە دەرگای مەزنی دەرەوە بدەن و لە شەقامی خیزڕێژکراوی باخ تێپەڕ بن و بە یارمەتی باخەوان لە مەترسی هێرشی ئەو سەگە درانەی بە شەو لە دەوروبەری باڵەخانەکەدا کێشک دەکێشن قووتار بن و لە پلیکانی بەرینی پێش خانووبەرەکە سەر کەون و دەرگای بەر هەیوان ـ ئەگەر گاڵە نەدرابێت ـ بکەنەوە و دالانی درێژی لای ڕاستی باڵەخانەکە تێپەڕ بکەن. (بە خۆم کووت: لە بیرم بێ سبەینێ بڵێم بێن هەتا پەردووەکانی ڕووبەڕی دالان چاکەنەوە. چوونکە ئەوڕۆ ئیتر جیرجیرەکەی لە نێو بەرهەیوانەکەش ڕادەبیسرێ). نا! هیچ کامیان ئەو پرسیارەیان لا ساز نەبوو هەتا بزانن بە دیتنی لە نەکاوی ئەوان، لەو ناوەختەدا تووشی چ دۆخێک دەبم. یەکیان مژی لە جغارەکەی دەدا و چاوی لەو بازنەی دووکەڵە بوو کە لە هەوادا دەسوڕا و هێور هێور وەک ڕیسی ئاوریشم لەبەر یەک دەکراوە.

((ـ یانی دوای هاتنە نێو ژوورەکە و دانیشتن لەسەر مۆبڵەکە ئەو جغارەی داگیرساندووە؟))

((ـ ئەی چۆن بووە کە دەنگی شەمچە هەڵکردنەکەیم نەبیستووە؟)) ئەوەی تر، هەر وا کە لە میچی سپی ژوورەکە ڕامابوو بە قامکەکانی دەستی، لەسەر جێ دەستی ئەو مۆبڵەی لەسەری دانیشتبوو ئاوازێکی خێرا و تەکووژی والسێکی دەکووتا. ((ـــ مێشکی خەریکە دەتەقێ))

((ـ لەوانەیە)) ((ـ شتی وا هەر نابێ!)). یەکیشیان زۆر پیس خەریکی خوێندنەوەی ڕۆژنامەی ئێوارە بوو. ((ـــ هەتی خزمەتکارەکەش لە مااڵ نییە.)) ((ـ زانیویانە ئەو لە مااڵ نییە؟)) ((ـ بە ئەرخەیانی زانیویانە)). بە دیتنی ڕۆژنامەکە، زانیم خزمەتکارەکە لە مااڵ نییە. کاتێک کە خەریک بوو دەڕۆیشت، لە نێو ڕاستی دالانەکەڕا گەڕاوە و لە بەر دەرکەڕا کووتی: ((ڕۆژنامەی ئێوارەم لەسەر مێزەکە داناوە، بەڵام کلیلی دالانەکە بە منە. ئەڕێ ئێوە کلیلەکەی خۆتان پێیە؟)) گیرفانم گەڕام. کلیلەکەی تێدا بوو، پێکەنیم و وەک وڵام کلیلەکەم پێشان دا. کووتی: ((لەسەر ئیزنتان گەورەم)) و ڕۆیشت. ژنەکەی زابوو.((نەفرەتی! هەتا سبەینێ ئێوارێش ناگەڕێتەوە!)) هیچ کام لە وان نیگا و تێڕامانی منیان بە هەند وەرنەگرت....

لەپڕ ئەو بیرۆکەیەم لا ساز بوو کە هەر خۆم چاوەڕوانیان بووم.((ـ بەڵام ئەو ڕێزدارانەم نایەتەوە بیر!))

((ـ دەگەر وایە دەبێ دز بن...)) و ((ـ لەوانەیە کەمێکیش شێت... بێجگە لە وانە، ئەو بەڕێزانە وەک هەموو شتێک دەچن جگە لە دز!))

((ـــ بۆچ بە سەریاندا نەگووڕڕێنم و هۆی ئەو وەژوور کەوتنە گوومانامێزەیان لێنەپرسم؟)) سەرشۆڕی وڵامدانەوەی ئەو پرسیارەم وەبەر خۆم نەخست و ئەو وڵامەی حازر و ئامادە لە باغەڵمدا بوو، دەرم نەهێنا. ((ـــ دیار بوو کە ئەگەر شتێکم لێ پرسیبان، وڵامێکی وەهایان نەدەدامەوە و لە ئاکامدا لەوانە بوو زۆرتر تووڕە بم، وەخۆ کەوم و قسەیەکی ناحەزیان پێبڵێم یا شتێکیان ڕێ هاڵێنم کە نیشانەی سووکایەتی بێت و بەو کارەم بیانوویەکی لەباریان بدەمە دەست [ئەمن لەو بەری، لە پشت مێزی ئیشکردنەکەم دانیشتبووم و لە پەنا ئەو پەڕتووکە دەسنووسەی خەریک بووم هێندێک گۆڕانکاریم تێدا ساز دەکرد، هێندێک تووێکڵی سێو و نێوکی قۆخ و قوونچکە جغارەی لێبوو]. پێداگرانە تەمام گرت کە هەر کات نیگام لە نیگای یەکیان هەڵەنگووت. زەردەخەنەیەکم بێتێ و لەوەی کە لە وەژوورکەوتنی ئەوان ئاگادار نەبوومەوە

داوای لێبووردن بکەم و هەروەها بڵێم ئەگەر ئیشتیایان لە چا یان قاوەیە دەتوانم بەزووترین کات بۆیان ساز بکەم. هەر لە بەر ئەو مەبەستە، بە دەنگێکی بەرز و جێگای سرنج کۆخیم. سەرم بەرز کردەوە و ئانیشکەکانم لەسەر مێزەکە دانا. بەڵام سێ پیاوەکە لەو دۆخەی تێیدا بوون دەرنەکەوتن، تەنیا ئەو پیاوەی شەڵاڵی خوێندنەوە بوو لاپەڕەیەکی ڕۆژنامەکەی هەڵداوە. سەرم دانواند و لە خۆڕا وامدەرخست کە لە ئەو پەڕی خەمساردیدا خەریکی ئیشی خۆمم و گوێم بە بەشداری وان نابزوێ و بە هیچ شێوەیەک هەست بە پەژارە ناکەم و زێدەباری وانەش ئەگەر ئەو بەڕێزانە بە هەڵە وادەزانن بەو گاڵتە بێمانایە دەتوانن تۆسقاڵێک گیروگرفتم بۆ ساز بکەن، ئەرخەیان بن بە بێچەنەلێدان گەمژەترین مرۆڤەکانی سەر گۆی زەوین. ئەگەرچی ئێستا خەریکم بە شێوازێکی نا ئاشکرا ئەو وتارەی ئاراستەی بەڕێزان دەکەم بەڵام دەتوانن ئەرخەیان بن کە لەو ئاراستەکردنەدا، بە هەر جۆرێک بێ، جگە لە ئەو پەڕی بوێری و مەردئازایی پاڵنەرێکم نییە و ئامادەم لە بەرامبەر خۆیاندا دەنگ هەڵێنم و بێ هیچ دوو دڵییەک بڵێم: کە سێ گۆشەی ئەو بەڕێزانە، سێ گۆشەی گەمژەترین مرۆڤەکانی جیهانە و تەنانەت دەتوانم بزیقێنم و بڵێم ئەوە بەهێزترین بڕوایە کە تا ئەو کاتژمێرە لە تەمەن توانیومە هەم بێ...

بەو هۆیە دوو گنجی پڕ ڕەنگم بە پەنا کوولّمەکانمدا دا و نەخشی کز و لاوازی بزەیەکم لەسەر لێو نەخشاند، بەڵام بۆ خۆم باشتر دەمزانی کە بەڕپرسیاری فریودانی کێم و خۆم چاکتر دەمزانی کە لەو بوێر ــ نوێنییە زێهنییەدا چ فەرموودانێکی ترسنۆکانە و بەتایبەت چ خۆبواردنێکی سیاسەتمەدارانەی لە جۆری ((بیانوو دانە دەست))ی تێدا نووستووە. لێوەکانم کە بەو هەموو بە قەستی پێکەنینە پشکووتبوو، وەک لفکەیەک کە جیریان تێ هەڵکێشابێ، خڕ بۆوە. لە بن خۆمەوە چاوێکم لە دیوار کرد: سێ کاتژمێر و بیستودوو خولەکی مابوو بۆ بەیانی. بیرم کردەوە: ((ــ حەتمەن ئاگادار بوونە کە ئەمشەو خزمەتکارەکە دەچێت بۆ پشوودان)) ((ــ تەنیا ئەگەر دەکرا بە شێوازێک لە مەبەستیان تێبگەم)). بەڵام ڕوالّەتیان ئەو هیوایەی بە پیاو نەدەبەخشی کە ئاخری بە تەما بن ــ ئیدی یا کاتژمێرێک یا هەر کاتێکی تر ــ بە قەدرا وشەیەک بئاخەفن. ((ــ بە نەفرەت بووانە، نەفرەتیانە تەنیا ئەگەر وشەیەکیان دەهاتە سەر زار)) ((ــ چلۆنە دەربار بم؟))((ــ چلۆنە لە نەکاو دەرپەڕم و دەرکەی بکەمەوە و هاوار بکەم؟ یا چلۆنە سەر دەسوێیە بنێم و دوای یارمەتی بکەم؟)) بەڵام ئەوەندە متمانە بە خۆبوونیان پێوە دیار بوو وە، ئەوەندە بە سەر خۆیاندا زاڵ بوون! بۆ چارەڕەشیان بە چاولێکردنی جلەکانیشیان هیچ شتێک وەدیار نەدەکەوت: هێندێک مرۆڤ هەن کە بۆ تێرکردنی تەماح و ئیشتیاکانیان ئەرکگەلێکی گەلێک گرینگ وەک ئەرکە هەستیارەکانی ئایینی و نەتەوەیی و ئاکارمەند ساز دەدەن. بە ئەرخەیانی ئەوانە لەوان نین، چوونکە ئەوان هیچ کات بۆ خۆیان قۆڵ هەڵناماڵن و... هێندێک مرۆڤی تریش هەن کە ((لە برسان مردوون)) و بۆ تێرکردنی زگیان شتێکی لەو ((بەتەماحانە)) وەردەگرن و (لەبری ئەوەش بە زیتی ئەرک بەڕێوەبردنی خەڵکی تر چاوەدێری دەکەن). ئەوان لەو تاقمەش نەبوون. چوونکە مرۆڤەکانی نێو ئەو تاقمە نە تەنیا جلوبەرگیان لەگەڵ خەڵکی تر جیاوازە، بەڵکوو ئەگەر بە ڕووتیش بگەڕێن، مرۆڤ دەتوانێ لە شێوەی ((چاو لە بنەوەبوونیان)) بیانناسێتەوە. ئەوان لەو تاقمەش نەبوون، ئەرخەیانم. ئەوان زاڵ و تێڕادیو،بە ئاسوودەیی دانیشتبوون و بێدەنگی و بێدەنگبوونیان تووشی بێدەرەتانی دەکردم. دەیانتوانی بە جموجۆڵێک یا فیشەکێک بمکووژن. دەیانتوانی بە ماوەیەکی کەم ماڵەکەی تێکەوە پێچن، یا ڕووتم کەن و بزر بن. ((ــ بەڵام ئەو چاوەڕوانییە مەرگهێنەرە و ئەو پشکنینە بێبەزەییانەی کە بە سەر مێشکمدا دەیانسەپاند، شتێکی تێکدەر بوو. شتێکی نەلواو بۆ خۆڕاگری و شتێکی ناپیاوانە بوو.)) کوتم: ((ــ بەڕێزان! دەتوانن بفەرموون کارێک هەیە کە بۆو جێبەجێ بکەم؟)) یەکێک لەوان چاوی لە کاتژمێرەکەی کرد و خۆی لەسەر مۆبڵەکە بە ئاسوودەیی بڵاو کردەوە و چاوی نووقاند. کوتم: ((ــ هیچ نەبێ پێویستە هۆشداری بدەمە بەڕێزان کە نەشێوازی وەڕوورکەوتنیانم لا پەسەندە و نە ئەو هەڵسوکەوتەی کە بە بێدەنگییەکەیان ڕەچاویان کردووە. دەتوانم سەبارەت بە شێوازی وەڕوور کەوتنیان هیچ شتێک نەڵێم و لە مەڕ ئەو کارە لێپرسینەوە نەکەم، بەڵام ئەو بێدەنگییە کە لە هێندێک بواردا بۆنی گاڵتەی لێنایەت و لەوانەیە ببێتە هۆی هێندێک خەراپ لێک تێگەیشتن و هێندێک خەسار وەبەر بێنێت، کە من بۆ پێشگرتن لە درێژدادڕی و بە ئەو پەڕی پەژارەوە لە باسکردنی هێندێک شت سەبارەت بەو دیاردەیە کە وێنەکانیشی لە نێو کۆمەڵدا یەکجار زۆرە خۆ دەپارێزم و هەر بەوەندە ڕازی دەبم کە سرنجی بەڕێزان بۆ ئەو ڕووداوە جێی پەژارانەی کە هەموو شەوێ لە ڕۆژنامەی شارەکەماندا دەیخوێنینەوە، ڕابکێشم. هەر چۆن بێت ئێستا بۆ بیستنی شیکردنەوەکەی ئێوە ئامادەم و هەر چۆن لە پێشووشدا ڕچەی من وەها بووە، بۆ لێکۆڵینەوەی زۆرتری پرسگرییەکان ــ کە بە ڕاستی لە ڕووداوی زۆرێک لە ڕووداوە دڵتەزێنەکان ڕێگری دەکات ــ لە پێشکەشکردنی کاتی پڕ نرخی خۆم کە بە بێهیچ خۆ بەکەمزانینێک دەتوانرێ بۆ خزمەتکارییەکانی پڕ نرخی کۆمەڵایەتی کەلکی لێوەرگیرێ، کەمتەرخەمی ناکەم)). وتاربێژییە زار ئاخنەکەی من هەڵوێستێکی لێنەکەوتەوە. هیچ شتێک نەقەوما و کەس ورتەی لێنەهات. هەڵبەت پێش لەوەی وتارەکەم تەواو کەم، ئەو واتایەم بۆ دەرکەوتبوو. ماوەیەکی درێژ چاوەڕوان مامەوە. جغارەیەکم داگیرساند و بێئیرادە کوژاندمەوە.

به خۆم کوت: ((جارزیان کردوومه)) سەر لە نوێ حەولم دا خەریکی پێداچوونەوە بە سەر پەرتووکە دەسنووسەکەمدا بم. بێئەوەی بیخوێنمەوە، دوو لاپەڕە، پێنج لاپەڕە، هەشت لاپەڕەی دەسنووسەکەم تێپەڕاند. ((هەموو قۆڕیاتن))، هەموو ڕەش کردەوە: ((گەمژانەیە، دەبێ ئەو بەشەی سەر لە نوێ بنووسمەوە.))بەتەواوی سرنجم خستە سەری. یانی لاسای کەسێکم کردەوە کە سرنجی بە تەواوی خستۆتە سەر ئیشێک. پێنووسەکەم هەڵگرت و خەریک بووم. بەڵام کاتێک هەویستم پێیاندا بچمەوە، شتگەلێکی وەک جەغزی بزماری لێکەوتبۆوە. ((ـ شێت بوومە)) پێنووسەکەم لە جێی خۆی داناوە. ((ـ بێئاکامە)). لەتێک لە تۆپکڵە سێوەکەم لە زارم نا و بە ددانی دامگرت، ئەو سووتووە جغارەی پێوەی نووسابوو تامی زارمی تاڵ کرد. بێئەوەی بیر لە ئامادەبوونی ئەوان بکەمەوە، تفم لەسەر حەرزی ڕۆ کرد. کوتم: ((ـ ئیتر هیچ کارێک ناکرێ)) کەڕەتێکی تر چاوم لە دیواری کرد. دیسان هەر سێ کاتژمێر و بیستودوو خولەکی مابوو بۆ بەیانی. ((ـ سەیرە! ئەو گەمژەیە بەو مۆڵەت وەرگرتنە ناوەختەی؛ کەڵەبابی بێوادە، لە بیری چووە کاتژمێرکەش لەسەر زەنگ دانێ)). جغارەیەکی تریشم دەرهێنا و بێئەوەی هەڵیکەم لە ژێر سیغارەکەدا پانم کردەوە. ((ـ بێئاکامە!)). لە پشت مێزەکەم هەستام و بەرەو دەرکەکە ڕۆیشتم و کووتم: ((ـ فەرموون بەڕێزان، دەخزمەتتان دام، با برۆین)). بە زۆری لە جێگاکانیان هەستان و پیلیان گرتم. لە دالآن و پلیکانەکە و شەقامی خیزڕێژکراوی پێش بالەخانەکە تێپەڕ بووین. سەگەکان لووراندیان، بەڵام نەهاتنە پێشێ.

کە گەیشتینە بەر دەرگای باغ، گەڕامەوە و چاوم لە بالآخانەکە کرد کوتم: ((ـ چراکە نەکووژاوەتەوە)).

سەرچاوە: دەرگاکان و دیواری گەورەی چین. کورتە نووسراوەکان، بلاڤگەی موروارید. چاپی چوارەم ۱۳۷۳ی هەتاوی ◖

کتێب